رووداو
RÛDAW
ژمارە (488) دووشەممە 2018/1/8 - 18ی بەفرانبار 2717 (750) دینار

## کورد 30 بەربژێری بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی سوید هەیە

**رووداو- ستۆکهۆڵم**

سوێد بەرەو هەردوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی و شارەوانییەکان دەڕوات و بەپێی بەدواداچوونی (رووداو)یش، بۆ هەردوو هەڵبژاردنەکە نزیکەی 30 کورد بەربژێرن.

بەپێی زانیارییەکان لە نێو هەردوو باڵی راست و چەپی پارتە دیارەکانی سوێد کە خاوەنی کورسیی پەرلەمانین، زیاتر لە 30 کورد بە نیازن خۆیان کاندید بکەن.

بەپێی ئاماری نافەرمیی هەڵبژاردنەکانی پێشوو، لەکۆی 150 هەزار کوردی سوێد، نزیکەی 50 هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەبووە، ئێستا ژمارەکە بۆ 70 هەزار دەنگدەری کورد بەرز بووەتەوە.

شەڕی داعش و گۆڕانکارییەکانیش هاوکێشەی نوێیان هێناوەتە ئارا. سەرهات ئامەد، چالاکی پارتی سۆسیال دیموکرات بەنیازە یەکێک لە بەربژێرەکان بێت، ئەگەر دەنگی ناوخۆی پارتەکەی بەدەستهێنا.

ئەو دەڵێت: "کورد بە بەراورد لەگەڵ فینلاندی و عەرەب، جالییەیەکی بچووکترە، بەڵام زۆر کاریگەرترە، بۆیە حیزبەکان چاویان لەسەریەتی".

11«

### حیزبەکان هاوپەیمانێتی دەخەنە دوای هەڵبژاردنەکانەوە
2

### 11 پەرلەمانتار چاویان لە شوێنەکەی یوسف محەممەدە
3

### ستراتفۆر: بەغدا ناکۆکیی نێوان لایەنە کوردییەکان قووڵتر دەکاتەوە
16

## مەلا بەختیار بۆ (رووداو):

# دەنگەکانی یەکێتی 10-15% کەم دەکات



5-4

16ی ئۆکتۆبەر کاریگەری لەسەر دەنگەکانی یەکێتی دەبێ

بەرهەمساڵح لە سێ کۆنگرەی یەکێتی بە تەزکیە دەرچووە

مەکتەبی سیاسی بە عەمەلی ماوە

ئابووری 8

### پرۆژەی قەرزی بچووک دەستپێدەکاتەوە



راپۆرت 7

### هەڵەبجە لە هەولێر پارێزگایە و لە بەغدا قەزایە

ژنان 12

### رۆمانەکەی سارا لە دانیمارک بەرناکەوێت




کۆمەڵایەتی 13

### پیاوێک دوو منداڵە نەخۆشەکەی فڕێدەدات



## لیژنەیەکی وردبینی لە بەغداوە سەردانی کوردستان دەکات

**رووداو- هەولێر**

بڕیارە لیژنەی تایبەت بە وردبینی مووچەی وەزارەتەکانی تەندروستی و پەروەردە سەردانی هەرێمی کوردستان بکات. بەپێی ڕاگەیێندراوی وەزارەتەکانی پەروەردە و تەندروستی، بەزووترین کات و لەڕێگەی لیژنەی هونەری تایبەت و بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی چاودێری دارایی عێراق دەست بە وردبینی لیستەکان دەکەن، دوای پێکهێنانی لیژنە لاوەکییەکانیش سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن. بەپێی زانیارییەکانی تۆڕی میدیایی رووداو، لیژنەکەی عێراق لەکاتی کۆبوونەوەکانی لەگەڵ نوێنەرانی هەرێمی کوردستان رایگەیاندووە، دوای وردبینیکردنی لیستەکان مووچەی مانگی 12ی فەرمانبەرانی هەردوو وەزارەت دەنێرن.



راپۆرتە هەواڵ
رووداو
ژمارە (488) - دووشەممە 2018/1/8

### مردووەکان بوون بە کێشەی هەڵبژاردن

# هاوپەیمانێتییەکان هەڵگیراون بۆ دوای هەڵبژاردن

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**



تاوەکو ئێستا حزبەکانی باشووری کوردستان نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتنێک بۆ دیاریکردنی رۆژی هەڵبژاردن. چونکە وەک یەکێک لە سەرکردەی پارتە ئیسلامییەکان دەڵێ ، دوو هۆکار وایان کردووە ئەمجارە ئاسان نەبێ حزبەکان لەسەر وادەی هەڵبژاردن بە ئاسانی رێکبکەون "گومان لە لیستی دەنگدەران و نزیکیی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە هەڵبژاردنەکەی کوردستانەوە". هەرچەندە بڕیارە لە هەفتەی داهاتوودا حکومەت و پەرلەمان وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان یەکلایی بکەنەوە، بەڵام بەپێی زانیارییەکان، بەشێک لە سەرکردایەتی یەکێتی رازی نین بەوەی پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدرێ.

خاوێنکردنەوەی تۆماری دەنگدەران، بووەتە داواکاریی زۆربەی ئەو حزبانەی دەیانەوێ بەشداریی ئەو هەڵبژاردنە پەرلەمانییە بکەن و پێشیانوایە بە پلەی یەکەم پارتی سوودمەندە لەوەی لیستی ناوی دەنگدەران خاوێن نەکرێتەوە. بەڵام بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێ " داواکارین کۆمسیۆن لیستی دەنگدەرانی کوردستان خاوێن بکاتەوە، ئەوە داواکاریی ئێمەشە و دەمانەوێ هەڵبژاردن زۆر بە خاوێنی ئەنجام بدرێ".

خەسرەو گۆران، رەتیدەکاتەوە ئەوان وەک پارتی داوایان کردبێ پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق هەڵبژاردن بکرێ و کاتیان بۆ هەڵبژاردن دیاری کردبێ "ئێمە گوتوومانە با حکومەت و پەرلەمان و کۆمسیۆن وادەکە دیاری بکەن، ئێمە کێشەمان لەگەڵ کات نییە و داوای هەڵبژاردن دەکەین".

هەڵبژاردن بووەتە تاکە دەرچەی رزگاربوون لەو قەیرانە سیاسییەی ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان پێیەوە دەتلێتەوە. چونکە دوای ئەنجامدانی گشتپرسی، پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا گەڕایەوە بۆ خاڵی سفر، بەڵام ئەوە لە دۆخێکدا بوو کە پەیوەندی نێوان لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستانیش تادێ بەرەو دواوە دەڕوات و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نێومالێکی تەواو پڕ لەدرز و ناکۆکییەوە لەبەردەم هەڕەشە و گەمارۆی سەختی بەغدادا وەستاوە.

هاوژین عومەر، بەڕێوەبەری دەزگای هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی، دەڵێ ئەوان کێشەی بنەڕەتییان لەگەڵ تۆماری دەنگدەران هەیە "ئەوەی ئێمە لێی تۆقیوین، لیستی دەنگدەرانە. چونکە ئێستا زانیاریمان هەیە کە ناوی مردووان و دووبارە و ساختەی زۆری تێدایە و بەو جۆرە هەڵبژاردنە نەخشەی سیاسی نوێ لە هەرێمی کوردستان نایەتە ئاراوە".

گوتیشی ئێمە وەک کۆمەڵی ئیسلامی کێشەمان لەگەڵ کاتی هەڵبژاردن نییە "سبەینێ خاوێن بکرێتەوە و دڵنیا بکرێینەوە لەوەی هەڵبژاردنێکی درووست ئەنجام دەدرێ، ئێمە ئامادەین".

رۆژی یەکشەممە، شاندێکی باڵای مەکتەبی سیاسی پارتی سەردانی سلێمانییان کرد و لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتی کۆبوونەوە. بەپێی زانیارییەکان کە (رووداو) لە بەرپرسێکی یەکێتی وەریگرتووە، لەو دانیشتنەدا باسی وادەی هەڵبژاردن و هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و پۆستی سەرۆکی پەرلەمان و پەیوەندی نێوان یەکێتی و پارتی و ئەگەری لیستی هاوبەش بۆ هەڵبژاردنی بەغدا کراوە "بەڵام بەشێکی زۆر لە سەرکردەکانی یەکێتی رازی نین بەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پێش بەغدا بخرێ، چونکە لە بەرژەوەندیی کوردە سەرەتا هەڵبژاردنی بەغدا ئەنجام بدرێ".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاو بکرێتەوە، نەیشاردەوە کە بەبێ بەستنی کۆنگرەی چوارەم، بەشدارییکردنی یەکێتی لە هەڵبژاردن دەبێتە گورزێک و بەر حزبەکەیان دەکەوێ " چونکە ناکۆکی لە نێو یەکێتی هەیە و یەکێتی نێومالێکی تۆکمەی نییە، ئینجا لە سلێمانیش چەند رکابەری نوێ هاتوونەتە ئاراوە ، بۆیە بە دڵنیاییەوە یەکێتی پێش هەڵبژاردن کۆنگرە دەبەستێ و بە سەرکردایەتییەکی نوێوە دەچێتە هەڵبژاردنەوە".

لاهور شێخ جەنگی، یەکێکە لەوانەی کە لەگەڵ بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی و زۆرینەی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی پێداگری دەکەن لەسەر ئەوەی بەو دۆخەوە نەچنە نێو هەڵبژاردنەوە. لەکاتی پێشوازیکردن لە کۆسرەت رەسوڵ عەلی، لاهور جەنگی، قسەی بۆ رووداو کرد و گوتی: "دەبێ پێش هەڵبژاردن کۆنگرە یان پلینیۆمێک ببەستین"، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی (رووداو) لە سەرکردەکانی یەکێتی دەستیکەوتوون، یەکێتی هەوڵی ئەوە دەدات پارتی هاوڕای بێت لەسەر ئەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکەوێتە دوای پەرلەمانی عێراق و یەک لیستی کوردی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لەنێوان هەموو حزبە کوردستانییەکان دروست بکرێ بۆ ئەو هەڵبژاردنە، چونکە پێیوایە ئەوە دەتوانێ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا تارادەیەک ئەرکی سووکتر بکات بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن.

بەرهەم ساڵح، دڵەڕاوکێی ئەمجارەی یەکێتییە لە هەڵبژاردندا. چونکە دەزانێ ئەو لیستە نوێیە هێزو گوڕی ململانێ لە لیستی دەنگدەرانی یەکێتی وەردەگرێ. ڕێبوار کەریم، گوتەبێژی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەریی ، بەهەمان شێوە داوای خاوێنکردنەوەی لیستی دەنگدەران دەکات و دەڵێ: "کات وەک خاوێنکردنەوەی لیستی دەنگدەران گرنگ نییە بەلامانەوە".

ناوبراو دەڵێ ئاسان نییە بەشداریی هەڵبژاردنێک بکەی کە 20 بۆ 30 کورسی ئەو هەڵبژاردنە پشت بە دەنگی ساختە ببەستێ "بەپێی لیستی کۆمسیۆن لە ساڵی 2001 ەوە کەس لە کوردستان نەمردووە".

بەڵام هیچکام لە حیزبەکان لیستی هاوبەشی کوردستانی بۆ پەرلەمانی عێراق رەتناکەنەوە، هەرچەندە ئەگەر و بەڵام زۆر بەکاردەهێنن. خەسرۆ گۆران دەڵێ "داوامان کردووە بۆ پەرلەمانی عێراق وەک 2005 بە بەهێزی برۆینەوە، بەڵام هەڵبژاردنی کوردستان هێشتا وادەکەی دیارینەکراوە تاوەکو باسی لیستی هاوبەش لەگەڵ یەکێتی بکەین"، یەکێتی هەمان داواکاری هەیە و کۆمەڵی ئیسلامیش مەرجی ئەوەی هەیە هەڵبژاردنی کوردستان خاوێن بکرێتەوە. هەرچی یەکگرتووی ئیسلامییە هەمان لیستی هاوبەش دەخوازێ. هەربەپێی زانیارییەکانی (رووداو) کە لە سەرچاوەیەکی نێو بزووتنەوەی گۆڕانەوە دەستیکەوتووە "بزووتنەوەی گۆڕان تەنیا داوای خاوێنکردنەوەی تۆماری دەنگدەران دەکات و کێشەی وادەی هەڵبژاردنی نییە، بەڵام بۆ لیستی هاوبەش لە هە ڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ئەگەری بەهێز ئەوەیە گۆڕان و کۆمەڵ و هاوپەیمانی، دوای هەڵبژاردنەکە هاوپەیمانێتی دروستبکەن نەک پێش هەڵبژاردن، چونکە بزووتنەوەی گۆڕان بە لیستی سەربەخۆ بەشداریی هەڵبژاردن دەکات".

هەرچەندە قسە لەسەر ئەوە دەکرێ کە هەرلە ئێستاوە گۆڕان و کۆمەڵ و لیستی هاوپەیمانی بڕیاریان دابێ لیستێکی هاوبەشیان هەبێ بۆ هەڵبژاردن، بەڵام هەریەکە لە هاوژین عومەر و ڕێبوار کەریم رەتیانکردەوە کە قسەیان لەسەر دروستکردنی لیستی هاوبەش کردبێ "ئێمە تاوەکو ئێستاش بڕیارمان وایە بە لیستی سەربەخۆ بەشداریی هەڵبژاردنی کوردستان بکەین"، هاوژین عومەر وایگوت.

# هەفتەی داهاتوو ڕێگای دهۆک – مووسڵ بەڕووی بازرگاناندا دەکرێتەوە

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

پاش نزیکەی چوار ساڵ لە داخستنی ڕێگای سەرەکیی نێوان هەردوو پارێزگای دهۆک – نەینەوا، سێ رۆژ لەمەوبەر ڕێگاکە بەڕووی هاتن و چوونی هاووڵاتیاندا کرایەوە. سەرۆکی کوتلەی برایەتی و پێکەوەژیانیش لە ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا دەڵێت ڕێگاکە بە فەرمانی عەبادی کراوەتەوە، هەفتەی داهاتووش بەڕووی بازرگاناندا دەکرێتەوە.

دوای ئەوەی داعش لە 10ی حوزیرانی 2014 پەلاماری مووسڵی دا، ڕێگای سەرەکی نێوان دهۆک – مووسڵ داخرا کە نزیکترین ڕێگای بازرگانیی نێوان تورکیا و عێراق بوو. هەرچەندە نزیکەی ساڵێکە داعش لە بەشی چەپی مووسڵ نەماوە، بەڵام تاوەکو رۆژی چواری ئەم مانگە ڕێگاکە داخرابوو. ئێستا ڕێگاکە رۆژانە نۆ کاژێر بەڕووی هاووڵاتیاندا کراوەیە.

بەرەکات شەمۆ ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بە (رووداو) ڕاگەیاند: "ساڵێکە ئێمە لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و عێراق لە گفتوگۆداین بۆ کردنەوەی ئەو ڕێگایە، بەڵام سەرەتا عەبادی رازی نەبوو بە کردنەوەی ڕێگاکە".

بەرەکات شەمۆ، ئەندامی ئەو لێژنەیەیە کە بە مەبەستی کردنەوەی ڕێگاکە پێکهێنراوە و گوتی "هەفتەی رابردوو چەندین کۆبوونەوە لە نێوان لایەنە ئەمنی و ئیدارییەکانی مووسڵ و دهۆک بەڕێوەچوون، پاشان بە بڕیاری عەبادی لە رۆژی چواری ئەم مانگە ڕێگای سەرەکی نێوان دهۆک – مووسڵ کرایەوە، ئێستا ئەو ڕێگایە رۆژانە لە کاژێر 7ی بەیانی تاوەکو 5ی ئێوارە کراوەیە".

ڕێگاکە دوو سایدە و بە ڕێگای بەنداوی مووسڵ ناسراوە، درێژییەکەی لە دهۆک بۆ مووسڵ تەنیا 40 کیلۆمەتر دەبێ، بە ستراتیژیترین ڕێگەی بازرگانیی نێوان تورکیا و عێراق دادەنرێ.

> **بەرپرسێکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا**
>
> دژە تیرۆری عێراق ڕێگرە لەبەردەم کردنەوەی ڕێگای دهۆک- شنگال

بە گوتەی شەمۆ، ڕێککەوتنی کۆتایی لەنێوان هەولێر و بەغدا لەسەر کردنەوەی ڕێگاکە کراوە "لەسەر هەموو شتێک ڕێککەوتوون، تەنیا ئامێری سۆنەری پشکنین نەبوو، چاوەڕێین لەم دوو رۆژە ئامێری پشکنینی بارهەڵگر بگاتە بازگەی سەرەکیی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لەلای مووسڵیش سوپای عێراق ئامادەکاری تەواوی کردووە، بڕیارە لە هەفتەی داهاتوو ڕێگاکە 24 کاژێر کراوە بێ و بەڕووی بازرگانانیشدا بکرێتەوە".

دوای هاتنی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بۆ شنگال لە 17ی ئۆکتۆبەری رابردوو، ڕێگای نێوان دهۆک و شنگال داخرا، پێش مانگێک هێزەکانی پێشمەرگە ڕایانگەیاند کە ئەوان ئامادەن ڕێگاکە بکەنەوە، بەڵام هێشتا ئەو ڕێگایە نەکراوەتەوە، بەرەکات دەڵێت "زوممار و ڕەبیعە لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی دژە تیرۆری عێراقدایە، ئەوان ناهێڵن ئەو ڕێگایە بکرێتەوە، بەڵام ڕێگای بەنداوی مووسڵ بۆ شنگالیش نزیک دەبێ، خەڵکی ئەوێش دەتوانن سوودی لێوەربگرن".

ئەیاد حەسەن، سەرۆکی ژووری بازرگانیی دهۆک باسی گرنگیی ئەو ڕێگایە بۆ بازرگانان دەکات و دەڵێت "شاری مووسڵ بازاڕێکی گرنگە بۆ بازرگانانی دهۆک. پێش شەڕی داعش نزیکەی هەزار کۆمپانیای دهۆک، ئۆفیسیان لە مووسڵ هەبوو، بۆیە دەمێکە بازرگانانی هەردوولا چاوەڕێی کردنەوەی ڕێگاکە دەکەن".

# وەزیرەکانی گۆڕان و کۆمەڵ چاوەڕێی واژۆی سەرۆکی حکومەت نابن

**مەحموود یاسین کوردی**
**رووداو- هەولێر**

دوای تێپەڕینی 20 رۆژ بەسەر کشانەوەی گۆڕان و کۆمەڵ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکوەزیران ئامادە نییە واژۆ لەسەر دەستلەکارکێشانەوەی وەزیرەکانی ئەو دوو حیزبە بکات.

ئێوارەی رۆژی 2018/1/7 نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیی هاوبەشدا لەگەڵ مەلا بەختیار بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، لە سلێمانی رایگەیاند کە هێشتا واژۆی لەسەر دەستکێشانەوەی وەزیرەکانی گۆڕان و کۆمەڵ نەکردووە.

نێچیرڤان بارزانی گوتی: "تاوەکو ئێستاش ئەو دەستلەکارکێشانەوانە لەلایەن ئێمەوە پەسەند نەکراون، بەپێی یاساش ئەوان دەبێت لە ئەرکەکانیان بەردەوام بن، تا ئێستا پەسەندمان نەکردووە، چونکە ئێمە هێشتا تێنەگەیشتووین ئەمانە بۆ لە حکومەت دەرچوون، وەڵامی ئەوەمان دەوێت. چوار ساڵە لەگەڵمانن تازە تێگەیشتوون کە ئەو حکومەتە وایە و وایە، ئێمە ئەو پرسیارانەمان هەیە، لەبەر ئەوە پێمانوایە دەبێت جارێ قسەیان لەگەڵ بکەین بزانین مەسەلەکە چییە".

> **گۆڕان**
>
> دەستلەکارکێشانەوەی وەزیرەکانمان بووەتە رابردوو

بیلال سلێمان، بەرپرسی ناوەندی حکومەت و پەرلەمانی کۆمەڵی ئیسلامی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەم پۆستانە بە ڕێککەوتنی سیاسی و حیزبی وەرگیراون و بە هەمان ڕێکاریش کۆمەڵی ئیسلامی دەستبەرداری ئەو پۆستانە بووە، وەزیرەکانی ئێمە دەوام ناکەن. چەندینجار هۆشداریمان داوەتە حکومەت، بۆیە وەزیرەکانی کۆمەڵ ناگەڕێنەوە سەر کارەکانیان و چاوەڕێی واژۆی سەرۆکی حکومەتیش ناکەین".

دوای تێپەڕینی سێ ساڵ و شەش مانگ بەسەر تەمەنی ئەم کابینەیەی حکومەتدا، رۆژی 2017/12/20 بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی، کشانەوەی خۆیان لەو کابینەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند، بەڵام رۆژی دواتر عەبدولستار مەجید، وەزیری کشتوکاڵ کە لەسەر پشکی کۆمەڵ ئەو پۆستەی وەرگرتووە، بەشداریی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی کرد.

بەپێی یاسای ژمارە سێی ساڵی 1992ی هەموارکراوی ئەنجوومەنی وەزیران، لە چوارچێوەی ڕێوشوێنە کارگێڕییەکاندا پێویستە وەزیر نامەی دەستلەکارکێشانەوەی ئاراستەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بکات، تاوەکو واژۆی لەسەر نەکات دەبێ وەزیر لە کارەکەی بەردەوام بێت.

بیلال سلێمان دەڵێ: "ئێمە زیاتر لە سێ مانگە بڕیاری کشانەوەمان داوە بەڵام لەبەر ئەو بارودۆخەی بەسەر کوردستاندا هات جێبەجێمان نەکرد، چەندینجار هۆشداریمان داوەتە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانی خۆی بکات، مووچە و بژێویی خەڵک چاک بکات، بۆیە حکومەت دەزانێت بۆچی کۆمەڵ کشاوەتەوە".

بەهۆی ئەو گرژیانەی لەدوای دانیشتنەکانی 23ی حوزەیران و 19ی ئابی پەرلەمانی کوردستان لە نێوان پارتی و گۆڕان لەسەر یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان روویدا، رۆژی 12ی ئۆکتۆبەری 2015 وەزیرەکانی بزووتنەوەی گۆڕان ئاگادارکرانەوە کە نەگەڕێنەوە سەر کارەکانیان، دواتر پۆستەکانیان بە وەکالەت پڕکرانەوە، دوای کاراکردنەوەی پەرلەمان سەرۆکی حکومەت داوای لە وەزیرەکانی گۆڕان کرد بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان، تەنیا ڕێباز حەملان کە لەسەر پشکی گۆڕان کرابوو بە وەزیری دارایی، وەکو وەزیرێکی سەربەخۆ لە پۆستەکەی دەستبەکار بووەوە. وەزیر و بەرپرسەکانی دیکە نەگەڕانەوە و پابەندی بڕیاری بزووتنەوەکەیان بوون.

چالاک موهەندیس، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان بە (رووداو)ی گوت: "کاک نێچیرڤان بارزانی دیارە شێوازی دوورخستنەوەی وەزیرەکانی گۆڕانی لەبیرچووە، بۆیە ئێستا چاوەڕێی روونکردنەوەی هۆکارەکانی کشانەوەی گۆڕان لەو حکومەتە دەکات، ئەو ئازادە ئیمزا لەسەر دەستلەکارکێشانەوەکە دەکات یاخود نا، لای ئێمە پرسی کشانەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بووەتە رابردوو".

ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە (488) - دووشەممە 2018/1/8

## سکاڵا لەسەر قوباد تاڵەبانی تۆمار دەکرێ

**ڕووداو- هەولێر**

غالب محەممەد، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، سکاڵا لەسەر قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی تۆمار دەکات و دەڵێت بە دوو پێوەر پێشێلکاری یاساییان کردووە. غالب محەممەد بە (ڕووداو)ی گوت "بەپێی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان، دانان و لابردنی بەڕێوەبەرە گشتییەکان لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی پارێزگاکانە. هەروەها دانان و لابردنی قائیمقام و بەڕێوەری ناحیەکان، بەدەنگی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەبێت، بەڵام قوباد تاڵەبانی، بەبێ وەرگرتنی دەنگی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، گۆڕانکاری لە پۆستە ئیدارییەکاندا دەکات، لەبەر ئەوە لە داواکاری گشتی و دادگای ئیداری سلێمانی، سکاڵای لەسەر تۆمار دەکەم".



# مالیکی ڕەخنەی لە یەکێتی و نەجمەدین کەریم گرتووە

### عەبادی ڕازییە ناوچە کوردستانییەکان بە هاوبەشی بەڕێوەببرێن

ئەندامێکی شاندی سێ حیزبەکە

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای چەندین مانگ لە دابڕان و ڕەتکردنەوەی کۆبوونەوە و یەکتربینین، ڕۆژی 2018/1/4 شاندێکی هاوبەشی بزووتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامی و هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری، بۆ ماوەی یەک کاژێر لەگەڵ حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق کۆبوونەوە.

سەرۆکوەزیرانی عێراق تەنیا ئەو ئەندامانەی شاندەکەی ناسیوە کە پێشتر بە یەکەوە پەرلەمانتار بوون، بەپێی قسەی سەرچاوەیەکی شاندەکە، کۆبوونەوەکەی عەبادی و شاندەکە زۆر دۆستانە بووە، ئەوەی بەلای عەبادییەوە جێگای سەرنج بووە، شاندەکە بە یەک وشەش باسی پارتی و یەکێتیان نەکردووە.

حەسەن جیهاد کە نوێنەری هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری بوو لە شاندی سێ حیزبەکەدا، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێمە ئەجێندای کۆبوونەوەکانمان دیاری کردبوو، باسی هیچ لایەنێکمان نەکرد، بەڵکو باسی چارەسەرکردنی کێشەکانمان کرد، عەبادی زۆر ئاسوودە بوو، خۆشحاڵ دیاربوو، زوو دەستی بە قسە کرد و باسی پێشمەرگەی لە شەڕی مووسڵدا کرد و ئاماژەی بەوەدا کە ئەگەر پێشمەرگە نەبوایە شەڕی مووسڵ بەمشێوەیە نەدەبوو، بەڵام ڕەخنەی لەو ژمارە زۆرەی پێشمەرگە هەبوو، گوتی هێزی پێشمەرگە لەژێر کۆنترۆڵی حیزبە، هەر کاتێک ململانێی سیاسی دروستدەبێت، هێزی پێشمەرگە دەچێتەوە ژێر کۆنترۆڵی حیزبەکان".

بە گوتەی حەسەن جیهاد، عەبادی باسی قەرزەکانی هەرێمی کوردستانی کردووە "عەبادی پێیگوتین بە تورکیایان گوتووە ئێوە دەڵێن کەرکووک هێڵی سوورە، کەچی پارەی نەوتی کەرکووک دیار نییە. ئەوانیش پێیانگوتین 4 ملیارمان بە قەرز داوەتەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو پارانەش لە بانکەکانی ئێمەدا نییە".

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیی هاوبەشدا هەریەک لە نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی و مەلا بەختیار، بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، بێ ئاگایی خۆیان لەو سەردانە دەربڕی و گوتیان کە پرس و ڕاوێژ بە حکومەت نەکراوە. مەلا بەختیار گوتی: "دوو لەو لایەنانە پێشتر داوایان دەکرد گفتوگۆ تەنیا لە ڕێگای حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لەگەڵ بەغدا بکرێت". نێچیرڤان بارزانیش داوای کرد هەموو لایەنەکان بە یەکەوە بچنە بەغدا. لەبارەی سەردانی ئەو سێ لایەنەش گوتی: "هیوادارین ئەو لایەنانەش لە سەردانەکەیان قسەیەکی خێریان کردبێ".

عەرەفات کەرەم، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، سەردانی ئەو سێ حیزبە بە "سەردانێکی خراپ" ناودەهێنێ و دەڵێت: "لە هەیبەتی کوردستانی دا". عەرەفات کەرەم پێیوایە سەردانەکە هیچی لێ سەوز نابێ و گوتی "سەردانێکی خراپ بوو، بۆ مەبەستی بانگەشەی پێشوەختە و دروستکردنی هاوپەیمانی سیاسی بوو".

گوتیشی: "ئەو حیزبانە ئازادن پەیوەندی سیاسی لەگەڵ حیزبە عێراقییەکانی دیکە دروستدەکەن، بەڵام دانوستاندن و گفتوگۆ لەسەر کێشەکان ئیشی حکومەتە نەک ئەوان".

### سەردانی سێ حیزبەکە بێ ئەنجامە

عەرەفات کەرەم

بەڵام حەسەن جیهاد ئەو بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێ: "ئێمە جەختمان لەسەر پاراستنی قەوارەی سیاسی و دەستووریی هەرێمی کوردستان کردووەتەوە، هەروەها گرنگیی دەستپێکردنی گفتوگۆ، پەیوەندی لەگەڵ بەغدا نەمابوو، ئەم سەردانەی ئێمە دەرگای کردەوە".

ئارێز عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی کە سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتیشە لە پەرلەمانی عێراق، دەڵێ "وا باشتر بوو ئەو لایەنانە پێشتر ئاگاداری حکومەتی هەرێمی کوردستانیان بکردایە، چونکە کێشەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا تەنیا بە دانیشتن و ڕێککەوتنی هەردوو حکومەت چارەسەر دەکرێت، نەک لایەنە سیاسییەکان".

شاندەکە لەگەڵ نووری مالیکی جێگری سەرۆککۆمار و سەرۆکی هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاساش کۆبوونەوە. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بەغدا بە (ڕووداو)ی گوت: "لە کۆبوونەوەکەدا مالیکی بە یەک وشەش باسی پارتی و مەسعود بارزانی نەکردووە، تەنیا ڕەخنەی لە یەکێتی و نەجمەدین کەریم گرت کە لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان ڕێگایانداوە گشتپرسی بەڕێوەبچێت و قەیرانەکانیان قووڵتر کردووەتەوە".

حەسەن جیهاد، ئەندامی شاندی هاوبەشی سێ حیزبەکە لەو بارەیەوە دەڵێ "مالیکی ئاماژەی بەوەدا کە بە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردیان گوتووە با ئەزموونی هەرێمی کوردستان وەکو ئەزموونی قازی محەممەدی لێ نەیەت، ئەگەر ئەوانیش لە بەرامبەر ریفراندۆم بێدەنگ بن، ئێران و تورکیا بێدەنگ نابن".

### عەبادی: ناوچە کێشە لەسەرەکان بە هاوبەشی بەڕێوەدەبەین

یەکێک لە خاڵەکانی گفتوگۆی شاندەکە و عەبادی بەڕێوەبردنی ناوچە کوردستانییەکانی

### چارەسەری کێشەکانی هەولێر و بەغدا تەنیا لە ڕێگەی حکومەتەوە دەکرێت

ئارێز عەبدوڵڵا

دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بووە کە لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە بە سەپاندنی ئەمری واقیع لەلایەن هێزە عێراقییەکان و حەشدی شەعبییەوە بەڕێوەدەچێت. نوێنەری هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری سەبارەت بە کێشەی ئەو ناوچانە دەڵێت: "بە عەبادیمان گوت ئەو ناوچانە پێویستە وەکو پێشتر بە هاوبەشی لە نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق بەڕێوەبچن، عەبادیش گوتی بە هاوبەشی بەڕێوەی دەبەین، دەبێ لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەینەوە، پێشمانگوت ئەگەر دۆخی کەرکووک و خورماتوو بەمشێوەیە بڕوا، کورد لە پرۆسەی سیاسی و ئیداری ئەو ناوچانە دەکشێتەوە".

لە ماوەی ڕابردوودا جگە لەوەی نوێنەری مامۆستایانی ناڕازی داوای کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق کرد، هەر یەک لە بەرهەم ساڵح، سەرۆکی قەوارەی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری و عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی سەردانی بەغدایان کرد. هەر ئەو ڕۆژەی شاندی سێ حیزبەکە لە بەغدا بوون. باڤڵ تاڵەبانی کوڕە گەورەی تاڵەبانی، سکرتێری کۆچکردووی یەکێتی گەیشتە بەغدا.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی کۆبوونەوەی ئەو سێ لایەنە لەگەڵ بەرپرسانی بەغدا و سەرۆکوەزیران بە دەستکەوت نازانێ و دەڵێ: "تۆش بێیتە بەغدا ئەو بەرپرسانە دەبینی، عەبادی بەرژەوەندی خۆی دەپارێزێ، ئێستا دۆخەکە وەکو جاران نییە، بۆیە ئەو لایەنانەی بینیوە".

> **کورد نانی خۆی لەگەڵ عامری لەت کردووە**
>
> یەکێک لەو سەرکردانەی حەشدی شەعبی کە ڕۆڵی لە هێرشەکەی 16ی ئۆکتۆبەردا هەبوو، هادی عامری ئەمینداری ڕێکخراوی بەدر بوو کە لەگەڵ شاندی سێ لایەنەکە بۆ ماوەی زیاتر لە کاژێر و نیوێک کۆبووەوە. بەپێی قسەی حەسەن جیهاد "هادی عامری بە وردی باسی پەیوەندی لەگەڵ گەلی کوردستان کرد و ئاماژەی بەوەدا کە لە ساڵی 1981ەوە بارزانی دەناسێ و مەتر بە مەتری قەرەداخ گەڕاوە. خەڵکی کوردستان نانیان لەگەڵ کەرت کردووە و شوێنی خەوتنیان بۆ دابین کردووە. ئەو شەڕەشی لەگەڵ پێشمەرگە کردیان بەلای ئەوانەوە ناخۆش و ناچاری بووە".
>
> هادی عامری ئاماژە بە قسەیەکی مەسعود بارزانی کردووە کە گوتوویەتی شەڕی ناوخۆ دەستی ئەو و مام جەلالی تێدا نەبووە. بەڵام دۆخێک دروستبووە کە شەڕ یەخەی گرتوون. بۆیە شەڕی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکانیش بە ناچاری و بەهۆی دروستبوونی دۆخێکی نوێ بووە. هەر بۆیە پێشتر داوایان لە سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان کردووە گشتپرسی نەکەن.



کۆبوونەوەی شاندی ئۆپۆزسیۆنی کوردستان لەگەڵ نووری مالیکی، جێگری سەرۆککۆماری عێراق

# 11 کاندید بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان ئامادەن

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

وا بڕیارە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەستلەکارکێشانەوەی یوسف محەممەد، لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بخاتە دەنگدانەوە، پەرلەمانتارێکی یەکێتیش داوا دەکات ئەگەر کاندیدێکی دیکە دیاری نەکرێت، دەستلەکارکێشانەوەکە نەخرێتە دەنگدانەوە، چونکە گرفت بۆ دانیشتنەکانی داهاتووی پەرلەمان دروست دەکات.

ڕۆژی 2017/12/26 د.یوسف محەممەد سادق، دەستکێشانەوەی خۆی لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامێتی پەرلەمانی کوردستان ڕاگەیاند و گوتی ئەندامانی دیکەیان وەکو ئۆپۆزیسیۆن لە خەباتی پەرلەمانی بەردەوام دەبن. دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی پەرلەمان لە پۆستەکەی، دوای شەش ڕۆژ لە کشانەوەی بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی لە حکومەت هات، بەڵام تاوەکو ئێستا پەرلەمانی کوردستان دەستلەکارکێشانەوەکەی نەخستووەتە دەنگدانەوە.

بەپێی ماددەی 16 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی پەرلەمان بە نامەیەک دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەشی پەرلەمان دەکات، لە کۆبوونەوەی پەرلەماندا دوای ئەوەی زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتارانی بەدەستهێنا، لە کۆبوونەوەی دواتری پەرلەماندا بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران (50+1) کەسێکی دیکە بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت.

بەهار مەحموود، پەرلەمانتاری گۆڕان و جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دەستلەکارکێشانەوە مافە، دکتۆر یوسفیش ئەو مافە یاساییەی خۆی بەکارهێناوە، بۆیە دەبێ فراکسیۆنەکانی بەشدار لە دەسەڵات، لە کۆبوونەوەی دوای پەسەندکردنی دەستلەکارکێشانەوەکەی د.یوسف، کەسێکی دیکە بۆ سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێرن".

لە ئەگەری پەسەندکردنی دەستلەکارکێشانەوەکەی د.یوسف، ئەگەر کاندیدێکی دیکە نەبێ بۆ شوێنەکەی، ئەوە گرفت بۆ دانیشتنەکانی داهاتووی پەرلەمان دروست دەبێ. هەرچەندە پارتی و یەکێتی نایانەوێ ئەو بۆشاییە دروست ببێت، بەڵام لە هەمانکاتدا دەستلەکارکێشانەوەی یوسف محەممەد دەخەنە کارنامەی دانیشتنەکانی ناوەڕاستی ئەم مانگە. لە هەمانکاتدا سیناریۆیەکی دیکەش هەیە کە دەستلەکارکێشانەوەکە نەخرێتە دەنگدان، جێگر و سکرتێر تاوەکو بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان دانیشتنەکان بەڕێوەببەن.

### ئەگەر کەسێک دیاری نەکرێ، با ئیستیقالەکەی د.یوسف نەخرێتە دەنگدان

پەرلەمانتارێکی یەکێتی

خەڵەف ئەحمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی پەرلەمان بۆ ڕای گشتی و هەڵوێستێکی سیاسی بوو، نەک لەنێو هۆڵی پەرلەمان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بکات، بۆیە دەبێ فراکسیۆنەکانی پەرلەمان لەوبارەیەوە کۆببنەوە چی بە باش و بەرژەوەندی گشتی بزانن بڕیار لەسەر ئەوە بدەن".

خەڵەف ئەحمەد داوا دەکات دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی پەرلەمان نەخرێتە دەنگدان و دەڵێ "زەحمەتە لایەنەکان لەسەر سەرۆکێکی دیکە بگەنە ڕێککەوتن، بۆیە بەبڕوای خۆم ئەگەر نەگەینە ڕێککەوتن باشترە دەستلەکارکێشانەوەکە نەخرێتە دەنگدان".

### هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان قورس نییە

پارتی

بە پێچەوانەی فراکسیۆنی یەکێتی، فراکسیۆنی پارتی پێیوایە هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ بۆ پەرلەمانی کوردستان قورس نییە بەو پێیەی ماوەیەکی کەم لە تەمەنی پەرلەمانی کوردستان ماوە. حەیات مەجید، بڕیاردەری فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت: "لەسەر پۆستی سەرۆکی پەرلەمان پێداگیری زۆر ناکرێت، چونکە ئێمە لە بەردەم هەڵبژاردنین و ماوەیەکی زۆر کەم لە تەمەنی پەرلەمان ماوە، هەر کەسێکی دیکە لە دەرەوەی ئەو حیزبانەی بوونەتە ئۆپۆزسیۆن زۆر ئاساییە پۆستی سەرۆکایەتی پەرلەمان وەربگرێ، بۆیە بە کێشەیەکی گەورەی نابینم".

### یەکگرتوو پۆستەکە وەردەگرێ؟

یەکێک لەو لایەنانەی کە لە دوای ڕووداوەکانی 12ی ئۆکتۆبەر و پەکخستنی پەرلەمانی کوردستانەوە داوای لێکراوە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێت، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە کە تاوەکو ئێستا لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ماوە، بەڵام ئەویش ئێستا ئامادە نییە کورسییەکەی یوسف محەممەد سادق وەربگرێت.

### دەبێ فراکسیۆنەکان سەرۆکێکی دیکە هەڵبژێرن

گۆڕان

بەهزاد زێباری، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "پێشتر دوو جار داوا لە یەکگرتوو کراوە پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وەربگرێت، بەڵام ئێمە ڕەتمانکردووەتەوە ئیستیحقاقی هیچ لایەنێکی دیکە وەربگرین، بەڵکو لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشەکان بووین بە تەوافوق، بۆیە بڕوا ناکەم یەکگرتوو ئەو پۆستە وەربگرێت".

### 11 کاندید بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان

لە دانیشتنی ڕۆژی 2017/10/24 پەرلەمانی کوردستان بەزۆرینەی دەنگ ماوەی کارکردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ دوو خولی گرێدانی دانیشتنەکان درێژ کرایەوە کە دەکاتە نزیکەی 8 مانگ، بەڵام بەهۆی بەردەوامیی ناکۆکییە سیاسییەکان و نەگەیشتن بە ڕێککەوتن، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی 2017/12/17 نامەیەکی ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کرد بۆ گرتنەبەری ڕێکارە یاساییەکان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان کە لە سێ مانگ زیاتر تێپەڕ نەکات. بەپێی قسەی کاربەدەستانی حکومەت و کۆمیسیۆن و پەرلەمان، پێشبینی دەکرێت لە ناوەڕاستی مانگی چواری ئەمساڵ پرۆسەکە بەڕێوەبچێ، بەمەش پێویستە تەمەنی پەرلەمان کەم بکرێتەوە. کەمینەکانی پەرلەمانی کوردستانیش داوا دەکەن بۆ ئەو ماوەیە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بدرێتە ئەوان.

ڕۆمیۆ هەکاری، سکرتێری حیزبی دیموکراتی بەیت نەهرێن بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "داوامان لە حیزبە گەورەکان کردووە ئەو ماوە کەمەی ماوەی لە تەمەنی پەرلەمان ماوە، پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بدرێتە یەکێک لە نوێنەرانی ئەو 3 پێکهاتەیەی کریستیان، تورکمان و ئەرمەن لە پەرلەمان کوردستان هەم بۆ پیشاندانی لایەنێکی پۆزەتیڤی پێکەوەژیانی پێکهاتە و ئایینەکان، هەروەها بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی هەنوکەییە، چونکە لایەنە سەرەکییەکان لەسەر کاندیدێک ڕێکناکەون با یەکێک لەو 11 پەرلەمانتارەی پێکهاتەکان ئەو پۆستە وەربگرێ".

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئەندامانی پەرلەمان ئازادن لە پەسەندکردن و ڕەتکردنەوەی نامەی

### پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەرناگرین

یەکگرتوو

### داوامان کردووە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بدرێتە پێکهاتەکان

ڕۆمیۆ هەکاری

دەستلەکارکێشانەوەی ئەندامان، لە خولەش ژمارەیەک دەستلەکارکێشانەوە هەر یەک لە ئاری هەرسین، حاجی کاروان و عومەر کۆچەر ڕەتکرایەوە، هەروەها ژمارەیەکی دیکەی دەستلەکارکێشانەوەش پەسەندکراون.

لە بارەی ئەگەری ڕەتکردنەوەی دەستلەکارکێشانەوەی یوسف محەممەد لە لایەن پەرلەمانتارانەوە، بەهار مەحموود گوتی: "پەرلەمانتاران دەتوانن ڕەتی بکەنەوە، بەڵام قبوڵکردن و ڕەزامەندی بۆ خودی دکتۆر یوسف دەگەڕێتەوە".

## مەلا بەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بۆ (رووداو):

# دەنگەکانی یەکێتی بە رێ


(فۆتۆ: رووداو)

مەلا بەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێت: "پیلانێک هەبوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی. سەرەڕای بڕیاری سەرکردایەتی حیزبەی کە مەکتەبی سیاسی هەڵوەشاندووەتەوە، مەلا بەختیار دەڵێت: "مەکتەبی سیاسی بە عەمەلی ماوە".
مەلا بەختیار باسی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەکات و دەڵێت 16ی ئۆکتۆبەر کاریگەریی خراپی لەسەر دەنگەکانی یەکێتی دەبێت. پێشبینی دەکات بەهۆی 16ی ئۆکتۆبەر و کێشەکانی دیکەوە دەنگی یەکێتی تاوەکو 15 % کەم بکات.

هەڤپەیڤین: رەنج سەنگاوی
رووداو- سلێمانی

**بۆ هەڵبژاردن بە تەواوەتی ئامادەنین**

### رەوشی ناوخۆی یەکێتی

**رووداو: ئێستا شێوازی بەڕێوەبردنی یەکێتی چۆنە، ئایا مەکتەبی سیاسی هەڵوەشاوەتەوە، ئایا بەڕێزتان بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی یەکێتین؟**

**مەلا بەختیار:** هەوڵێکی ناخۆش هەبوو بۆ ئەوەی مەکتەبی سیاسی پەکبخرێ، کارگێڕ ئیشەکانی نەکات، ئازارێکی خستە سەری یەکێتی، چۆنیەتی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی یەکێتی. ماوەیەک پشێوییەکی بۆ دروستکردین، بەڵام لە نەتیجە کوا بەدیلەکە؟ بۆ نەیانتوانی ئەو بەدیلەی مەبەستیان بوو، جێبەجێی بکەن؟ لەبەر ئەوەی ئەو بەدیلەی ئەوان بە تەمای بوون قەت لەو مەکتەبی سیاسییە بە تەجروبەتر نەیدەتوانی هەتا کۆنگرە ئەرکەکانی راپەڕێنێ. بۆیە نە لەناوخۆیاندا توانییان لەسەر بەدیلەکە رێکبکەون، نە ئەو پیلانەشی گرووپی جیاواز جیاواز لەسەری رێککەوتبوون، بۆیان چووە سەر.

**لە ناوخۆی یەکێتیدا ختوکەی خۆپیشاندەران دەدرا**

**رووداو: ئێستا مەکتەبی سیاسی ماوە؟**

**مەلا بەختیار:** بە عەمەلی مەکتەبی سیاسی ماوە، هەتا کۆنگرەش ئیشی خۆمان دەکەین.

**رووداو: باسی پیلانی ئەوانت کرد، پیلانەکە چی بوو، ئەوان کێن؟**

**مەلا بەختیار:** پیلانەکە بەو جۆرە دارێژرابوو کە هەبوون ئەوانەی پێیانخۆش نەبوو لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆ کەتنەکە و کارەساتەکەی کەرکووک دروست بکرێ. هەشبوو بڕیاردان لەسەر کۆنگرەی پێ خراپ بوو، هەشبوو پێشنیازی قبوڵکردنی دەستکێشانەوەی کاک بەرهەمی قبوڵ نەبوو. ئەم سێ مەرام و ئامانجە یەکیانگرتبوو، لەگەڵ تێکەڵکردن بە کێشەکانی رابردووش، ئایا ریفراندۆم باش بوو یان خراپ بوو، لە هەموو کۆبوونەوەکانی یەکێتی بەشێوەیەک لە شێوەکان دڕدۆنگی و کێشەمان هەبووە، بەڵام ئەمجارە ئەم دڕدۆنگیانە چڕکرانەوە، بە حیساب ئەگەر مەکتەبی سیاسی هەڵبوەشێتەوە و 11 کەس هەڵبژێردرێ، ئەمە دەتوانێ چارەسەری کێشەکان بکات. یەکێتی نیشتیمانی کوردستان خۆشبەختە کە نەتوانرا ئەو 11 کەسە هەڵبژێردرێ، چونکە هەموو کورد دەزانێ شادەمار و کۆڵەگەی سەرەکی یەکێتی لە دوای مام جەلال، ئەوانەی 90 %ی ئەدەبیاتی یەکێتییان نووسیوە، ئەوانەن کە لە مەکتەبی سیاسی کۆبوونەتەوە.

### دۆخی کەرکووک

**رووداو: باسی کەتنی کەرکووکت کرد، قەناعەتت وایە کەتنی کەرکووک فاکتە؟**

**مەلا بەختیار:** دوو رۆژ دوای ئەو کەتنە، پەیامێکی ئاوەڵامان بڵاوکردەوە، بەڵێ گوتوومە کەتنە. بۆ زانیاریت من یەکەم کەس بووم لەو بەیاننامەیەدا دەستەواژەی 16ی ئۆکتۆبەرم بەکارهێنا. هەر لەوێش داوای پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوەم کرد.

**رووداو: بەڵام حیزبەکەت بەو دەستەواژەیە ئیستفزاز نابن؟**

**مەلا بەختیار:** ئیستفزاز ببن یان نا بابەتێکە، بەرپرسیارێتی مێژوویی و ویژدانی نەتەوەیی من بابەتێکی دیکەیە. بەڕاستی ئەوەندەی پەیوەندی بەخۆمەوە هەیە، پەیوەندی بەوەوە نییە حیزبەکەم چی دەڵێت.

**رووداو: هاوبیرت زۆرن کە تاوەکو ئێستا لەگەڵ ئەوەن لیژنەی لێکۆڵینەوە دروست بکرێ؟**

**مەلا بەختیار:** قەناعەتم وایە بەشی زۆری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەیانەوێ هەموو راستییەکان دەربارەی 16ی ئۆکتۆبەر بزانن.

**رووداو: تۆ تاوەکو ئێستا بە دڵی خۆت راستیت گوتووە؟**

**مەلا بەختیار:** تاوانبار بێ تاوانە تاوەکو تاوانەکەی دەسەلمێ. سەدام کە گیرا تاوەکو دادگایی نەکرا، سزایان نەدا. بێگومان ئەو رووداوەش رووداوێکی چارەنووسساز بوو، هەر حیزب و هەر کەسێک بەشێوەیەک باسی دەکات. من بەشبەحاڵی خۆم قەناعەتی خۆم هەیە، بەڵام هەتا لێکۆڵینەوە نەکرێ نامەوێ بەهیچ شێوەیەک ئەو برینە قووڵتر بکەمەوە لەناو یەکێتی. بەڕاستی ئەوانەی دەیانەوێ بەردەوام تێزاب بەو برینەدا بکەن، چ پارتی چ هەندێک میدیای ئەهلی، مەسئولیەتە نیشتمانی و نەتەوەیی و قۆناغە هەستیارەکەی ئێستای هەرێمی کوردستان و ناوچەکە وەکو پێویست لەبەرچاو ناگرن.

بێگومان ئەوەی من دەیبینم و کراوە، هەیانە هەڵەی گەورەی کردووە. بۆ نموونە ئێمە وەکو یەکێتی هەتا کۆبوونەوەی دووکان و بڕیارەکانی بەرپرسان، بەڵام دەرکەوت نە کۆبوونەوەی دووکان، نە هیچ بڕیارێکی باشتریش لەوەی دووکان بدرایە، حەشدی شەعبی هەر هێرشی دەکردە سەر کەرکووک. بۆ مێژوو دەیڵێم بڕیارەکانی دووکان من رێکمخستووە، من لەگەڵ کاک فوئاد مەعسووم قسەم کرد و رازی بوو بێتە دووکان بۆ کۆبوونەوە. لەگەڵ کاک مەسعود سێ جار بە تەلەفۆن قسەم کرد تا رازی بوو بێت بۆ دووکان. هەموو هەوڵەکەشمان بۆ ئەوە بوو بەربەرست لەبەردەم هێرشەکە دابنێین. ئەوانەی لێرە و لەوێ دەڵێن لە دووکان وەکو پێویست بڕیار نەدراوە و رازی نەبوون لەسەر

**بەرهەم ساڵح لە سێ کۆنگرەی یەکێتی بە تەزکیە دەرچووە**

**خۆپیشاندانەکان بۆ نابووتکردنی یەکێتی بوون**

**بە کاک بەرهەمم گوت گۆرباتشۆف مەبە، تینگ سیاو پینگ بە**

داخوازییەکانی بەغدا، من پێموابێ خۆیان و میللەتەکەمان بە هەڵەدا دەبەن. بەبڕوای من جەنابی عەبادی، جەنابی مالیکی یان هەر جەنابێکی دیکە لە بەغدا، ئەگەر پەرۆشی چارەسەرکردنی کێشەکان بوونایە، دەبوو خۆیان بەپێی خۆیان بێن بۆ کوردستان، بڵێن نابێ ئەو شەڕە ببێ، با باشتر رێکبکەوین. کەچی کە ئێمە بڕیار دەدەین، لە جیاتی ئەوەی موناقەشەی بڕیارەکانمان بکەن، سەعاتی سفری خۆیان یەک دەقیقە دوانەخست. ئەوانەی لە نێوانمان بوون، پەیامی ئێمەیان دەبرد و وەڵامی ئەوانیان دەهێنا. کە عێراق هێرشی کرد و بە قسەی ئێمەی نەکرد، قەناعەتی بە بڕیارەکانی دووکان نەکرد، ئەی بۆ بەیاننامەیەکیان دەرنەکرد و بڵێن ئیدی ئێمە پەیوەندیمان پێوەی نییە.

**رووداو: ئایا پێشمەرگە لە کەرکووک ئەوەندە ورەپووخاو بوو، یان بۆ ناوی دەنێی کەتن؟**

**مەلا بەختیار:** بۆ مێژوو شتێک باس دەکەم، 23ی مانگ لەگەڵ جەنابی کاک مەسعود، لەگەڵ یەکگرتوو دانیشتین، گوتم کاک مەسعود ئێمە لەڕووی سەربازییەوە سەرناکەوین. گوتی بۆ؟ گوتم لەبەر ئەوەی هەموو دەوڵەتانی دونیا ریفراندۆمیان قبوڵ نییە. گوتی پێشمەرگە ورەی بەرزە. گوتم من بەشبەحاڵی خۆم پێموابێ سەرناکەوین. یەکەم، تەرازووی هێز لە بەرژەوەندی ئێمە نەبوو. دووەم: پشتیوانمان نەبوو. سێیەم کۆمەڵێک کێشە لە نێو هێزی پێشمەرگەدا هەبوو. ئەو بەرگرییە کلاسیکییەی ئێمە کردمان، ئەنجامەکەی شکست دەبوو.

**رووداو: ئەوەی دەگوترێ خیانەت و جەنابیشت ناوت لێناوە کەتنی 16ی ئۆکتۆبەر، بەڕاستی خیانەت کراوە بۆیە داوای لیژنەی لێکۆڵینەوەت کرد؟**

**مەلا بەختیار:** ئەگەر لێکۆڵینەوە کرا، بەبەڵگە لەسەر هەر کەسێک سەلمێنرا کە ئەمە خیانەتە، خیانەت بە مانای ئەوەی کە ئیمزا کرابێ لەگەڵ بەغدا، بەرامبەر ئەوەی حەشد و سوپای عێراق بێنە نێو کەرکووک، پارە وەرگیرابێ، دەستکەوت وەرگیرابێ. ئەم نەهجە بۆ ئەوە بێ یەکگرتوویی کوردستان نەمێنێ و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵبوەشێتەوە، ئەگەر ئەمە لەسەر هەر کەس و گرووپێک لە نێو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان سەلمێنرا، ئەوە خیانەتە.

**رووداو: پێتوانییە داوای شتێکی مەحاڵ دەکەی کە قەت لە کوردستان ناسەلمێ؟ خەڵک ئێستا ئەو قەناعەتی لەلا دروستبووە کە هەر شتێک پارتی و یەکێتی لیژنەیان بۆ دروستکرد وەکو ئەوە وایە بڵێی حەواڵەی خوات دەکەم.**

**مەلا بەختیار:** سەدان بەڵگەنامەمان لەو شۆڕشە لەسەر یەکدی بڵاوکردووەتەوە. کە سەدام رووخا هەموو بەڵگەنامەکانمان کەوتە دەست و حەقیقەتەکەمان زانی، کە راپەڕین بووە، هەموو حەقیقەتەکانمان زانی. تەنانەت لەسەر کارەساتی هەکاری دەستخەتەکانمان دەستکەوت. شەهید عەلی عەسکەری و هاوڕێیانی چۆن و بە فەرمانی کێ شەهیدکراون. هەموومان بڵاوکردووەتەوە. ئێستاش زەمانی جەنگی سارد و دیزەبەدەرخۆنەکردنی هەموو بەڵگەنامەکان نییە. مومکینە سێ مانگی دیکە هەرچی هەیە بکەوێتە فەیسبووکەوە. من پشووی خۆم کورت ناکەم، ناشمەوێ ئەوە بە رێگای تێنەگەیشتن یان تەحقیق نەکردن، یەکلایی ببێتەوە.

### کۆنگرەی یەکێتی

**رووداو: ئێستا یەکێتی یەکپیزە یان چەند دەستە و گرووپێکە؟ گەیشتوون بە کوێ بۆ رێکخستنەوەی یەکێتی؟**

**مەلا بەختیار:** هەموومان بە پەرۆشین بچینە کۆنگرە. هەوڵیش دەدەین تا کۆنگرە هەندێک لە کێشەکانمان چارەسەر بکەین، لەناو کۆنگرەش هەتا دەتوانین کێشەکانمان چارەسەر دەکەین.

**رووداو: ئەو کاتەی خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بۆ بەستنی کۆنگرە دایناوە (7ی ئادار)، کاتێکی گونجاوە؟ کۆدەنگیی لەسەرە؟ بڕیاری کۆتایی لەسەر دراوە؟**

**مەلا بەختیار:** ئەمە پێویستی بە کۆدەنگیی ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی هەیە. من پێموایە لە 3/1 تاوەکو 3/15 کاتێکی گونجاوە بۆ بەستنی کۆنگرە.

**رووداو: هەندێک کەس گرەو لەسەر ئەوە دەکەن کە یەکێتی ناتوانێ ئەمساڵ کۆنگرە ببەستێ، ئێوە دەڵێن چی؟**

**مەلا بەختیار:** گرەوی زۆر لەسەر یەکێتی کراوە، یەکێتی بفەوتێ، یەکێتی دوای جیابوونەوەی گۆڕان تەفروتونا دەبێ. دوای کارەساتی هەکاری گوتیان نامێنێ، لەدوای 31ی ئاب گوتیان نامێنێ، بەڵام هیچی وا دەرنەچوو.

**رووداو: سەبارەت بە پۆستی سکرتێری گشتی یەکێتی، وەکو وەفا، وەکو رێزێک بۆ کاریزمای مام جەلال، بە هەمان فۆرم دادەنرێتەوە یان ئالیەتێکی دیکە دەدۆزرێتەوە، یان سەرکردایەتییەکی دەستەجەمعی هەبێ بۆ یەکێتی، ئێوە چ ئالیەتێکتان لەلا پەسەندە؟**

**مەلا بەختیار:** پۆستی سکرتێری یەکێتی، مام جەلال زۆر بە جوانی بەرجەستەی کردبوو، گوناهە کەس جارێکی دیکە بیر لەو پۆستە بکاتەوە. تەنانەت من لەگەڵ جێگیریش نیم، نەک سکرتێر. جۆرێک لە پەیکەرێکم لە خەیاڵە بۆ یەکێتی، لەگەڵ ئۆرگانەکانی یەکێتی گفتوگۆی لەسەر دەکەین.

**من دەستەواژەی 16ی ئۆکتۆبەرم داهێنا**

**رووداو: دەچێتەوە سەر ئەو هەیکەلەی بزووتنەوەی گۆڕان؟ ئەوەت بە دڵە؟**

**مەلا بەختیار:** نەخێر ئەوەم بەدڵ نییە.

**رووداو: بەشێک لە نووسەرانی کورد، فۆرمی حیزبەیاتی کوردی بە فۆرمی لینینی و ستالینی ناودەبەن، تۆ دەتەوێ شتێکی مۆدێرن بێ، بڕوات بە هاوسەرۆکی هەیە؟**

**مەلا بەختیار:** من باوەڕم بە حیزبی لینینی و ستالینی و تۆتالیتاری نەماوە، مێژوو بە ئەزموونە نوێیەکان دووبارە بکەیتەوە هەڵەیەکی گەورەیە، دەمەوێ لەناو یەکێتی داهێنانێک بکەین.

**رووداو: بڕوات بە سیستەمی هاوسەرۆکی هەیە؟**

**مەلا بەختیار:** نەخێر.

**رووداو: خۆت لە کۆنگرە دەمێنیتەوە؟**

**مەلا بەختیار:** ئەگەر یەکێتی پێویستی بە من بێ و بزانم دەتوانم درێژە بە راپەڕاندنی ئەرکەکانم بدەم. توانای نووسینم مابێ، ئەگەر یەکێتی بزانێ ئەوە لە مندا هەیە. ئەوە دەیخەمە ئەستۆی ویژدانی ئەندامانی کۆنگرە. بۆ ئاگاداریت لە هیچ کۆنگرەیەکدا من تەزکیەم قبوڵ نەکردووە و مەحاڵە قبوڵی بکەم. قەواعیدی خۆم دەخەمە بەردەم ویژدانی ئەندامانی کۆنگرە، دەرچووم دەرچووم. دەرنەچووم هەر یەکێتی دەبم.

**رووداو: پێشبینیت بۆ کۆنگرەکەتان چی دەبێ، تەزکیە و تەزکیەکاری زۆر تێدا دەبێ، بڕیاری پێشوەختی تێدا دەبێ یان کۆنگرە بەڕاستی حەسمی پۆستەکان دەکات؟**

**مەلا بەختیار:** لەگەڵ هیچ جۆرە تەزکیەیەک نیم، بەڵام هەموو کۆنگرەیەک گفتوگۆی هەڤاڵانەی تێدایە و گەڵاڵەکردنی بیروڕای تێدایە. کە چوویتە کۆنگرە جۆرەها لیست دەبینی. ئەمجارەیان هەندێک سەرکردەی یەکێتی لە ئاستی سەرکردایەتیدا نەبوو، ویژدانی کادیری یەکێتیان وا داخ کردووە، من باوەڕ ناکەم لە چوارەمین کۆنگرەی یەکێتی هەموو کەسێک وا بە ئاسانی لە فیلتەری ئەو ویژدانە دەربچێ بۆ سەرکردایەتی. بەدرێژایی مێژوو لە نێوان گیرفان و ویژدان ململانێ هەیە. ئەوەی دوای گیرفان دەکەوێ کودەتا دەکات، ئەوەی دوای ویژدان دەکەوێ هەمیشە لەسەر بنەمای بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفە نوێیەکان بڕیار دەدات.

**رووداو: ویژداندۆستەکان یەکێتییان پەرتەوازە کردووە، یان گیرفاندۆستەکان؟**

**مەلا بەختیار:** ئەگەر بەبێ ویژدانی و گیرفان بووایە، من نەدەبوو لە دووەم کۆنگرە و سێیەم کۆنگرە دەربچم. لە کۆنگرەی سێ، سێ تەکەتول دژم بوون، بە ئاشکرا لە ناو کۆنگرە دەسووڕانەوە بۆئەوەی دەنگ بە من نەدرێ. تەنانەت مام جەلال، کاک ئازاد جوندیانی نارد بۆ لام و گوتی پێی بڵێ لە دووەمین قۆناغی کۆنگرە دەرناچێ، پێمگوت ئەگەر لە قۆناغی یەکەم 50+1م نەهێنا، لە قۆناغی دووەم خۆم هەڵنابژێرمەوە.

**رووداو: باس لەوە دەکرێ کە قوباد تاڵەبانی لەلایەن بنەماڵەی تاڵەبانییەوە کاندید دەکرێ بۆ سەرکردایەتی یەکێتی، کاندیدکردنی ئەوتان پێ شیاوە؟**

**مەلا بەختیار:** تەزکیەی بنەماڵەم بۆ کەس قبوڵ نییە، بەڵام هەموو کەس ئازادە خۆی هەڵبژێرێ. من پێموایە کادیری یەکێتی بەرامبەر بە کاک قوباد و خەڵکی دیکەش بە ویژدان دەبێ.

**رووداو: کەواتە پاڵپشتی کاک قوبادی؟**

**مەلا بەختیار:** پەیوەندییەکی جوان لە نێوان من و کاک قوباددا هەیە. ئێستا رێکلامی بۆ ناکەم، بەڵام لە کۆنگرە هەڵسەنگاندم دەبێ بۆی.

**رووداو: دەگوترێ کاک کۆسرەت دەیەوێ سەرکردایەتییەکی گەنج بێتە پێشەوە و نایەوێ خۆی هەڵبژێرێتەوە، ئێوە لەگەڵ ئەوەدان؟**

**مەلا بەختیار:** هەموو ئەو تەرحانە بەناوی هێنانە پێشەوەی گەنج و سەرکردایەتی گەنج لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، شکستیان خواردووە. گەنج و پیر بە پرۆژەیە. بە ئاستی تێگەیشتن و پێگەیشتنە. مام جەلال تا ئەو چرکەساتەی چاوی لێکنا، گەنج بوو لە بیرکردنەوەدا. هی وا هەیە گەنجە کە قسە دەکات، وا هەست دەکەی باپیری قسە دەکات. سەرکردایەتی ئێستای یەکێتی نزیکەی 12 گەنجی تێدایە. 95 %ی ئەندامانمان لە پەرلەمان گەنجن. پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی عێراق کەمتر نین لە سەرکردایەتی

**ئێران نەبووایە حەشدی شەعبی نەیدەتوانی لە حەمرین بێتە پێشەوە**

**نەمانتوانی گیرفاندۆستەکانی نێو یەکێتی ریشەکێش بکەین**

## 16ی ئۆکتۆبەر کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر دەنگەکانی یەکێتی دەبێ

# ـــژەی 10-15% کەم دەکات

**کەس ناتوانێ یەکێتی چەک بکات**

یەکێتی. 80 %ی ئەندامانی ئەنجوومەنی ناوەند گەنجن. ئەم قسەیە تازە نییە گەنج بێت و گەنج بڕوات. من بەشبەحاڵی خۆم دەڵێم لەگەڵ ئەوەم کێ لە سەردەمەکە تێدەگات، کێ لە حیزبایەتیی هاوچەرخ تێدەگات. کێ مۆراڵی حیزبایەتی باشی هەیە. کێ کەمتر ئاگای لە گیرفانیەتی و زۆرتر ئاگای لە ویژدانی نەتەوەیی و دیموکراسییە، ئەگەر کەسێکی 20 ساڵی بێ بۆی مۆردەکەم، ئەگەر 70 ساڵیش بێ هەر بۆی مۆردەکەم.

**رووداو: زۆر باسی گیرفان دەکەی، گیرفانپەرستی لەنێو یەکێتی ماندووی کردووی؟**

**مەلا بەختیار:** بەڵێ زۆر، لەنێو یەکێتی و لە دەرەوەی یەکێتیش. بەڕاستی چاوچنۆکی گەیشتووەتە رادەی بێشەرمی.

**رووداو: دەتوانن رووبەڕوویان ببنەوە؟**

**مەلا بەختیار:** رووبەڕوویان بووینەوە، بەڵام بەداخەوە نەمانتوانی لە رەگ و ریشەوە دەریانبهێنین. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو هەموو رەخنە و لۆمەیەی لە حیزبەکان هەیە، ئەوەیە چاوچنۆکی زیادی کردووە، قۆرخکردنی بازاڕ هەیە، دزی و تاڵانی و بەرتیلخواردن بووەتە شتێکی زۆر زۆر ئاسایی لەلای بەشێکی بەرچاو.

**رووداو: خۆت ئەوەندە گیرفان خاڵیت؟**

**مەلا بەختیار:** بەقەد کێلەکەی شەهید ئارام پاکم.

**رووداو: ئەو قسەیەت زۆر دەنگی دایەوە کە گوتت ژێرزەمینەکان پڕن لە پارە. ئێستاش پێتوایە ئەو قەیرانە بە پارەی ژێرزەمینەکان چاک بکرێ؟**

**مەلا بەختیار:** نا بە پارەی ژێرزەمین نا. بەڵام کەسێک بە ئاسایی نەبووبێ بە سەرمایەدار، بە چاوچنۆکی بووبێتە سەرمایەدار، ئەسڵەن نازانێ چۆن پارەکەی بخاتەکار، دەیخاتە ژێرزەمین.

### هەڵبژاردنەکانی کوردستان

**رووداو: ئێستا باس لەوە دەکرێ کە سەرەتای مانگی نیسان هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکرێ؟**

**مەلا بەختیار:** ناتوانم بڵێم بە تەواوەتی ئامادەین، بەڵام مەبدەئی هەڵبژاردن رەتناکەینەوە. کێشەمان هەیە، دەبێ پرۆگرام ئامادە بکەین. لیست ئامادە بکەین. کۆنگرە پێش هەڵبژاردن ببەستین. وەکو یەکێتی کێشەمان هەیە، لەگەڵ پارتی کێشەمان هەیە، هێشتا لە یەکدی دڵنیا نین.

**بە عەمەلی مەکتەبی سیاسی ماوە**

**رووداو: بەڵام وادیتە بەرچاو بە تەنیا ئێوە ئامادەنین.**

**مەلا بەختیار:** بەشی زۆری حیزبەکان پێیان باشە چەند مانگێک هەڵبژاردن دوابخرێ. بۆ ئەوەی دڵنیا بن بێنە نێو هەڵبژاردن. بەڵام ئێمە نابینە کۆسپ لە بەردەم هەڵبژاردن.

**رووداو: چ پێشبینییەکتان هەیە بۆ رێژەی دەنگەکانی یەکێتی لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا؟**

**مەلا بەختیار:** من پێموانییە هیچ حیزبێک رێژەی جاران بێنێ، مەگەر لایەک تەزویر بکات. چونکە ناڕەزایی خەڵک و قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر رێژەی دەنگ دەبێ.

**رووداو: 16ی ئۆکتۆبەر کاریگەری لەسەر دەنگەکانی یەکێتی چی دەبێ؟**

**مەلا بەختیار:** سلبییە، بە تایبەتی لە کەرکووک. لەبەر ئەوەی خەڵک ئیستیعابی ناکات، لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە نییە راستییەکان دەربخات. هێرشێکی گەورە لەسەر ئێمە هەیە، بێگومان ئەوە کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر بەشێک لە دەنگدەر دەبێ.

**رووداو: 16ی ئۆکتۆبەر سەتا چەندی دەنگەکانی یەکێتی دەبات؟**

**مەلا بەختیار:** ئێمە تەنیا کێشەی 16ی ئۆکتۆبەرمان نییە، کێشەی دیکەشمان هەیە ئەگەر بەیەکەوە کۆببێتەوە 10 % تا 15 %ی دەنگەکانمان کەم دەکات.

**رووداو: کەوتە دەبنە حیزبی چەندەم؟**

**مەلا بەختیار:** ئەگەر یەک کورسی یان 100 کورسی بێنین، هەر یەکێتی نیشتمانیی کوردستانین. نە لە عێراق نە لە کوردستان هیچ کەسێک ناتوانێ بەبێ یەکێتی بڕیار بدات.

**رووداو: جا ئەوە چ دیموکراسییەکە، ئێوە دەنگتان هەبێ یان نا، هەر رەقەمەکەی جارانن؟**

**مەلا بەختیار:** دیموکراسییەکەمان قبوڵە وەکو ئەنجام. وەکو پراکتیک جومگە سەرەکییەکانی ئەم بارودۆخە لە پێشمەرگە، لە ئاسایش، لە پۆلیس، کۆمەڵێک دامودەزگا، ئەم جومگانە گرنگن بۆ کۆمەڵگەی ئێمە کە گەمارۆ دراوە بە دەوڵەتانی نادیموکرات. هێشتا مەترسی داعش و ماعش و ئەوانە ماون. هێزی کاریگەر، کاریگەرە لە پەرلەمان بێ یان نا. ئێستا بەڕێز مالیکی لە سەرۆکوەزیرانی ماوە؟ کەچی هەم لە پەرلەمان و هەم لە نێو رای گشتی شیعە کاریگەریی زۆری هەیە.

**رووداو: ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە مادام ئێوە حیزبێکی مێژوویین و لە شاخەوە هاتوون، دەنگ بهێنن یان نا، جومگە سەرەکییەکانی ئەو وڵاتە بەدەستی ئێوەوە دەبێ؟**

**مەلا بەختیار:** ئێمە قبوڵ ناکەین کەس چەکمان بکات، ئێمە چەکمان هەیە و کەس ناتوانێ چەکمان بکات. ئەو هێزەی هەمانە دەیخەینە خزمەتی پرۆسەی دیموکراسی، ئەمن و ئاسایشی خەڵک. بەڵام هێزێک بیر لەوە بکاتەوە زۆرینەی هێناوە و بێت چەکمان بکات. با بیری

**گوناهە کەس بیر لە پۆستی سکرتێری گشتی یەکێتی بکاتەوە**

لێنەکاتەوە.

**رووداو: کەس ویستوویەتی چەکتان بکات و شاربەدەرتان بکات؟**

**مەلا بەختیار:** ئەگەر بە رواڵەت سەیری رووداوەکان بکەی، حیزبی وا هەیە ئەو خەیاڵەی هەیە کە پارتی و یەکێتی داماڵن لە هەموو دەسەڵاتێک. بۆ نموونە ئەو خۆپیشاندانانەی دوایی کە ئاراستەکەی گۆڕا بۆ توندوتیژی، فەلسەفەی پشت ئەو توندوتیژییە ئەوە بووە کە گوتوویانە ئەگەر یەکێتی نابووت نەکەین، ناتوانین پارتیش نابووت بکەین. گوتوویانە یەکێتی پارەی نییە، جەماوەری کەم بووە، بەس هێزەکەی ماوە، با هێزەکەی و بارەگاکانیشی هەڵوەشێنینەوە، ئەوکاتە کۆنترۆڵی ئەو ناوچەیە دەکەین کە پێیدەڵێن ناوچەی سەوز. دواتر هەڵمەت بۆ پارتی دەبەین، بەڵام لە 24 سەعاتدا هاوکێشەکەمان گۆڕی.

**رووداو: کێ لە پشتی ئەم پیلانەوە بوو؟**

**مەلا بەختیار:** کاتی نییە بیڵێم.

**رووداو: ناوخۆی یەکێتی تێدابوو؟**

**مەلا بەختیار:** ناوخۆی یەکێتی ختوکەیان دەدا.

**رووداو: جیابوونەوەی بەرهەم ساڵح کاریگەری لەسەر دەنگەکانتان دەبێ؟**

**مەلا بەختیار:** بێگومان دەبێ. کاک بەرهەم ئەوەی نەدەبوو بیکات کردی. کە کردیشی دیارە دەزانێ لە نێو یەکێتی رێژەیەکی لەگەڵە. دەزانێ دەنگە ناڕازییەکانیش کۆبکاتەوە.

**رووداو: هەوڵ هەیە بۆ مێنانەوەی؟**

**مەلا بەختیار:** بەشبەحاڵی خۆم چەند جارێک کاک بەرهەمم دیوە، مەسئولانەش قسەم لەگەڵ کردووە. لەو وێستگانەی پێویست بووە، بە پێچەوانەی کۆمەڵێک لە خەڵکی نێو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەڵوێستم وەرگرتووە و بڕیارم داوە. بۆ نموونە کە لە سەرۆکوەزیران لابرا

**پیلانی گرووپی جیاواز بۆ هەڵوەشاندنەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نەچووە سەر**

**نابینە کۆسپ لە بەردەم هەڵبژاردن**

پێم خۆش نەبوو. کە بۆ سەرۆک کۆماری کاندید کرا، من پشتیوانیم کرد. کە پرۆژەیەکی هەبوو بۆ ناوخۆ و دەرەوەی یەکێتی، پشتیوانیم کرد. دوایینجار دوو مانگ و نیو لەمەوبەر لە ماڵی دلێری سەید مەجید بینیم. پێمگوت تۆ گۆرباتشۆف مەبە، تینگ سیاو پینگ بە. گۆرباتشۆف گوتی یەکێتی سۆڤیەت و ئەورووپای رۆژهەڵات دەڕووخێنم و باشتری بنیات دەنێمەوە، بەڵام باشتری نەکرد و لە هەڵبژاردنێکیش زۆر بە لاوازی تێکشکا. تینگ سیاو پینگ گرتیان، دادگاییان کرد لە پەکین، هێلکەبارانیان کرد، بەڵام خۆی راگرت، دواتر هەموو حیزبی کۆمۆنیستی چین چوون بۆ لای و گوتیان بەبێ تۆ هیچمان پێناکرێ. ئەو چینی گەیاندە ئەو ئاستەی کە کێبڕکێی زلهێزەکانی جیهان دەکات. کاک بەرهەم دەیتوانی لە نێو یەکێتی بەرهەمێک بێت، لە ئەزموونێکی وەکو چین یان وڵاتانی دیکە سوود وەربگرێ.

**رووداو: هەندێک دەڵێن کاک بەرهەم کاراکتەرێکی هەلپەرست بوو لە نێو یەکێتیدا؟ هەندێک دەڵێن دوای مام جەلال زۆر بێنازتان کرد، هەندێک دەڵێن پرۆژە و پلانی زۆر گەورەی هەبوو، زۆر شتی بۆ بەجێهێشتوون کە شانازی پێوەبکەن، بەڵام نرخیتان نەزانی. کام لەمانە راستە؟**

**مەلا بەختیار:** خۆزگە بتوانم هەموو شتەکان بڵێم، بەس باش نییە ئێستا. هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم لە هەرە ماندووەکانی ئێمە نەبوو. نە لە شاخ یەک رۆژ پێشمەرگە بووە. نە یەک جووت گۆرەویشی بۆ پێشمەرگە ناردووە، بەڵام کاک بەرهەم کادرێکی ئێمە بوو. یەکەمجار ساڵی 1984 کاک بەرهەمم لە لەندەن ناسی، بەرپرسی شانەی یەکێتی بوو. کاک بەرهەم بە قابلیەتی خۆی، سەرەڕای ئەوەی کە پێشینەی پێشمەرگایەتی نەبوو. کە لە زیندانیش بووە ئەشکەنجە نەدراوە و تاقیکردنەوەی خۆی کردووە، ئەوکات پێنجەمی عێراق بووە. سەرۆک عەشیرەتێکی تکریتی بە واستەی باوکی لە زیندان ئازادی کردووە و زەماڵەی وەرگرتووە و چووەتە دەرەوەی وڵات. هەتا راپەڕین کاک بەرهەم کادرێک بووە لە کادیرەکانی یەکێتی. بەڵام لەوە زیاتر یەکێتی و مام جەلال چی بۆ بەرهەم بکەن؟ نوێنەری یەکێتی بوو لە ئەمریکا. لە سێ کۆنگرە بە تەزکیە دەرچووە. کاک بەرهەم شایستەیی خۆی لە نێو یەکێتی بە زیادەوە وەرگرتووە.

**رووداو: کەواتە بەرهەم ساڵح غەدری لە یەکێتی کردووە؟**

**رەوتەکەی شاسوار رەوتێکی پۆپۆلیستییە**

**مەلا بەختیار:** جەزرەبەمان لێدەدات.

**رووداو: چوونی نوێنەرەکەی بۆ بەغدا بە جەزرەبە حیساب دەکەی؟**

**مەلا بەختیار:** هەموو ئەو حیزبانە دەیانگوت تەنیا حکومەتی هەرێمی کوردستان بچێ بۆ بەغدا، کەچی هەرسێ لایەنەکە چوون بۆ بەغدا.

**رووداو: زۆر کەس دەڵێن هەرچی پرۆژەی شارسازیتان هەیە وەکو هەواری شار، تەلاری هونەر، پارکی ئازادی، زانکۆی ئەمریکی لە سەردەمی بەرهەم ساڵح کراون و ئێستا ئێوە شانازیی پێوە دەکەن، راستی تێدا نییە؟**

**مەلا بەختیار:** ئەوە بە ئیمکانیەتی حکومەت نەکراوە؟ بە پارەی مام جەلال و بەرهەم ساڵح نەکراون. زانکۆی ئەمریکی یەکێک لە پرۆژە هەرە باشەکان بوو کە کاک بەرهەم کردوویەتی، ئەویش 118 ملیۆن دۆلاری لە حکومەت وەرگرتووە.

**رووداو: ئایا لیستی نەوەی نوێی شاسوار عەبدولواحید هیچ لە دەنگەکانی یەکێتی دەبات؟**

**مەلا بەختیار:** ئەو رەوتە زۆرتر رەوتێکی پۆپۆلیستییە، لە نێو بزووتنەوە پۆپۆلیستییەکان دەتوانێ دەنگ بهێنێ نەک لەنێو ئێمە.

**رووداو: لەگەڵ گرتنی شاسوار بووی؟**

**مەلا بەختیار:** یەک یاسای نێودەوڵەتی راگەیاندنم بۆ بهێنە رێگە بەو کارە بدات کە (ئێن ئاڕ تی) بەتایبەتی بەمدواییە دەیکرد، بە ئاشکرا دەیانگوت دەتانڕوخێنین. ئێ کاکە تا هەڵبژاردن مەمانڕوخێنن، لە هەڵبژاردن بمانڕوخێنن. بۆیە دژی ئەو بڕیارە نەبووم.

### چارەنووسی نەجمەدین کەریم

**رووداو: سەبارەت بە د.نەجمەددین چی، ئایا ئێستا ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتییە؟**

**مەلا بەختیار:** دانەبڕاوە.

**رووداو: ئەی بۆچی ماڵەکەی لە سلێمانی داگیرکراوە؟**

**مەلا بەختیار:** کارێکی خراپ و ناشایستە بوو.

**رووداو: تاکەی هەر سەیری رووداوەکان دەکەی و ئیدانەی دەکەی؟ ئەو هەموو خراپەکارییە دەبینی کەی قسەی جددیت دەبێ؟**

**مەلا بەختیار:** کاریگەریم لەسەر سەتان بڕیار بووە کە لەنێو یەکێتی دراون. یەکێک بووم لە بڕیارسازەکانی یەکێتی. من عەشیرەت و شێخ و بنەماڵەم لەپشت نەبووە، بە رەنجی خۆم گەیشتووم. پێشمەرگەیەکی خراپ نەبووم، سیاسەتمەدارێکی خراپ نەبووم. کاک نەجمەددین بەپێی خۆی چووە بۆ هەولێر، گوناهم چییە، خۆزگە بهاتایەتە ماڵەکەی من.

**رووداو: چوون بۆ هەولێر یەکسانە بە پارتیبوون؟**

**مەلا بەختیار:** نەخێر، بەڵام هەموو ئەندامێکی یەکێتی، هەموو کادیرێکی یەکێتی ئەگەر شاری خۆی جێبهێڵێ پەناگەی سلێمانییە.

### پەیوەندی هەولێر و بەغدا

**جیابوونەوەی بەرهەم ساڵح کاریگەری لەسەر دەنگەکانی یەکێتی دەبێ**

**رووداو: دوای 16ی ئۆکتۆبەر دۆخێک لە نێوان هەولێر و بەغدا دروستبوو، نەدەتوانرا بەری پێ بگیرێ؟**

**مەلا بەختیار:** ئێمە لە سەرەتاوە جۆرێک لە ناکۆکیمان هەبوو بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا. ئێمە پێمانوابوو هەتا کوردستان بەشێک بێ لە عێراق ستراتیژی چارەسەر لە بەغدایە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قەت بوارمان نەداوە یەکڕیزی کوردایەتیی تێکبچێ. نەدەچووین حیزب بە حیزب بڕۆین یاریمان پێ بکەن. عەبادی پێیوابوو دوای کارەساتی کەرکووک دەتوانێ کۆمەڵێک سەرکەوتنی دیکەی سەربازی تۆمار دەکات و مەرجی قورستریش دەسەپێنێ. من پێموایە ئەوە بەر لە هەر شتێک غرورێکی عەسکەری بوو.

**رووداو: ئەگەر عەبادی لەسەر ئەو غرورە بەردەوام بێ، یەکێتی پێیدەڵێ ستۆپ؟**

**مەلا بەختیار:** بەڵێ. ئێمە هەموو ئیستحقاقێکی دانوستاندن دەدەین، چی پێویست بوو دەیکەین، بەڵام ئەگەر سوودی نەبوو، جەنابی عەبادی یان هەر جەنابێکی دی، بیەوێ ئیسقانی نەتەوەکەمان بشکێنێ، ئێمە هەتا موقاوەمەتی میللی لەگەڵی دەڕۆین.

**رووداو: ئەمە قسەی مەلا بەختیارە، یان یەکێتی؟**

**مەلا بەختیار:** قسەی زۆری یەکێتیشە.

**رووداو: قسەیەک هەبوو پێشتر دەیانگوت یەکێتی تەقلە بە فیل لێدەدات، بەڵام حەشدی شەعبی فیلیش نەبوو بە بەرچاوی یەکێتییەوە تەقلەی بە هەموو کورد و پێشمەرگە لێدا؟**

**مەلا بەختیار:** ژمارەی شەهیدەکان بژمێرە بزانە لە کەرکووک چەند شەهیدمان داوە؟ لەناو کەرکووک چ لایەنێک زۆرترین شەهیدی دا، هەتا لە کاتی 16ی ئۆکتۆبەر؟ فەرماندەمان هەیە دەبابە بەسەریدا رۆیشتووە، هەڵنەستاوە. ئەو هەموو خەڵکەی لە کەرکووک و دوزخورماتوو ئاوارە بوو، ئەوە بەرگرییە. خەڵکی ئێمە کە لە کەرکووک پێناکەنێ، بەرگرییە. ئەمە یەکێتییە. حەشدی شەعبی ئەگەر بە پشتیوانی ئێران نەبووایە نەیدەتوانی لە حەمرین بێت بەو دیوەوە. ئێران بەڕوونی پێیگوتین ریفراندۆم مەکەن، هەتا سەر شاخی حەمرین ئاڵای کوردستان بەرز بکەنەوە پشتیوانیتان دەکەین، ماددەی 140 جێبەجێ بکەن، پشتیوانیتان دەکەین، ئەمەیان پێگوتین. بەڵام قەت چاوەڕێم نەدەکرد ئەوەمان لەگەڵ بکەن کە کردیان.

**رووداو: باسی قوربانیدانت کرد لە کەرکووک، هێز بەدەست ئێوە و پارتییەوەیە، خوێنی خەڵک ئەوە ناهێنێ کە ئاوها لە دوورەوە سەیری سووتانی دووزییەکان بکەن؟**

**مەلا بەختیار:** لە پەنای هەندێک رێککەوتن دوزخورماتوو وای بەسەرهات. ئێمە لەگەڵ عێراقی و ئێرانییەکان وا رێکەوتبووین کە حەشدی شەعبی نابێ بێتە نێو خورماتوو. ئەوکاتەی شیعە لە ئامرلی و سلێمان بەگ گەمارۆدرابوون، بەڕێز سیستانی پەیامێکی بڵاوکردەوە کە دەبێ ئامرلی رزگار بکرێ، بەڕێز هادی عامری و ئەبوو مەهدی موهەندیس و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هاتن کە ئێمە کارێک بکەین، ئەوان بتوانن پەیامەکەی سیستانی جێبەجێ بکەن. ئێمە گوتمان دەتوانین هاوکاریتان بکەین بەو مەرجەی حەشد نەیەتە هیچ شارێکی کوردستان. پێشمانگوتن دەبێ رەزامەندیی کاک مەسعود بهێنن کە ئەو هێزە دێتە ئەو ناوچەیە. رەزامەندییان هێنا، بەڵێنیان دا، بەڵام لە یەکەمین سەعات بەڵێنەکەیان شکاند. بۆیە ئێمە لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە هەڵەمان نەکردووە، ویژدانمان ئاسوودەیە، بەڵام ئەوان نەدەبوو ئەو پەیمانشکێنییە لەگەڵ ئێمە بکەن.

**رووداو: ئەو خانەقینەی کە پێشتر مەلا بەختیار سەردانی دەکرد، بە کیلۆمەتر خەڵک دەستیان بۆ بەرز دەکردەوە و سڵاویان بۆ دەکرد، هەستت چۆنە کە ئێستا خەڵکێکی بێگانە حوکمی ئەو شارە دەکەن و نامێڵن ئاڵای کوردستان هەڵبکرێ؟**

**مەلا بەختیار:** حاکمیەتی ئیداری هەر بەدەست ئێمەوەیە. بەبۆنەی رۆژی عاشووراش هەزاران ئاڵا هەڵکران. کەسیش نەیتوانی تەدەخول بکات. لەگەڵ ئەوەشدا من خوشکی گەورەم وەفاتی کرد ئامادەنەبووم بەشداری لە ناشتنیدا بکەم لەو دۆخەی خانەقین. قەناعەتم وابوو ئەگەر بچوومایەتەوە خانەقین بە هەزاران کەس لە چواردەورم کۆدەبوونەوە.

**رووداو: ئەو مێزانەی لەوێن قبوڵیان دەکرد؟**

**مەلا بەختیار:** ئەگەر بچوومایەتەوە خانەقین 300-400 پێشمەرگەم لەگەڵ خۆم دەبرد و ئیجازەشم لە کەس وەرنەدەگرت.

**رووداو: کێشەی نێوان شیعەکان لە سەرهەڵدانەوەدایە، ئەمە بە گوتارەکانی عەبادی و مالیکییەوە دەبینرێ، کێشەی فراوانبوونی دەسەڵاتە ئابووری و ئەمنییەکانی حەشدی شەعبیش دووبارە لە گەورەبوونەوەدایە، پێتوایە عەبادی لەسەر غرورەکەی بەردەوام بێ و مل نەدات بۆ دانوستاندن؟**

**مەلا بەختیار:** هەر شتێک لە سنووری خۆی چووە دەرەوە هەڵدەگەڕێتەوە. عەبادی دەرفەتێکی زێڕینی بۆ هەڵکەوتووە، توانی سەرکەوتنێک بەو دۆخەی لە ناوچەکە هەیە و بەهۆی هاوپەیمانان تۆمار بکات. من پێموابێ ئەگەر ئاگای لە خۆی نەبێ، بەو غرورەی قازانج سەری مایەش دەخوات.

**ئەوەی لە کەرکووک روویدا کەتن بوو**

جارێکیان کاربەدەستێکی گەورەی ئەمریکی لە خانەقین داوای بینینمی کرد، لێیانپرسیم ئەدای ئەمریکات پێ چۆنە. گوتم لەدوای شەڕی ڤێتنام گەورەترین سەرکەوتنی سەربازیتان بەدەستهێنا، بەڵام عێراق بە گەورەترین شکستی سیاسی جێدەهێڵن. گوتی: بۆ؟ گوتم: زۆر بە غرووری سەربازی هەڵسوکەوت دەکەن. عەریفێکتان هێناوە ئیدارەی خانەقین بکات، لە کەرکووک ئەفسەرێکتان داناوە، پێمگوتن واز لەو غروورە سەربازییە بهێنن، کەسی مەدەنی دابنێن خزمەتی خەڵک بکات. ئەمریکا غروور گرتی و شکستی هێنا و بە ناچاری عێراقی جێهێشت. من پێموایە ئەو غروورەی عەبادی وای بەسەردێنێ ئەگەر لەگەڵ هەرێمی کوردستان رێکنەکەوێ، لەگەڵ سوننە کێشەکان چارەسەر نەکات، دەستوور جێبەجێ نەکات، بێگومانم بۆی ناچێتە سەر.

**رووداو: لای یەکێتی قابیلی قبوڵ نییە؟**

**مەلا بەختیار:** قابیلی قبوڵ نابێ، ئەگەر ئەو سیاسەتە بسەپێنێ و رێککەوتنی نوێمان لەگەڵ نەکات بە هاوسەنگی لەگەڵ هەموو لایەنەکان.

**رووداو: ئەمجارەش شەفاعەتی ئێران بۆ عەبادی یان مالیکی کارتان تێناکات؟**

**مەلا بەختیار:** پێشتریش ئێمە بە سیاسەت و نەهجی خۆمان کردوومانە. ئێران کاراکتەرێکە لەناو شیعەدا رۆڵی هەیە. کێ کاندید بێ ئێران لەگەڵ ئێمە و لەگەڵ پارتی بە حدوودێکی مەعقول، بە حدوودێک دەزانێ چەند گوێی لێدەگیرێ، قسەمان لەگەڵ دەکات. ئەو نایەت فەرمان بە ئێمە بکات، ئەمە بکەین یان ئەوە نەکەین. ئێران زۆر لەوە زیرەکترە بە ئەمر لەگەڵ ئێمە بێتە پێشەوە، دەشزانێ حیزبە کوردستانییەکان فەرمان جێبەجێ ناکەن.

**بڕوام بە سیستمی هاوسەرۆکی نییە**

**رووداو: عەبادی زۆر باسی دەستوور دەکات، ئایا لایەنی عێراقی زیاتر پێشێلی دەستووری کردووە یان کورد؟**

**مەلا بەختیار:** با یوئێن تەحقیق بکات، با شارەزایانی قانوونی، یاساداڕێژەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان بێن تەحقیق بکەن. بزانن ئێمە زۆرتر دەستوورمان پێشێل کردووە یان حکومەتەکانی عێراق. من دەڵێم عێراق زۆرتری کردووە، بەڵام ئەو قسەی من نابێتە حەقیقەتێکی رەها.

**رووداو: لە بەغدا لە جەنابی سەرۆک کۆمارم پرسی ئەگەر عەبادی ملی نەدا بۆ دانوستاندن لەگەڵ هەرێمی کوردستان، هەڵوێستت چی دەبێ، گوتی بۆ هەموو کارێک کاردانەوە هەیە. تۆ چۆن تەفسیری ئەم قسەیە دەکەی؟**

**مەلا بەختیار:** جەنابی سەرۆککۆمار هاوڕێمە و بە مامۆستای خۆمی دەزانم. بە گەورەی خۆمی دەزانم، هاوڕێی ئەمینی مام جەلال بووە، من پێموایە ئەگەر دواجار هیچ نەتیجەیەک نەما بۆ چارەسەر، جەنابی سەرۆککۆمار کوردی لە پۆستی سەرۆککۆماری خۆشتر دەوێ و بەجێی دەهێڵێ.

**ئێرانییەکان پێیانگوتین تا حەمرین ئاڵا هەڵبکەن، بەڵام ریفراندۆم مەکەن**

بە تەحەمولترین سیاسییە، بەڵام لە کاتی خۆیدا شۆڕشگێڕیشە.

**رووداو: پێتباشە کورد چۆن بەشداری هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق بکات؟**

**مەلا بەختیار:** من پێمباشە لەسەر ئاستی عێراق هەموو لیستە کوردستانییەکان یەک بگرین. لە کوردستانیش ئازادبین.

### باکوور و رۆژئاوای کوردستان

**رووداو: بەبۆچوونی هەندێک لە شرۆڤەکاران بەهۆی ئەو دۆخە نائاساییەی لە تورکیا هەیە، پارتی کرێکارانی کوردستان کاری سەربازی و سیاسییان زۆر لاواز بووە. ئایا ئەم دۆخە هەروا بەردەوام دەبێ؟**

**مەلا بەختیار:** کاری سەربازیان لاواز نەبووە، بەردەوام هەموو هەفتەیەک چالاکیان هەیە. من پێموابێ لە بەرژەوەندی تورکیا و دیموکراسیی تورکیا و قبوڵکردنی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپادا نییە، ئەو بارودۆخەی کوردستان وا بمێنێتەوە. تورکیا پێویستی بە پێداچوونەوەیەک هەیە بە سیاسەتی خۆی. ئێستا جەوهەری کێشەی تورکیا دووشتە، ئابووری و باکووری کوردستان. پێموایە تاکە رێگا لەبەردەم تورکیا ئەوەیە دیالۆگێکی بەرپرسیارانە و یاسایانە لەگەڵ باکووری کوردستان بکات.

**رووداو: بەمدواییانە پەکەکە کانتۆنی قەندیلی راگەیاند، ئەمە شتێکی راست بوو؟**

**مەلا بەختیار:** نەخێر.

**رووداو: ئایندەی رۆژئاوای کوردستان چۆن دەبینی؟ ئایا ئەو دەسەڵاتدارییەی کە پەیەدە بەو شێوەی ئێستا بنیاتی ناوە دەتوانێ بەردەوام بێ.**

**مەلا بەختیار:** 2016/6/7 لە زانکۆی سلێمانی کۆڕێکم بەست، گوتم رۆژئاوا و حیزبەکانی رۆژئاوا ئاگایان لە خۆیان نەبێ، لەدوای شەڕی داعش و نوسرە، موئامەرەیان لەسەرە. ئێستا ئەوە لە کۆنگرەی سووچی و جنێف بەشێک لە حیزبەکان قبوڵ دەکەن، پەیەدە قبوڵ ناکەن. تورکیا گوشار دەکات، هێزی بەکارهێناوە. ئەمە سەرەتایەکی ترسناکە. رووسیا تەحەفوزێکی هەیە، گوشار ناخاتە سەر تورکیا و ئێران و سووریا بۆ ئەوەی نوێنەرەکانی پەیەدە بچنە کۆنگرەکان. گەورەترین کێشە لە رۆژئاوای کوردستان ئەوەیە باشترین هەلی مێژوویان بۆ هەڵکەوتووە ناتوانن کێشە ناوخۆییەکانیان چارەسەر بکەن. نە ئەنەکەسە بەم توندڕەوییە لە رەخنەگرتن دەتوانێ زەمینەی دیالۆگێکی باش دروست بکات، نە پەیەدەش دەتوانێ بە داخستنی هەموو دەرگاکان بۆ دیالۆگ، دەتوانێ مۆفەق بێ لە کۆکردنەوەی هەموو هێزەکانی رۆژئاوای کوردستان.

کوردستانی
ڕووداو
ژمارە ( 488 ) – دووشەممە 2018/1/8



## چوکلێتی ئامەد هەناردەی 17 وڵات دەکرێت

**ڕووداو– ئامەد**

نزیکەی 90%ی ئەو چوکلێتەی لە کارگەیەکی ئامەد لە باکووری کوردستان بەرهەمدەهێندرێ، ئێستا ڕەوانەی 17 وڵاتی دەکرێ. دەکرێت. یوکسەل کایای تەمەن 46ساڵ کە لە ناوچەی پیشەسازی ئامەد یەکەمین کارگەی چوکلێتی لە شارەکەدا دامەزراندووە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەمساڵ ئاستی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەمان دەگەیێنینە 20 تۆن و بۆ 8 وڵاتی دیکەشی هەناردە دەکەین". گوتیشی "چوکلێتەکەمان هەناردە دەکەین بۆ ڕووسیا، هەروەها کار لەسەر هەناردەکردن دەکەین بۆ میسر، نایجیریا، کامیرۆن و گانا، هەناردەکردن کاری لەپێشینەمان دەبێت، بەمەش ژمارەی ئەو وڵاتانەی بەرهەمەکانمانی بۆ هەناردە دەکەین دەگاتە 25 وڵات".

# ئەڵمانێک 14 ساڵە لە گوندێکی باکووری کوردستان پەنابەرە



هەڵمووت بەهۆی نەگەیشتن بە دڵدارەکەی سەری خۆی بەرەو باکووری کوردستان هەڵگرتووە

**مەهدی موتڵو**
**ڕووداو — مەدیاد**

ئەگەر عەشق نەبووایە، ڕەنگە ئێستا هەڵمووت لە وڵاتەکەی خۆی، لە کارگەیەک یان کۆمپانیایەک یان فەرمانگەیەکی حکومەت ئەندازیار بووایە، بەڵام عەشق ئەوی دەربەدەر کرد و دواجار لە گوندێکی دوورەدەستی باکووری کوردستان گیرسایەوە.

هەڵمووت، پیاوێکی ئەڵمانە و تەمەنی 58 ساڵە. لە وڵاتەکەی خۆی کۆلێژی ئەندازیاری تەواو کردووە. لە تەمەنی گەنجیدا عاشقی کچێک دەبێ، بەڵام کچەکە لەگەڵی بەردەوام نابێ، بۆیە سەری خۆی هەڵدەگرێ و ڕوو لە باکووری کوردستان دەکات، ئەو ئێستا لە گوندی حەسەنانی میدیات، لە دامێنی چیای جوودی لە گوندێکی ئاشوورییەکان نیشتەجێیە، سەرەتا گومانیان لێی هەبووە کە سیخوڕ بێت، بەڵام ئەوە چواردە ساڵە بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە وڵاتەکەی، شەقام و ماڵەکانی ئەو گوندە پاک دەکاتەوە.

هەڵمووت دەڵێت ئەو لە ئەڵمانیا ئەندازیارێکی باش بووە، لە گەنجیدا دوو جار کەوتووەتە داوی ئەڤینی کچانی ئەڵمان، بەڵام ئەڤینەکەی تا سەر نەبوو، ئەو کچەی دڵی بردبوو، دڵی شکاند و جێیهێشت. هەڵمووت دەڵێت دەنگێک پێیگوت ئەڤینی ڕاستەقینەی تۆ ئەو کچە نییە، بۆیە سەری خۆی هەڵدەگرێ.

هەڵمووت لە دامێنی چیای جوودی لە باکووری کوردستان قسە بۆ (ڕووداو) دەکات و دەڵێت: "لە ساڵی 1984–1985 هەڵەیەکم لە ژیانی خۆمدا کرد، لەگەڵ کچێک ژیام، بەبێ هاوسەرگیری بەیەکەوە دەژیاین، بەڵام ئەو شتێکی دیکەی لەسەردا بوو، ئەگەر خودا ویستی لەسەر بووایە ئێستا منداڵم دەبوو، ئێستا چاوەکانیشم نابینن". هەڵمووت دەڵێ خودا ڕێگەیەکی لەبەر واڵا کرد و ئاراستەی کوردستانی کرد "هەرچەندە هاتنم بۆ ئێرە سەخت بوو، بەڵام خودا منی ناچاری ئەم چیا و چۆڵە کرد و ئێرە بووە چارەنووسی من".

دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی و بێئومێدبوون لە دڵدارەکەی، ڕوو لە باکووری کوردستان دەکات. ئەو دەڵێت "دوای ئەوەی خوێندنم تەواو کرد بە مۆتۆرسکیلێک ڕووم لەم ناوچە کوردیانە کرد. یەکەمجار کە هاتم هیچ شتێکم نەدەزانی و هیچ کوێیەک شارەزا نەبووم، هەموو شتێک، کتێبەکانیش لێرە هەمووی بە تورکی بوون، گەیشتمە میدیات لەوێ بە ئاشووری قسەیان دەکرد، بە ئارامی و کوردی و تورکی، هەستمکرد قسەکردن بە تورکی لەو ناوچەیە کەمترە و زۆرتر بە کوردی قسە دەکەن".

هەڵمووت ئیدی لەم کێوانەی کوردستان گیرسایەوە، سەرەتا دەیەویست ئەو جوگرافیا و کۆمەڵگایە بناسێت، چونکە ئیدی ئەوێ بووبووە وڵاتی ئەو، زۆرجار کەسی وا هەبوونە بەهەڵە لەو تێگەیشتوون و وایانزانیوە سیخوڕە.

هەڵمووت گوتی: "لەم ناوچەیەدا مۆتۆڕەکەمیان تێکدا، دەیانگوت هەموو شتێک ئێمەین، ئێمەین تۆ دەپارێزین، منیان بە دوژمنی کورد دەزانی و دەستگیریان کردم، بەڵام ئێستا هەندێکیان منیان خۆشدەوێ، یەکێک لەو کەسانەم لە ساڵی 2015دا بینییەوە، گوتی بمبوورە".

ئەو ئێستا لە گوندی حەسەنای دامێنی چیای جوودیە کە گوندی ئاشوورییەکانە، هاوینان چەند ماڵێکی بۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بە یەکجاری دەستبەرداری گوندەکەیان نەبن، لەوێ دەمێننەوە. هەڵمووت وەک دەروێشێک کارەکانی ئەوان ڕایی دەکات، هەندێکجار زبڵ و خاشاکی نێو گوندەکە کۆدەکاتەوە، ئاشووری و ماڵباتە کۆچەرییە کوردەکان بوونەتە دۆست و هاوڕێی، ئەو بە ئازادی خۆی دەسووڕێتەوە و پەیوەندی لەگەڵ دروستکردوون، ماوەی چواردە ساڵە هەرچوار پارچەی کوردستان گەڕاوە.

هەرچەندە ئەو دۆستە کوردەکانی خۆی خۆشدەوێ، لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێ چەند ئامۆژگارییەکم بۆیان هەیە: "تاوەکو ئێستا کورد زۆر دڵی بە دوژمنەکانی خۆی خۆشە، بەڵام بۆ خۆیان دوژمنی یەکدین و حەز بە لەناوچوونیان دەکەن، بەڵام ئومێدم هەیە کە کوردستان ئاوەدان ببێت".

هەڵمووت تێبینی کردووە هەموو گۆرانییە کوردییەکان لەسەر ئێش و ئازارن، دەڵێت ئیدی پێویستە گۆرانی بۆ کەیف و شادی بڵێن، ئەو لەنێو هونەرمەندە کوردەکان زیاتر حەز بە دەنگی شڤان پەروەر دەکات، بەڵام هەموو کاسێتەکانی شڤان پەروەری لێ سەندراونەتەوە.

"شڤان پەروەر زۆر خۆشە، ڕەنگبێ ڕۆژێک گۆرانییەکی ئەویش بڵێمەوە، بەڵام تورکەکان کاسێتەکانیان بردم و هەموو شتێکیان ون کردم، جارێکی دیکە کۆمنەکردنەوە".

گۆرگیسی هاوڕێی هەڵمووت لە گوندی حەسەنانە و ئاشوورییە، دوای ئەوەی زۆربەی ئاشوورییەکان گوندەکەیان بەجێهێشت و ڕوویان لە ئەورووپا کرد، ئەو دەستبەرداری گوندەکەی نەبووە و ماوەتەوە.

گۆرگیس دەڵێت: "23 ساڵە گوند چۆڵ بووە، ئێمە ئێستا دێری گوند نۆژەن دەکەینەوە و هێشتا تەواو نەبووە، لێرە ئێمە ئازادانە بیروباوەڕی خۆمان دەردەبڕین و کاری خۆمان دەکەین".

گۆرگیس لەبارەی هاوڕێ ئەڵمانەکەی دەڵێ: "هەڵمووت بۆ خۆی و گوندەکەیشی وەک دیارییەکی خودا وایە. زۆر دڵخۆشین لەگەڵ ئەو، ڕامان گۆڕیوەتەوە و بەیەکەوە دەردەدڵی زۆرمان کردووە، ئەو وەک مژدانەی مەسیحە بۆ خەڵکەکە".

هەڵمووت 14 ساڵە لە باکووری کوردستان دەژی، خۆی بە ئەندامێکی گوندی حەسەنەنان دەزانێ. لە گوندەکە زۆر ئاسوودەیە و هێشتا بیری لەوە نەکردووەتەوە بگەڕێتەوە ئەڵمانیا.

## دەیان پەیمانگا و ناوەندی کولتووریی کوردی داخراون

# تورکیا دەستی بە سەرکوتی زمانی کوردی کردووەتەوە

**ڕووداو– هەولێر**

لە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵی ڕابردوودا پەیوەندیی کۆمەڵگەی کوردی باکووری کوردستان و ئەنقەرە ئاڵۆزتر بووە، هەر لەو کاتەشەوە ژمارەیەکی زۆر دەزگای میدیایی کوردی، ناوەندی فێرکاریی زمانی کوردی و پەیمانگەی کولتووری داخراون. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی گۆڤاری (نەیشن)ی ئەمریکی، کەس نازانێت ئەو هەڵمەتە کەی کۆتایی دێت و بەرەو کوێ دەچێت.

پەیمانگای زمانی کوردی لە ئیستەنبوڵ یەکێک لەو ناوەندە کولتوورییانەیە کە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە داخراوە، بۆیەش ناچار بوون ستاف و کەرەستەکانی خۆیان بگوازنەوە بۆ سەنتەرێکی فێرکردنی شوفێری کە لەناو هەمان باڵەخانەی ئۆفیسی پێشووی پەیمانگاکەدایە. سامی تان، زمانەوان و مامۆستای زمانی کوردی، وێڕای داوای لێبوردن لە ستافی گۆڤارە ئەمریکییەکە بەهۆی بەرتەسکبوونی شوێنەکەیان، دەڵێت: "پێشتر دوو پۆل و کتێبخانەیەکمان هەبوو، بەڵام ئێستا شوێنەکەمان هەندێک ناخۆشە".

ئەو دیمەنانەی لە ڕاپۆرتەکەی گۆڤاری (نەیشن)دا باسیان دەکرێت ئاماژەیەکی ڕوونن بۆ ئەوەی دۆخی سامی تان و هاوکارەکانی زۆر لەوە خراپترە کە بە "هەندێک ناخۆش" وەسف بکرێت. ئۆفیسەکەی ئێستایان یەکجار بچووکە و لە هەموو شتێک دەچێت پەیمانگای فێرکردنی زمان نەبێت، دیوارەکانی ئۆفیسەکەیان بە پۆستەری ئۆتۆمبێلی سپۆرت و ریکلامی کۆمپانیاکانی دڵنیایی ئۆتۆمبێل داپۆشراوە و کتێبەکان لەسەر مێزەکە کەڵەکە بوون.

لە یەک ساڵی ڕابردوودا بارودۆخی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی تورکیا یەکجار شپرزە بووە. لە شەوی 31ی کانوونی دووەمی پارساڵدا 94 ناوەند و دامەزراوە و پەیمانگا داخران، پەیمانگای فێرکردنی زمانی کوردیش یەکێک لەوان بوو. حکومەتی تورکیا ئەو ناوەندانە بەوە تۆمەتبار دەکات کە پەیوەندییان لەگەڵ "ڕێکخراوی تیرۆریستی" هەیە.

مانگێک دوای هەڵمەتەکەی 31ی کانوونی یەکەم، حکومەت دەستی بەسەر هەموو دۆکۆمێنت، ماتریاڵەکانی وانەگوتنەوە، کۆمپیوتەر و تەنانەت کورسی و مێزەکانی پەیمانگاکەی تاندا گرت و ماڵپەڕەکەشیان داخرا. لەسەر کاغەز، تان و هاوکارەکانی مافی ئەوەیان هەیە داوای پێداچوونەوە بە بڕیارەکەی حکومەت بکەن و کۆمیسیۆنێکیش بۆ ئەم مەبەستە دامەزرێنراوە، بەڵام وەکوو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەکوو لێبوردنی نێودەوڵەتی (ئەمنستی) دەڵێن، ئەو کۆمیسیۆنە ناتوانێت هیچ ڕۆڵێکی هەبێت، نەک هەر لەبەر ئەوەی کۆمیسیۆنەکە حکومییە، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە تەنیا حەوت ئەندامی هەیە و 100 هەزار کەیس چاوەڕێی پێداچوونەوە دەکەن.




پەیمانگای زمانی کوردی لە ئیستانبووڵ لەژێر ناوێکی دیکە دەستی بە کارەکانی کردووەتەوە

پەیمانگای زمانی کوردی لە ئیستەنبوڵ، لە گەرمەی سەرکوتی کۆمەڵگای کوردی باکووردا لە 1992 دامەزراوە. ئامانجی بەرەوپێشبردنی پەروەردە بەزمانی کوردی و بە ستانداردکردنی زمانی کوردی بووە. تان خۆی چەندینجار وەکوو چالاکڤانی زمان و کولتووری کوردی و ڕۆژنامەڤان دادگایی کراوە، بەم حاڵەشەوە پێی سەیرە کە ڕەوشەکە لە دوو ساڵی ڕابردوودا ئاوها بە خێرایی ئاوەژوو بووەتەوە. سامی تان دەڵێت: "قەت بیریشمان لەوە نەدەکردەوە بگەینە ئەو دۆخەی کە قوتابخانەکانمان دابخرێن".

دەستووری ئێستای تورکیا کە دوای کودێتاکەی 1980 پەسەند کراوە، زمانی تورکی وەکوو تاکەزمانی فەرمی وڵات دەناسێنێت. لە ساڵی 1983 تاوەکو 1991 بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دەرەوەی ماڵ قەدەغە بوو. ساڵی 1991 تورگوت ئۆزاڵ بە فەرمی ڕێگەی بە پەخش و بڵاوکردنەوە بە زمانی کوردی دا.

بەڵام لە 2009 حکومەتەکەی پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکپارتی) پلانی "کرانەوە بە ڕووی کورد"ی ڕاگەیاند و ژمارەیەکی زۆر بەربەستی بەردەم زمان و کولتووری کوردی لادا. بەڵام لە دوای هەوڵی کودێتاکەی تەمووزی 2016ی تورکیا و ڕاگەیاندنی دۆخی نائاسایی، سەرکوتی زمان و کولتووری کوردی جارێکی دیکە بەگوڕ بووە.

لە مانگی ئاداری ڕابردوو، سامی تان جارێکی دیکە پەیمانگاکەی کردەوە، بەڵام ئەمجارە لەژێر ناوی پەیمانگای لێکۆڵینەوەی کوردی. تان بەدووری نازانێت حکومەت هەڵمەتێکی دیکە لەدژی پەیمانگا نوێیەکەیان ڕابگەیەنێت، چونکە بە گوتەی خۆی "ئەمە تورکیایە و قەت نازانیت چی ڕوودەدات". پەیمانگاکە لە تشرینی یەکەمی ئەمساڵەوە دەستی بە کۆرسەکانی زمانی کوردی کردووە کە بەشێکیان کرمانجین و بەشێکیان زازاکین.

150 کەس بەشداری لەو کۆرسانە دەکەن. تان دەڵێت: "ئەوانەی لەو دۆخەدا بەشداری لە کۆرسەکانمان دەکەن، دەبێت زۆر ئازا بن".

هەڵکوتانە سەر کۆمەڵگای مەدەنی باکووری کوردستان لەدوای هەڵوەشانەوەی پرۆسەی ئاشتی لە هاوینی 2015 دەستی پێکرد، کاتێک شەڕ و پێکدادان لە ژمارەیەک شار و شارۆچکەی باکووری کوردستان لە نێوان چەکدارانی نزیک لە پارتی کرێکارانی کوردستان و هێزە ئەمنییەکانی تورکیا سەریهەڵدا کە یەکێکیان ناوچەی سووری ئامەد بوو.

لە ناوچەی سوور دوو ناوەندی پەروەردەیی پێش ـ قوتابخانە هەبوون کە هەردووکیان بەشێک لە پرۆژەی "زارۆکستان" بوون. یەکێکیان لە شەڕەکەی ناوچەی سوور وێران بوو. زارۆکستان تۆڕێکی ناوەندی پەروەردەیی پێش قوتابخانە لەخۆدەگرێت کە تێیاندا زمانی ئینگلیزی، هەردوو زاراوەی کرمانجی و زازاکی بە سەرپەرشتی زمانەوان و ئەکادیمیسیەنی وەکوو شەریف دەرینجە دەخوێنران. بە گوتەی دەرینجە "تەنیا لە ئامەد، هەزار منداڵی خێزانە هەژارەکان هاتوچۆی ناوەندە پەروەردەییەکانی زارۆکستانیان دەکرد، چونکە خوێندن لەو ناوەندانە بەخۆڕایی بوو".

لە ساڵی 2015 دا بیست ناوەندی پەروەردەیی دیکە لە ناوچە کوردییەکان کرابوونەوە، بەڵام لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا یان وێرانکراون، یان بوون بە قوربانیی سیاسەتە دژە-کوردییەکانی ئەنقەرە- واتە داخراون یان بەتورکی کراون.

ئەحمەد کە چالاکڤانی مافەکانی مرۆڤە لە ئامەد، یەکێک لە منداڵەکانی خۆی ڕەوانەی ناوەندێکی سەر بە تۆڕی "زارۆکستان" کردبوو. ئەو ساڵانێکی زۆر ڕەخنەی لە سیاسەتی تورکیا و توندوتیژییەکانی پەکەکە گرتووە، بەو حاڵەشەوە پێیوایە "حکومەت پەروەردەی زمانی دایکی بە سیاسی کردووە. ئێمە کوردین و لە ئامەد دەژین، بۆیەش دەبێت منداڵەکانمان فێری زمانی کوردی ببن".

حکومەت هەوڵ دەدات ئەو ناوەندە پەروەردەییانە بە "تاوانکار و لایەنگری گروپە تیرۆریستییەکان" لەقەڵەم بدات. بەڵام ئەحمەد، ئەو تۆمەتانە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت "زۆرجار سەردانی ئەو شوێنەم کردووە و قسەم لەگەڵ مامۆستاکان کردووە، بۆ ئەوەی دڵنیا ببمەوە لەوەی پرۆگرامەکانی فێربوونی زمانیان ناچێتە خانەی بە گوێدا خوێندنی دروشمی ناسیۆنالیستی".

مادە 42ی دەستووری تورکیا تەنیا ڕێگە بەفێربوونی زمانی تورکی دەدات، بەڵام لە 2012 ئاکپارتی، بۆ ڕاکێشانی دەنگی کورد، کۆمەڵێک چاکسازی کرد و سنووری ئازادییە زمانییەکانی فراوانتر کرد.

ژمارەیەک لە مامۆستا و خوێندکارانی پەیمانگای زمانی کوردی ئیستەنبوڵ بە تۆمەتی پەیوەندیدار بە تیرۆریزمەوە دوورخرانەوە. سامی تان دەڵێت "تەنانەت ئەفسەرانی پۆلیسیش سەردانی پەیمانەگاکانی ئێمەیان دەکرد، چونکە دەیانویست زمانی زگماکی خۆیان فێر بن، بەڵام ئێستا ئاکپارتی دەیەوێت زمان و کولتووری کوردی بە تاوان لەقەڵەم بدات".

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (نەیشن) ئەو "قەیوم"انەی حکومەتی تورکیا لە شوێنی سەرۆکشارەوانییەکانی شارە کوردییەکان داینــاون ژمارەیەکی زۆر لەو نیشانە، پەیکەر و ناوی شوێنانەیان لاداوە کە پەیوەندییان بە کەسێکی بەناوبانگی کوردییەوە هەیە. لە بەتلیس پرۆژەی هەدەپە بۆ کردنەوەی کتێبخانەیەک هەڵوەشێنراوەتەوە، باخچەیەکی منداڵانی چوارزمانەش لە ماردین داخراوە و بەرپرسەکەی دەستگیرکراوە. وەکو دەرینجە بۆ گۆڤارە ئەمریکییەکەی باس دەکات لە 21ی شوباتی ڕابردوو (کە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکە) قەیومەکانی ئامەد هەموو مامۆستاکانی زارۆکستانیان لەسەر کار لادا.

پەیمانگاکەی سامی تان لە ئیستەنبوڵ پاش گۆڕینی ناوەکەی لەسەر کارەکانی خۆی بەردەوامە. وەکوو خۆی و مامۆستاکانی پەیمانگاکە باس دەکەن ئەوان نایانەوێت کۆڵ بدەن، چونکە "کۆمەڵگاکە گۆڕاوە، ئێستا سۆشیال میدیا، کەناڵی تەلەفزیۆنی سەتەلایت هەیە کە پەخشیان لە دەرەوەی تورکیایە. بۆیەش زۆر ئاسانتر لە جاران دەتوانین بزانین چی دەگوزەرێ". پاش وەستانێک، تان دەڵێت "زمانی کوردی زۆر بەربەستی بڕیوە و ئەم بەربەستەی ئێستاش دەبڕێ".

# هەڵەبجە لە هەولێر پارێزگایە و لە بەغدا قەزایە

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

هەوڵــی پەرلەمانتارانــی کــورد لــە بەغــدا نەیتوانــی هەڵوێســتی حکومەتەکــەی عەبادی بەرامبــەر پارێــزگای هەڵەبجــە بگــۆڕێ و کۆمیســیۆنی ســەربەخۆی هەڵبژاردنەکانــی عێراقیــش وەک قەزایەکــی ســەر بــە پارێزگای سلێمانی ئامادەکارییەکانی خۆی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانــی عێراق لە هەڵەبجە دەســتپێکردووە. بەڵام لە ئامادەکارییەکانی کۆمســیۆنەکەی سەر بە هەرێمی کوردســتاندا، هەڵەبجە پارێزگایەکی سەربەخۆیە. بەرپرسێکی پارێزگاکە دەڵێ "دەبێ پەرلەمانتاران و سەرۆک کۆمار ڕێگە بگرن لەوەی بەغدا وەک قەزا مامەڵەمان لەگەڵ بکات".

ڕۆژی 2013/12/26 لە کۆبوونەوەیدا لەگەڵ نــووری مالیکــی کە ئــەوکات ســەرۆکوەزیرانی عێــراق بــوو، نێچیرڤــان بارزانــی ســەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پڕۆژە یاسای بە پارێزگاکردنی هەڵەبجەی بە فەرمی ڕادەســتی ســەرۆکوەزیرانی عێــراق کــرد، پــاش ئــەوەی ئەویــش ڕەزامەندی لەســەر نیشــان دا، خرایە کۆبوونــەوەی پەرلەمانــی عێراقــەوە و دواجار پەســەند کرا، کەچی حکومەت نەیخستە بواری جێبەجێکردنــەوە و تاوەکــو ئێســتاش لەنێــو فایلێکی داخراودا ماوەتەوە. ئەوە لەکاتێکدا کە ڕۆژی 2014/3/16 و هاوکات لەگەڵ ســاڵیادی کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، مەسعود بارزانی سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان، مەرســوومی بە پارێزگابوونــی هەڵەبجەی واژۆ کرد.

حوســێن عەبدوڵــڵا، ئەندامــی پێشــووی پارێزگای ســلێمانی لەسەر پشــکی هەڵەبجە، دەڵێ لــەو ڕۆژانــەی ڕابردوو لەگەڵ ســەرۆکی فراکسیۆنە کوردستانییەکانی پەرلەمانی عێراق کۆبوونەتــەوە بۆ ئەوەی داوایان لێبکەن هەموو هەوڵێکــی خۆیــان بخەنەگــەڕ بــۆ ڕێگرتــن لە پەســەندکردنی پڕۆژە یاسای بودجەی گشتیی عێــراق کە وەک قەزایەکی پارێزگای ســلێمانی مامەڵــە لەگــەڵ پارێــزگای هەڵەبجــە دەکات. حوسێن عەبدوڵڵا دەڵێت: "پەرلەمانتارانی کورد بەڵێنیــان دا و ئێمــە چاوەڕێین دانیشــتنەکانی پەرلەمــان کۆتاییان بێت، تاوەکــو بزانین بەغدا مامەڵەی خۆی لەگەڵ هەڵەبجە دەگۆڕێ یان نا".

حوســێن عەبدوڵڵا ئاشکرای کرد کە سەرۆک کۆمــاری عێــراق نامەیەکی ئاراســتەی حەیدەر عەبادی کردووە، بڕگەیەکی نامەکە داواکارییە بۆ چاوخشاندنەوە بە پرسی هەڵەبجەدا لە پڕۆژەی بودجە بۆئــەوەی وەک پارێزگایەکی ســەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، نەک قەزایەکی ســەر بە پارێزگای سلێمانی.

بــەڵام پەرلەمانتارێکی فراکســیۆنی یەکێتی لــە پەرلەمانی عێراق گەشــبین نییە لــە پڕۆژە یاســای بودجەی ئەمســاڵدا بەغدا مــل بدات بۆ داخوازیــی هەڵەبجەییــەکان "پێیانگوتیــن ئــەو بابەتــە پەیوەندی بــە وەزارەتەکانــی پلاندانان و بازرگانییــەوە هەیە، دەبێ ئــەو وەزارەتانە لە داتا و حیســاباتی خۆیاندا هەڵەبجە لە سلێمانی جیابکەنەوە و دواتر بیدەنە کۆمیسیۆن".

بەرێوەبەری لقی سلێمانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق:

## وەک قەزایەک مامەڵە لەگەڵ هەڵەبجە دەکەین

بەختیار شــاوەیس، باســی فۆرمــی خۆراک دەکات کــە تاوەکــو ئێســتاش وەزارەتەکانــی پلاندانــان و بازرگانیــی عێــراق وەک تاکــە ســەرچاوەی ســەرژمێری دانیشــتووانی عێــراق پشــتی پێدەبەســتن "فۆرمی خۆراکی هەڵەبجە ســەر بــە پارێــزگای ســلێمانییە، کۆمســیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق پێیانگوتین زۆر ئاســاییە و دەتوانین هەڵەبجــە جیابکەینەوە، بەڵام ئەوە دەبێ ئەو وەزارەتانە بیکەن و بیدەنە ئێمە".

لە بەهاری ئەمســاڵدا چــاوەڕوان دەکرێ دوو هەڵبــژاردن لــە هەرێمــی کوردســتان و عێــراق بەڕێوەبچــن. ئەوانیش هەڵبژاردنــی پەرلەمانی هەرێمی کوردســتان و هەروەها مانگێک تاوەکو دوو مانگ دواتــر هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق. لە هەڵبژاردنی یەکەمیاندا دانیشتووانی هەڵەبجە وەک پارێزگایەکی ســەربەخۆ بەشداریی دەکەن، لە هەڵبژاردنی دووەمیشــدا وەک قەزایەکی سەر بە پارێزگای سلێمانی.

هــاوڕێ تۆفیــق، بەڕێوەبەری لقی ســلێمانی کۆمیسیۆنی باڵای ســەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێــراق ڕەتیدەکاتــەوە هیــچ کێشــەیەک هەبێ لــەڕووی هونــەری و ئامادەکارییەکانــەوە "ئێمە لەوێ وەک قەزایەک ئامادەکاری دەکەین، چونکە حکومەتی عێراق وا مامەڵەی لەگەڵ دەکات".

د.تورهان موفتی، وەزیری پێشــووی دەوڵەت بــۆ کاروبــاری پارێزگاکان لــە حکومەتی عێراق باسی ڕێوشــوێنە یاســاییەکانی بەپارێزگابوونی هەڵەبجــە دەکات و دەڵێــت بــە پارێزگابوونــی هەڵەبجــە پێشــتر ئاســان بــوو، بەڵام ئێســتا پێویســتی بە دەرکردنی یاســایەکی تایبەتە لە پەرلەمانی عێراق.

لە لێدوانێکی پێشــتریدا بۆ (ڕووداو) هۆکاری ئەو یاسا تایبەتەی ڕوونکردەوە و گوتی: "پێشتر لــە چوارچێــوەی پــڕۆژە یاســای ژمــارە 21ی پارێزگاکانی عێراقدا بڕگەیەکمان دانا کە تایبەت بــوو بە ســەرلەنوێ دروســتکردنی پارێــزگا لە عێراق، چونکە پێشتر یاسای ژمارە 159ی ساڵی 1969 کە تایبەت بوو بە دروستکردنی پارێزگای نــوێ، هەڵوەشــایەوە و بڕگــەی دروســتکردنی پارێزگای نوێ خرایە چوارچێوەی پڕۆژە یاســای ژمــارە 21، بــەڵام بەهۆی نەبوونی پشــتگیریی یاســاییەوە، لەکاتی گفتوگۆکردن لەســەر پڕۆژە یاســاکە، ئەنجوومەنــی نوێنەرانــی عێــراق ئەو بڕگەیەی پەســەند نەکرد و لە یاساکە دەریهێنا، بەو هۆیەشــەوە بۆشــاییەکی یاســایی دروســت بوو کە بەپێی یاســای ژمارە 21 ناتوانرێت هیچ پارێزگایەکی نوێ لە عێراق دروستبکرێ".

هەڵەبجە کــە نزیکەی 75 هــەزار دەنگدەری هەیــە، پارێزگار و زۆربەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی هەیە. زیاتر لە ســێ ساڵیشــە بەهۆی ناکۆکیی نێــوان لایەنــە سیاســییەکانەوە، نەتوانــراوە ئەنجوومەنی پارێزگاکەی دەستبەکار بێ.

### هەڵەبجە چەند کورسی هەیە؟

مامەڵەنەکردن لەگەڵ هەڵەبجە وەک پارێزگایەک، دانیشتووانی هەڵەبجەی لە حکومەتەکەی عەبادی نیگەران کردووە. ژمارەیەک لە ڕێکخراوەکان و چالاکڤانانی پارێزگاکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە نیگەرانی خۆیان دەربڕیوە و داوایان کردووە نوێنەرانی کورد لە بەغدا ڕۆڵی خۆیان ببینن. حەسەن عەبدوڵڵا، ئەندامی پێشووی پارێزگای سلێمانی لەسەر پشکی هەڵەبجە دەڵێ "ئەوە کاریگەریی دەبێ لەسەر ژمارەی پەرلەمانتارانی کورد لە پەرلەمانی عێراق، بەوپێیەی هەر پارێزگایەک بەپێی ژمارەی دانیشتووانەکەی پەرلەمانتاری بۆ دیاری دەکرێ". بەڵام بەختیار شاوەیس، پەرلەمانتاری یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ "هەر پارێزگایەک ژمارەی دانیشتووانەکەی 400 هەزار کەس بێ، چوار پەرلەمانتاری دەبێ، بەڵام ژمارەی دانیشتووانی پارێزگای هەڵەبجە نیوە کەمتری ئەو ژمارەیە دەبێ".




بەپێی یاسای ژمارە 21ی پەرلەمانی عێراق هیچ پارێزگایەکی نوێ لە عێراق دروست ناکرێ

# پارتی و یەکێتی کۆکن هێزێکی ئەمــــریکی بچێتە کەرکووک و خورماتوو



پارتی دەڵێت ناگەڕێینەوە کەرکووک ئەگەر نەتوانین بەرگری لە خۆمان بکەین

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

ڕێککەوتنــی نێوان ئەندامانــی پارتی و یەکێتی لەســەر کۆبوونــەوەی ئەنجوومەنــی پارێــزگای کەرکــووک، لــە نێــوان قەرەهەنجیــر و هۆڵــی ئەنجوومەنــی پارێــزگادا پەکیکەوتــووە. ئەمە لە کاتێکدایە هەردوو لایەنەکە دەزانن ئەو پەرتەوازەیی و لێکدوورییــەی ئەوان، هەلێکی زێڕینی بۆ عەرەب و تورکمانەکانــی کەرکووک ڕەخســاندووە تاوەکو بێ هیــچ چاودێرییەک ئــەوەی دەیانەوێت بیکەن. ئەندامێکــی یەکێتــی لــە ئەنجوومەنــی پارێزگای کەرکــووک بەو جۆرە پێناســەی دۆخی ئێســتای کەرکــووک دەکات و دەڵێت "شــاری بێخاوەنە. لە کەرکــووک هەر کــەس بۆ خۆیەتــی و کەس نییە دەستی بێنە و بەردەی ئەوان بگرێ".

چەنــد ڕۆژێــک پێــش ســەری ســاڵ، پارتی و یەکێتــی ڕێککەوتن لەســەر ئــەوەی ئەنجوومەنی پارێــزگای کەرکووک یەکەمیــن کۆبوونەوەی دوای 16ی ئۆکتۆبــەر ڕێکبخات. دوو خــاڵ ڕێککەوتنی لەســەر کرابــوو بــۆ ئەوەی بــاس و خواســی ئەو کۆبوونەوەیە بێت: تاوتوێکردنی دۆخی کەرکووک و پۆستە ئیداری و ئەمنییەکانی، بەڵام کۆبوونەوەکە نەکرا.

محەممەد کەمال، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لەسەر لیستی پارتی دەڵێ: "گوتمان لە قەرەهەنجیــر کۆبوونەوەکــە دەکەین، بــەڵام دیارە برادەرانی یەکێتی نووســراوێکیان لەگەڵ تورکمان و عەرەبەکان ئیمزا کردووە بۆ ئەوەی کۆبوونەوەکە لە هۆڵــی ئەنجوومەنی پارێــزگای کەرکووک بێ"، ئــەوەش بــەلای پارتییەوە پەســەند نییە. چونکە وەک ئــەو دەڵــێ لــەو دۆخــەدا "ئێمــە ناچینەوە کەرکووک، لە حاڵێکدا کە پاســەوانەکانمان داریان بەدەستەوە بێ".

بەڵام ئەحمەد عەســکەری، ئەندامی یەکێتی لە لیســتی برایەتی کەرکووک ڕەتیکــردەوە کە ئەوان وەک یەکێتــی ڕازی نەبــن بــەوەی کۆبوونــەوە لە قەرەهەنجیــر بکەن "تورکمــان و عەرەبەکان نایەن و دەڵێن خۆ مەترسی لەسەر کەس نییە بۆ بچینە قەرەهەنجیــر، خۆ باڵەخانەی ئەنجوومەنی پارێزگا نەڕووخاوە". ئەو پێیوایە چیدیکە پێویســت ناکات داوا لە پارتی بکەن بگەڕێنەوە بۆ کەرکووک تاوەکو کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا بکرێ. عەسکەری دەڵێت: "ئێمە تێگەیشتووین لەوەی پارتی نایەوێ بەو شــێوەیە بگەڕێتــەوە کەرکــووک و دەیانەوێ بەڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی بەغدا بگەڕێنەوە".

کەســایەتییەکی کۆمەڵایەتیــی شــارۆچکەی چەمچەمــاڵ بە ناوی شــێخەی مەمەنــد ئاغا، دوو هەفتــە پێش کۆتایی ســاڵی 2017 پێشــنیازێکی خســتە بــەردەم ئەندامانــی لیســتی برایەتــی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کە بەســتەڵەکی نێوانیان لەماڵەکەی ئەودا بشکێنن لە چەمچەماڵ، بــەڵام محەممــەد کەمال دەڵێ، ئەو پێشــنیازە بۆ کۆبوونەوەی ئەنجوومەن نەبووە "تەنیا بۆ ئەوەبوو لیســتی برایەتی لەوێ کۆببینەوە، دیســان لەسەر ئەوەش ڕێکنەکەوتین".

تاوەکــو ڕۆژی 16ی ئۆکتۆبــەری 2017 کــورد دەستڕۆیشــتووی ڕاســتەقینەی کەرکــووک بــوو. پارێزگار و بەرپرسیاری یەکەمی هێزە ئەمنییەکان کوردبوون، چەندین نووسراوی وەزارەتەکانی بەغدا کە پشتیوانییان لە خاوەندارێتی عەرەبە هاوردەکان دەکرد، پشتگوێ دەخران. بەڵام چەند ڕۆژێک دواتر بە خێرایی هەموو شــتێک گۆڕا، ئێســتا نەتەوەی خاوەن پۆســتە باڵا و زۆرەکان، تەنیا بە بێدەنگی لەو شارەدا جێگای دەبێتەوە.

جوان حەســەن عارف، ئەندامــی یەکگرتوو لە لیســتی برایەتی دەڵێ بەلای لیســتی عەرەبییەوە هەتاوەکــو دۆخەکە بەم شــێوەیە درێژە بکێشــێ بەدڵیانــە و تورکمانەکانیــش کــە نــۆ ئەندامــن، لە لیســتی برایەتــی ناکۆکتر و شــپرزەترن لەنێو خۆیاندا "بەشێکیان دەیانەوێ سەرۆکی ئەنجوومەن لــەوان بێت و بەشــێکیان داوای پارێزگار دەکەن و بەشێکیشیان وەک سەربەخۆ قسە دەکەن".

گوتیشی مادام پۆستی پارێزگار ئێستا بەتاڵە، ئاســاییە ڕاکان ســەعید بەوەکالــەت پارێــزگاری کەرکــووک بێــت، بــەڵام دەڵێــت "پەرتەوازەیــی لیستی برایەتی وای کردووە ئێستا تورکمانەکانیش بەدەنگمانەوە نایەن و لە نێوان ئێمە و تورکمانەکاندا عەرەب براوەی دۆخەکەن".

هەرچەنــدە هێشــتا دوزخورماتــوو، ئــەو شــارۆچکەیەی پریشــکی گەورەی ئاگرەکەی 16ی ئۆکتۆبــەر ئــەوی ســووتاند نەگەڕاوەتــەوە ســەر کەرکــووک، بــەڵام بەرپرســانی کــورد پێیانوایــە چارەســەربوونی کێشــەی کەرکــووک کاریگەریــی ڕاســتەوخۆی لەســەر دۆخی خورماتــووش دەبێ. حەســەن بــارام، جێگــری لێپرســراوی مەڵبەندی یەکێتــی لە خورماتوو دەڵێ لە کاتێکدا شــاندێکی سێ حیزبەکە و شــاندێکی خەڵکــی خورماتووش ســەردانی بەغدایان کــردووە و بەڵێنیــان پێدراوە دۆخەکە ئارام بکەنەوە "هەر دوای ئەو ســەردانانە، ماڵــی هاووڵاتییەکــی کــورد لە گەڕەکــی کۆماری تەقێنرایــەوە، ئەوە لە کاتێکدا فەوجێکی ســوپای عێراقیش لەوێیە".

ئــەو بەرپرســەی یەکێتی دڵنیایە لــەوەی گەڕانــەوەی کوردیش بەبێدەســەڵاتی بۆ کەرکووک و خورماتــوو هیــچ لە دۆخەکە ناگــۆڕێ و پێیوایە گونجاوترین چارەســەر ئەوەیە "هێزێکی سەربازیی ئەمریکییــەکان بێنــە کەرکــووک و خورماتــوو بۆ ماوەی یەک ســاڵ، جگە لە پاراســتنی ئاسایشــی ناوچەکــە، چاودێریی جێبەجێکردنی ماددەی 140 بکەن".

> له نێوان کورد و تورکماندا، عەرەب براوەی دۆخی ئێستای کەرکووکن
>
> ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک

زۆربــەی خانــوو و دووکانــی کوردەکانــی خورماتــوو لە گەڕەکــی کۆماریی ســووتێنراون و تەقێندراونەتــەوە. زۆرتــر لــە 50 هــەزار مرۆڤــی کوردی نێو سەنتەری شارۆچکەکە ئاوارەی هەرێمی کوردســتان بوون. وەک حەسەن بارام دەڵێ، تاک و تەرا کورد لە نێو خورماتوو ماون و ئەوانیش بە ترسێکی زۆرەوە دەژین.

محەممەد کەمال، هەمان پێشنیاز بە چارەسەری گونجــاو دەزانێت و پشــتیوانی لێدەکات "باشــترە ئەو هێزە لەگەڵ پێشــمەرگە و ســوپای عێراق بە هاوبەشــی لــەوێ بن، ئێمــە دەزانین بەغــدا ئەوە پەســەند ناکات، بەڵام ئێســتا چارەسەری گونجاو ئەوەیە".

لــە دوو هەفتــەی ڕابــردوودا، دیاردەیەکــی دیکــەش چــووە ســەر کێشــەکانی کەرکــووک. کوشــتن و غافڵکوژکردنی کەســایەتییە دیارەکانی شــارەکە. ئەحمەد عەســکەری، هەموو کێشەکانی نێــو کەرکــووک دەگەڕێنێتەوە بــۆ کۆنەبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و وەرنەگرتنەوەی پۆســتەکانی کورد "تەعریب هەرچەندە بەو شێوە زۆرەش نییە، بەڵام کەس نییە دەســتیان بگرێ و بڵــێ وامەکەن. وەزیــر و بەڕێوەبەرەکان بۆ خۆیان خەڵــک دێنــن و دەیبــەن، هەرکەس بــۆ خۆیەتی و شــاری بێســاحێبە". محەممــەد کەمــال، هەروا نیگەرانــە لــە دۆخی کەرکووک "ئێمــە کە دەڵێین وا ناگەڕێینەوە بۆ کەرکووک، مەبەســتمان ئەوەیە بەشــێوەیەک دەچینــەوە کە بتوانیــن بەرگری لە خۆمان و خەڵکی کەرکووک بکەین".

## 2 ملیۆن کەس لە فڕۆکەخانەکانی کوردستان گەشتیان کردووە

**ڕووداو- هەولێر**

دەسەڵاتی فڕۆکەوانی مەدەنی، ئاماری گەشتیار و گەشتە ئاسمانییەکانی فڕۆکەخانەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2017 دا بڵاوکردەوە. عەباس عومران، بەڕێوەبەری دەسەڵاتی فڕۆکەوانی مەدەنی عێراقی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، ژمارەی گەشتیاران هاتن و چوون (10365935) گەشتیار بووە کە بەپێی فڕۆکەخانەکانیش بەشێوەیە بووە: لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا (4072073) گەشتیار. فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەسرە (986174) گەشتیار. فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی نەجەف (3355721) گەشتیار. دەسەڵاتی فڕۆکەوانی مەدەنی ئاماری گەشتە ئاسمانییەکانی فڕۆکەخانەکانی کوردستانیشی بڵاوکردووەتەوە کە بەو جۆرە بووە: فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر (1614334) گەشتیار و فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی (337633) گەشتیار.



ڕووداو
ئابووری
ژمارە (488) - دووشەممە 2018/1/8

### حکومەت دەست بە پرۆژەی قەرزی بچووک دەکاتەوە

# 24 هەزار گەنج بەهۆی قەرزی بچووکەوە کاریان دەستکەوتووە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری سندووقی پشتیوانیی پرۆژە بچووکەکانی لاوان، دەڵێت لەلایەن گەنجانەوە داواکارییەکی زۆر بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی قەرزی بچووک هەیە، حکومەتیش لەوە تێگەیشتووە کە قەرزەکە ڕۆڵی کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری و زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆ هەیە، بۆیە ڕەزامەندییان داوە لە مانگی نیساندا دەست بەوەرگرتنی قەرزەکان بکەنەوە و دووبارە بیدەنەوە بە قەرز.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی سندووقی پشتیوانی لە پرۆژە بچووکەکانی لاوان، لە مانگی ئابی 2011 تاوەکو کۆتایی ساڵی 2015، هەشت هەزار و 136 کەس لە وەرگرتنی قەرزی بچووک سوودمەند بوونە، 76 ملیار و 838 ملیۆن و 900 هەزار دیناریش لە ڕێگەی ئەو سندووقەوە بە قەرز دراوەتە گەنجان.

بەپێی ڕیزبەندی، زۆرترین سوودمەند لەو قەرزە لە شاری سلێمانییە بە 2.462 پرۆژە، دهۆک بە 2.442 پرۆژە بە پلەی دووەم دێت و هەولێر بە 2.346 پرۆژە و گەرمیان بە 886 پرۆژە بە پلەی سێیەم و چوارەم دێن، بەڵام لە وەرگرتنی زۆرترین پارەدا هەولێر بە وەرگرتنی 22 ملیار و 43 ملیۆن دینار لە پلەی یەکەمدایە و دهۆک بە 22 ملیار و 755 ملیۆن لە پلەی دووەم، هەروەها سلێمانی بە 22 ملیار و 314 ملیۆن و گەرمیان بە وەرگرتنی 7 ملیار و 725 ملیۆن پلەی سێیەم و چوارەمیان گرتووە.

بەپێی یاسای پرۆژەکە، دەبوایە حکومەت ساڵانە 25 ملیار دینار بۆ پرۆژەکە دابین بکات، تا ئەوکاتەی داهاتی سندووقەکە دەبێتە 500 ملیار دینار، بەڵام تەنیا ساڵی 2011 و 2012 حکومەت پابەندبوو بە دابینکردنی پارەکە و 12 ملیار دیناریشی لە بودجەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بۆ پرۆژەکان تەرخان کرد و ساڵی 2013 یش 14 ملیاری دیکە تەرخانکرا، بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی، ماوەی دوو ساڵە هیچ بڕە پارەیەک بۆ سندووقەکە دابین نەکراوە، وەرگرتنەوەی قەرزەکانیش وەستێنراوە.

ئارام ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری سندووقی پشتیوانی لە پرۆژە بچووکەکانی لاوان (قەرزی بچووک) لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە (ڕووداو)ی گوت: "سندووقەکەمان خاوەنی سەرمایەی تایبەت بەخۆی بوو، بۆیە تا 10 ی کانوونی دووەمی 2016 ، واتە دوو ساڵ پاش سەرهەڵدانی قەیرانی داراییش بەردەوام بوو، بەڵام دواتر بە بڕیارێک بەخشینی قەرزەکە وەستێندرا، ئەمە لەکاتێکدا بوو 29 ملیار و 949 ملیۆن و 539 هەزار دینارمان لەبانکدا هەبوو". هەتا ئەو کاتەی پرۆژەکە وەستێندرا، مانگانە یەک ملیار و 200 ملیۆنیان لە سوودمەندبووان وەردەگرتەوە، بەمەش دەیانتوانی درێژە بە پێدانی قەرزەکە بدەن، بەڵام حکومەت پرۆژەکەی ڕاگرت.

> **لە مانگی نیساندا دەست بە وەرگرتنەوەی قەرزەکانمان دەکەین**
> بەرپرسێکی وەزارەتی کار

ئارام ئەنوەر پێیوایە سندووقەکە ئامانجی خۆی پێکابوو، چونکە لە ماوەی چوار ساڵدا 8000 گەنج بوونە خاوەنی پرۆژە، زیاتر لە 24 هەزار گەنجیش بەهۆی ئەو پرۆژانەوە کاریان دەستکەوت. بۆیە دەڵێت "ئەگەر پرۆژەکە بەردەوام بووایە، ڕێژەی بێکاری لە 6.5 %وە بۆ 15 % بەرز نەدەبووەوە".



76 ملیار و 838 ملیۆن دینار بە قەرز دراوەتە گەنجان (فۆتۆ: ڕووداو)

### قەرزی بچووک دەدرێتەوە

ئارام ئەنوەر دەڵێت لەلایەن گەنجانەوە داواکارییەکی زۆر هەبوو بۆ دەستپێکردنەوەی قەرزی بچووک، بۆیە حکومەت لیژنەیەکی باڵای لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ بە بەدواداچوونی سوودی دووبارە دەستپێکردنەوەی قەرزەکان پێکهێنا، لیژنەکە لەوە تێگەیشت کە قەرزەکە ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری و زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆ، بۆیە ڕەزامەندییان داوە بۆ دووبارە وەرگرتنەوە پارەی قەرزی سوودمەندان و دەستپێکردنەوەی پرۆسەکە لەپارەی گەڕاوەی قەرزەکە.

ئارام ئەنوەر گوتی: "لیژنەکە بڕیاری دا لە سەرەتای ساڵی نوێ قەرزەکان وەربگرینەوە، بەڵام ئێمە پێشنیازمان کرد لە مانگی نیسان وەریبگرینەوە و بەپێی بڕی قەرزی گەڕاوەش لە پارێزگاکان دەست بە پێدانی قەرز بکەینەوە".

بەپێی ڕێنماییەکانی سندووقی پشتیوانی لە پرۆژە بچووکەکان، دەبێ سوودمەندبوو هاووڵاتیی کوردستان بێت و تەمەنی لەنێوان 16 بۆ 35 ساڵ بێت، توانای بەڕێوەبردنی پرۆژەی هەبێت، کارمەندی حکومی و کەرتی تایبەت نەبێ. پرۆژەکەش دەبێت لە بواری بازرگانی، پیشەسازی، خزمەتگوزاری، کشتوکاڵ، گەشتیاری و هەندێ جۆری دیکە بێ.

هەر بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی سندووقەکە، بەرزترین ئاستی قەرز 15 ملیۆن دینارە. بڕی قەرزەکەش بەپێی خەمڵاندنی جۆری پرۆژەکە دەگۆڕێت، پارەکەش بەدوو قۆناغ دەدرێت و دەبێت لە ماوەی شەش ساڵدا بگەڕێتەوە، وەرگرتنەوەشی دوای ساڵێک لە وەرگرتنی یەکەم قیست دەستپێدەکات، بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی داراییەوە ماوەی دوو ساڵە وەرگرتنی قەرزەکان وەستێنراوە.

ستار محەممەد، گەنجێکی شاری سلێمانییە و پێشتر بەشێوەی کلاسیک لەماڵەوە کونجیی دروست دەکرد و لە بازاڕ دەیفرۆشت، بەڵام لەساڵی 2012دا 10 ملیۆن دیناری لە حکومەت بە قەرز وەرگرت و ئامێرێکی پاکەتکردنی کونجیی کڕی.

ستار گوتی "پێشتر کونجی لەسلێمانی لەسەر عارەبانە لە قاپی نایلۆندا دەفرۆشرا، زۆرجار تۆزی زۆری لەسەر دەنیشت، من لەڕێگەی کڕینی ئامێرێک لە ئێران بۆ یەکەمجار لە سلێمانی توانیم ئەم شێوازە بگۆڕم، کونجی بەنایلۆن رووپۆش بکەم و لەجیاتی قاپ لەکارتۆندا دایبنێم، کاتی دەرچوون و بەسەرچوونیشی لەسەر چاپ بکەم. دوای منیش چەند کارگەیەکی دیکە تەقلیدی کارەکەی منیان کردووە. بەهۆیەوە شێوازی ئامادەکردنی کونجی لە سلێمانی، لەکلاسیکەوە بۆ هاوچەرخ گۆڕا".

بەرهەمی ڕۆژانەی کارگەکەی ستار نزیکەی 30 کارتۆنە، وەک خۆی دەڵێت خواستێکی زۆر لەسەر بەرهەمەکەی هەیە، بۆیە بەنیازە پەرە بە کارگەکەی بدات. ستار گوتی "زەوییەکم کڕیوە لە داهاتوویەکی نزیکدا کارگەکەم فراوان دەکەم و بەرهەمی زیاتر دەخەمە بازاڕ".

ئەو تاوەکو ئێستا 60 %ی قەرزەکەی بۆ حکومەت گەڕاندووەتەوە، قیستەکانی دیکەش لەکاتی دیاریکراو دەگەڕێنێتەوە، بۆ ئەوەی خەڵکانی دیکەش لەو قەرزە سوودمەند ببن.

لە سنووری پارێزگای دهۆک 2442 گەنج سوودمەند بوون لە قەرزەکە، لەم ژمارەیە تەنیا 150یان خانمن. گوهدار عەبدوڵڵا یوسف بەرپرسی نووسینگەی دهۆکی قەرزی بچووک، دەڵێت "لە چوار ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە پێنج هەزار گەنج لە دهۆک بەهۆی ئەو قەرزەوە کاریان دەستکەوتووە".

> **8136 گەنج قەرزی بچووکیان وەرگرتووە**

### نیوەی کاڵای هاوردەکراوی کوردستان، خۆراکە

# ساڵانە دوو تریلیۆن دینار بۆ خۆراک دەچێتە دەرەوە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان دەڵێت، بەهۆی کاریگەریی قەیرانی دارایی، توانای دارایی خەڵک لاواز بووە و ئاراستەی کڕینیان زیاتر بۆ خۆراکە، بۆیە ئێستا خۆراک 50 %ی کاڵا هاوردەکراوەکانی هەرێمی کوردستان پێکدێنێ.

بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا بازرگانان لە ڕێگەی 3346 مۆڵەتەوە بە بەهای 8 ترلیۆن و 349 ملیار و 660 ملیۆن دینار کاڵای خۆراکیان هاوردەکردووە. نزیکەی 78 %ی ئەو کاڵایانە لە ڕێگەی دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە هاوردەکراون.

بەپێی داتاکان، زۆرترین کاڵای هاوردەکراوە کە بەهاکەی گەیشتووەتە 2 ترلیۆن و 367 ملیار و 700 ملیۆن دینار، لە ساڵی 2014دا بووە، بەڵام ساڵانی دواتر بەهۆی کاریگەری قەیرانی دارایی هاوردەکردنی خۆراک کەمی کردووە، بە جۆرێک ساڵی ڕابردوو گەیشتووەتە یەک ترلیۆن و 805 ملیار و 900 ملیۆن دینار.

نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی بە (ڕووداو)ی گوت "بەهۆی قەیرانی داراییەوە، توانای دارایی خەڵک لاواز بووە، بۆیە ئێستا ئاراستەی کڕینی خەڵک زیاتر لە کاڵا خۆراکییەکان چڕ بووەتەوە، ئەمەش وایکردووە هاوردەکردنی خۆراک پشکی شێری لە هاوردەکراوەکان بەرکەوێت، دوای ئەویش کەلوپەلی کارەبایی، ئەلیکترۆنی، بیناسازی و پێداویستی نێو ماڵ".

بە گوتەی نەوزاد ئەدهەم 48 %ی ئەو کاڵایانەی لە ڕێگەی ئیبراهیم خەلیلەوە هاوردە دەکرێن، خۆراکە، بە گشتی 50 %ی ئەو کاڵایانەی هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێ، خۆراکە. خۆراک پێویستیی ڕۆژانەیە و مرۆڤ ناتوانێ دەستبەرداری ببێ، بەڵام قەیرانی دارایی، کاریگەری لەسەر هاوردەکردنی خۆراکیش هەبووە. نەوزاد ئەدهەم دەڵێت "بەهۆی قەیرانی داراییەوە، هاوردەکردنی خۆراک بە بەراورد بە ساڵی 2014 بە ڕێژەی 22 % کەمی کردووە". نەوزاد ئەدهەم ئاشکرای کرد 95 %ی ئەو خۆراک و خواردەمەنییەی لە کوردستان بەکاردەبرێ، هاوردەیە.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا، ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیای تایبەت بە هاوردەکردنی خۆراک لە هەرێمی کوردستان دامەزراون، بەشێکیان بریکاری کۆمپانیا تورکی و ئێرانییەکانن بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمەکانیان. بەشێکی دیکەشیان خۆیان بەرهەمە خۆراکییەکان لە تورکیا لە قوتوودەنێن و هاوردەی دەکەن.

حاجی قاسم ئیبراهیم کە بریکاری سەرەکی کۆمپانیای زێری تورکییە لە کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "بەهۆی کاریگەری قەیرانی دارایی، فرۆشی کاڵا خۆراکییەکانیش کەمێک دابەزیوە، بەڵام بەبەراورد بەکاڵاکانی دیکە هێشتا باشە، مانگانە بە بەهای 22 ملیۆن دۆلار خۆراک دەفرۆشین".

بە گوتەی حاجی قاسم، بەشی زۆری ئەو کاڵایانەی ئێستا کۆمپانیا بازرگانییەکان هاوردەی دەکەن خۆراکە، لەنێو خۆراکەکانیش زەیت، ڕۆن، برنج، شەکر، دۆشاوی تەماتە و ماکەڕۆنی بە پلەی یەکەم دێن، دوای ئەوانیش پاقلەمەنییەکان.

بەرپرسانی وەزارەتی بازرگانی دەڵێن زۆربەی ئەو کاڵا خۆراکیانەی هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن، جارێکی دیکەی بۆ شارەکانی عێراق هەنارده دەکرێن، بەڵام حاجی قاسم ئیبراهیم، کە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ بازرگانانی عەرەب هەیە دەڵێت "تەنیا 30 %ی ئەو کاڵایانە بۆ شارەکانی عێراق دەڕوات، چونکە شارەکانی باشووری عێراق، زۆرتر کاڵای ئێرانی بەکاردێنن، چونکە نرخەکەی هەرزانە، سوننەکانیش زۆر کاڵای تورکی بەکاردێنن. تەنانەت لە کوردستانیش ئەو جیاوازییە هەیە، بەپێی بەدواداچوونی ئێمە بۆمان دەرکەوتووە دهۆک لە 90 % و هەولێر لە80 % و سلێمانی 60 % کاڵای تورکی بەکاردێنن".

زۆربەی وڵاتان بۆ پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ سێ سیستم پەیڕەو دەکەن، یەکەم: حکومەت بڕی پێویستی هاووڵاتیان بۆ هەر خۆراکێک و توانای بەرهەمهێنانی ناوخۆ بۆ ئەو خۆراکە دیاری دەکات، ئینجا بەپێی پێویست ڕێگە بە هاوردە دەدات، دووەم: باج و ڕەسمی گومرگی دەخرێتە سەر بەرهەمی بیانی، تاوەکو بەرهەمی خۆماڵی بتوانێ کێبڕکێ لەگەڵا بکات. سێیەم: حکومەت لەڕێگەی پاڵپشتیکردنی جوتیاران و کارگەکانەوە، کار بۆ کەمکردنەوەی تێچووی بەرهەمی خۆماڵی دەکات، تاوەکو بتوانێ لە نرخ و کوالێتی کێبڕکێی بەرهەمی بیانی بکات.

بەڵام لە کوردستان، سیاسەتی بازاڕی ئازاد پەیڕەو دەکرێ، بەو ئامانجەی خواست و خستنەڕوو ڕۆڵ بگێڕێ، بۆیە هیچ یەکێک لەو سیستەمانە بەتەواوی جێبەجێ ناکرێت، تەنیا ڕەسمی گومرگی دەخرێتەسەر هەندێ بەرهەمی کشتوکاڵ. بەپێی ئامارەی وەزارەتی کشتوکاڵ، هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە137 هەزار تۆن گۆشتی مریشکەن بەڵام 100 هەزار تۆنی هەیە، لە گۆشتی سوور پێویستی بە 82 هەزار تۆنە بەرهەمی ناوخۆ ناگاتە نیوەی ئەم بڕە. 472 هەزار لیتر شیری پێویستە، 260 هەزار لیتری هەیە، پێویستی بە 6 هەزار تۆن ماسییە، 4700 تۆنی هەیە. 12 هەزار تۆن نیسک و نۆکی هەیە، بەڵام پێویستی بە 69 هەزار تۆنە. پێویستی بە 207 هەزار تۆن برنجە، بەڵام تەنیا 6 هەزار تۆنی هەیە. لە سەوزە و میوەش بە هەمانشێوە بەشی پێویستی ناوخۆ بەرهەم نییە و ناچارە هاوردەی بکات.

د.خاڵس ئەحمەد حەمەدئەمین، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بە (ڕووداو)ی گوت "ڕاستە وەزارەتی کشتوکاڵ پەیوەستە بەدابینکردنی خۆراک بۆ هاووڵاتیان و ڕۆڵی سەرەکی بەردەکەوێت لەکەمکردنەوەی خۆراکە هاوردەکراوەکان، بەڵام بەهۆی ئەو بودجەی کەمەی لەساڵانی ڕابردوو بۆمان تەرخانکراوە لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، تەنیا لە بەرهەمە ستراتیژییەکانی وەک گەنم و پەتاتە و پیاز توانیومانە بگەینە ئاستی خۆبژێوی".

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی کشتوکاڵ ئاماژەی بەوەدا لە زۆربەی خۆراکە ستراتیژییەکانی وەک دانەوێڵەکان و پاقلەمەنییەکان بێجگە لەبرنج کە ئاوی پێویستیان بۆ بەرهەمهێنانی نییە، ئەگەر پاڵپشتی داراییمان هەبێت دەتوانین بەشی ناوخۆ بەزیادەوە دابین بکەن، بەهەمانشیوە دەتوانن بەچاندنی قامیشی شەکر و چەوەندەر و گوڵەبەڕۆژە، شەکر و ڕۆنی زەیت دابین بکەن. لەزۆربەی میوەکانیش جگە لە مۆز و هەندێ میوەی دیکە ئەگەر کۆگای ساردکەرەوە هەبێت دەتوانن پێویستی ساڵ دابین بکەن. لە هێلکەی خواردن و گۆشتی مریشکیش ژێرخانی تەواویان هەیە ئەگەر پرۆژەکان بکەونەکار دەتوانن پێویستی ناوخۆ بەزیادەوە دابین بکەن، بەڵام لە گۆشتی سوور و شیر نەگەیشتوونەتە ئاستی خۆبژێوی.

**بەهای خۆراکی هاوردەکراو لە چوار ساڵی ڕابردوودا**

| ساڵ | بەهای هاوردەکراوی خۆراک بەدینار: سەرجەم گومرگەکان | بەهای هاوردەکراوی خۆراک بەدینار: گومرگی ئیبراهیم خەلیل |
|---|---|---|
| 2014 | 2.376.700.000.000 | 1.756.900.000.000 |
| 2015 | 2.314.150.000.000 | 1.717.050.000.000 |
| 2016 | 1.852.850.000.000 | 1.481.400.000.000 |
| 2017 | 1.805.960.000.000 | 1.533.360.000.000 |
| کۆی گشتی | 8.349.660.000.000 | |



76%ی خۆراکی کوردستان لە ڕێگەی دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە هاوردە دەکرێ

# وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان هەڵبوەشێننەوە



بیلال سەعید

یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان (ژمارە 22ی ساڵی 2007) یەکێک لە یاسا گرنگە پەسەندکراوەکانی پەرلەمانی کوردستانە کە بەشێوەیەکی ورد و لەلایەن تیمێکی ناوخۆیی و بیانی بۆ بارودۆخی کوردستان ئامادەکراوە، بۆیە ئەگەر تۆکمەیی ئەم یاسایە بەشێکی بۆ کەسایەتی د.ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان بگەڕێتەوە، بەهەمان شێوە خراپ مامەڵەکردن و جێبەجێنەکردنی ناوەڕۆکی ئەم یاسایە و خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنیشی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە.

وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و دەرکردنی یاسای نەوت و گاز تەنیا دوو ساڵ نێوانیانە، چونکە دروستکردنی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2005 کە بە کابینەی یەکگرتووی حکومەت ناسراوە، لەو ماوەیەدا کە دەکاتە چوار کابینە و 13 ساڵ، تا ئێستا یەک وەزیر سەرپەرشتی دۆسیەی نەوت و گازی کوردستانی کردووە، بۆیە دەکرێت بڵێین ئەگەر سەرکەوتنێک هەبێت، ئەم وەزیرە بەشداری سەرەکییە و ئەگەر هەڵە و فەشەلێک هەبێت، بەهەمانشێوە بەرپرسیارە لێی. بەهەمانشێوە بەرێزیان پشکی شێری بەردەکەوێ.

یاسای نەوت و گاز بە بناغەی بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گازی کوردستان دادەنرێت. ناوەڕۆکی یاساکە ئەگەر بە تەواوی جێبەجێ بکرێ، پێویستی بەچەندین یاسای دیکەی پاڵپشت هەیە، بەڵام لەماوەی 11 ساڵی ڕابردوودا تەنیا دوو یاسا دەرکراون، ئەوانیش یاسای شایستە داراییەکان (یاسای ژمارە 5ی ساڵی 2013)، هەروەها یاسای سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان (یاسای ژمارە 2ی ساڵی 2015).

ئەوەی پەیوەستە بە یاسای شایستە داراییەکان، زیاتر بۆ شەرعیەتدان بوو بە فرۆشتنی نەوت بەشێوەیەکی سەربەخۆ، هەروەها یاسای سندوقی داهاتە نەوتییەکان کە خواستێکی هەمەلایەنەی پەرلەمانتارانی لەسەر بوو، ئومێدێکی گەورەی لەسەر هەڵچنرابوو، بەڵام تاوەکو ئێستا دانەمەزراوە و ستافی بەڕێوەبردنی نییە.

یاسای نەوت و گازی کوردستان لە 17 بەش و 61 ماددە پێکهاتووە. ئەگەر وردبینەوە لە دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردنی دۆسیەی نەوت، دەکرێت بڵێین لە نێوان وەزیر و ئەنجوومەنی هەرێمی نەوت و گاز و کۆمپانیا نیشتمانییەکاندا دابەشکراوە، بەڵام کاتێک سەیری مامەڵەی 13 ساڵی ڕابردووی دۆسیەی نەوت لە کوردستان دەکەین، دەگەینە ئەو ڕاستییە کە وەزیری سامانە سروشتییەکان بەمەبەست ڕێگر بووە لە دروستبوونی کۆمپانیا نیشتمانییەکان و دانەمەزراندنی سندوقی داهاتە نەوتییەکان و دەسەڵاتەکانی ئەوانیشی بەکارهێناوە! جگە لەوەی لە ئەنجامی بێدەنگی ئەنجوومەنی هەرێمی نەوت و گاز دەسەڵاتەکانی ئەوانیشی بەکارهێناوە کە لەبەشی سێیەم لە ماددەی چوارەمدا ئاماژەی بە پێکهاتەی ئەنجوومەنی هەرێمی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان کردووە:

**1- سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران- سەرۆکی ئەنجوومەن.**
**2- جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران - جێگر**
**3- وەزیری سامانە سروشتییەکان- ئەندام**
**4- وەزیری دارایی- ئەندام**
**5- وەزیری پلاندانان — ئەندام**

هەروەها ماددەی پێنجەمی یاساکە باسی ئەرکەکانی ئەنجوومەن دەکات کە بریتین لە:

**1 - دانانی پرنسیپە گشتییەکان بۆ سیاسەتەکانی نەوت و پلانی بەدواداگەڕان و پەرەپێدانی کێڵگەکان لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەموارکردنەکانیان.**
**2- پێدانی ڕەزامەندی بۆ گرێبەستەکانی تایبەت بە پرۆسەکانی نەوت.**
**3 - دیاریکردنی ئاستی بەرهەمهێنان، بەشێوەیەک لەگەڵ بڕگەی دووەمی ماددەی 112ی دەستووری فیدراڵی بگونجێت.**

جگە لە بەشی پێنجەمی یاساکە کە کرۆکی یاساکەیە و تایبەتە بە دامەزراندنی کۆمپانیا نیشتمانییەکان و کار و دەسەڵاتەکانی کە پێکدێت لە:

**1- کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت.**
**2- کۆمپانیای کوردستانی نیشتمانی نەوت**
**3- کۆمپانیای کوردستان بۆ بەبازاڕکردن.**
**4- کۆمپانیای کوردستان بۆ پرۆسەکانی پاڵاوتنی نەوت و پاشکۆکانی.**

لەبەرئەوە تاکلایەنە بڕیاردان لە بەڕێوەبردنی دۆسیەی نەوت و گاز و ڕێگرییەکان لە دیوانی چاودێریی دارایی بۆ وردبینی، هەروەها وەڵامنەدانەوەی پرسیاری پەرلەمانتاران و میدیاکارانی کوردستان و ناڕوونی لە ڕێککەوتن و فرۆشتن و هەناردە و بەبازاڕکردنی نەوتی کوردستان لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا، ڕۆژ بەڕۆژ ناو و پێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی لەکەدار کرد کە بەشی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ خراپ مامەڵەکردنی وەزیری سامانە سرووشتییەکان و بەکارهێنانی یاسای نەوت و گاز لەپێناوی ئەو بەرنامە و پلانەی کە خۆی باوەڕی پێیەتی، بەبێ گوێگرتن لە پسپۆڕانی ناوخۆیی و پەرلەمان..

بۆیە ئێستا کە خواستی بەشێک لە پەرلەمانتاران بۆ لێپێچینەوە لە وەزیری سامانەسرووشتییەکان هەیە، ئەگەر بەشێکیشی پەیوەست بێت بە ناکۆکی نێوان هێزە سیاسییەکان و نزیکبوونەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین پرسیار لەم دۆسیەدا بەبێ وەڵام ماونەتەوە کە لە وتاری پێشترم لە ڕۆژنامەی ڕووداو 21 پرسیارم ئاراستەی وەزیری سامانە سرووشتییەکان کردبوو..

بۆیە لەو قۆناغەدا چەند هەنگاوێک بە گرنگ دەزانم بۆ ڕێکخستنەوەی پرۆسەی نەوت و گازی کوردستان:

**1- هەموارکردنەوەی یاسای نەوت و گازی کوردستان و دەرکردنی یاسای تایبەت بە کۆمپانیا نیشتمانییەکانی کەرتی نەوت و گازی کوردستان.**
**2- وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان هەڵبوەشێنرێتەوە و کار بە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی هەرێمی نەوت و گاز ڕابگیرێت، لەجیاتی ئەوە پێشنیاری دروستکردنی دەستەی بەڕێوەبردنی نەوت و گازی کوردستان دەکەم کە لە ژێر چاودێریی پەرلەماندا بێت.**
**3- دەکرێت پێکهاتەی دەستەکە لە بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا نیشتمانییەکان و سندوقی داهاتی نەوت و گازی کوردستان و پسپۆڕانی تایبەتمەندی پێویست بێت.**

بە دروستبوونی ئەم دەستەیە، دەکرێت قۆناغێکی نوێ لە بەڕێوەبردنی دۆسیەی نەوت و گاز لە کوردستان بێتەکایەوە و کۆی دەسەڵاتەکان لە یەک کەس و لە یەک هێزی سیاسیدا کۆنەبێتەوە، هەروەها دەبێتە هۆی هێنانە پێشەوەی خەڵکانی پسپۆڕ و تەکنۆکرات و دابەشبوونی دەسەڵاتەکان.



## نەوت لە 2018 دا

# بەهای نەوت لە بەرزبوونەوەی بەردەوامدا دەبێت

**ڕووداو- هەولێر**

وەبەرهێنەران و شارەزایانی بازاڕی نەوت چاوەڕێ دەکەن نرخی نەوت بە هێواشی لە 2018 دا لە بەرزبوونەوە بەردەوام دەبێ، ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک، گەشەی ئابووری و بەرزبوونەوەی ئاستی داخوازی لەسەر نەوت، هۆکاری سەرەکیی ئەو بەرزبوونەوەیەن، بەڵام چاوەڕێش دەکرێت پیشەسازیی نەوتی لیتەی ئەمریکا بۆ دەرفەتی گونجاو لە بۆسەدا بێ.

شارەزایانی پیشەسازیی نەوت پێیانوایە نابێت چاوەڕێ بکرێت نرخی نەوت لە داهاتوویەکی نزیکدا بۆ 100 دۆلار بگەڕێتەوە، واتە ئەو نرخەی لە نیوەی یەکەمی 2014دا بۆ هەر بەرمیلێک نەوتی خاو دەدرا. لە هەمانکاتدا نابێت بازاڕەکان نیگەرانی ئەوەش بن کە نرخەکان وەکوو 2015 بگەڕێنەوە خوار 30 دۆلار. لە بری ئەم دوو ئەگەرە، شارەزایان و وەبەرهێنەران پێشبینی دەکەن نرخی یەک بەرمیل نەوتی خاو لە نێوان 45- 67 دۆلاردا یاری بکات.

ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی ڕاپرسییەکی لەگەڵ 15 بانکی وەبەرهێنان کردووە. بەگوێرەی ڕاپرسییەکە پێشبینی دەکرێت نرخی یەک بەرمیل نەوتی خاوی برێنت کە یەکێکە لە پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی دانانی نرخەکانی نەوت، لە 2018دا بە هێواشی بەرز ببێتەوە. چاوەڕێ دەکرێت تێکڕای نرخی نەوتی برێنت لە 2018 لە نزیک 58 دۆلار بێت، بەو پێیەش چوار دۆلار لە تێکڕای یەک بەرمیل نەوتی برێنت لە 2017 بەرزتر دەبێت. لەلایەکی دیکەوە چاوەڕێ دەکرێت تێکڕای نرخی یەک بەرمیل نەوتی تێکساس بگاتە 54 دۆلار، لە کاتێکدا تێکڕای نرخی نەوتی تێکساس لە ساڵی پێشتردا 51 دۆلار بووە.

نرخی یەک بەرمیل نەوتی خاوی برێنت لە دوایین هەینیی ساڵی ڕابردوودا 67.87 دۆلار بوو. دابەزینی نرخەکانی نەوت لە سێ ساڵ و نیوی ڕابردوودا سەتان هەزار فەرمانبەر و کرێکاری کەرتی نەوتی بێکار کردووە، سەتان ملیار دۆلار زیانی بە بودجەی ئەو وڵاتانە گەیاندووە کە ئابوورییەکەیان لەسەر نەوت دەژی و بووەتە هۆی دواکەوتن یان هەڵوەشانەوەی سەتان پڕۆژەی زەبەلاحی نەوتی. بەگوێرەی ڕاپرسییەکەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی، ساڵی 2018 قۆناغی چارەسەری هێواشی کێشەکانی پیشەسازیی نەوت دەبێت.

ساڵی 2017 بەپێچەوانەی دوو ساڵەکەی پێشووتر ساڵی سەقامگیربوونەوەی نرخەکانی نەوت بوو کە کۆمەڵێک هۆکار ڕۆڵیان هەبووە تێیدا. گەورەترین هۆکاریش ڕێککەوتنەکەی ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک) و هاوپەیمانەکانی بوو. لە ساڵی 2017دا، ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی دووجار ڕێککەوتنی دابەزاندنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتیان درێژ کردەوە، ئەم هەنگاوە هەم ورەیەکی نوێی بە بازاڕەکانی نەوت بەخشی، هەمیش ئاستی نەوتی ئەمبارەکانی کەمکردەوە. لەلایەکی دیکەوە ئاڵۆزیی ڕەوشی ئەمنیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەرزبوونەوەی ئاستی گەشەی ئابووریی جیهان هۆکاری دیکە بوون.

لە خۆشبینانەترین سیناریۆدا، چاوەڕێ دەکرێت ئاستی داوای نەوت لە ساڵی 2018دا بەبڕی 1.6 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزببێتەوە. جیۆڤانی سێریۆ، سەرۆکی بەشی لێکۆڵینەوە لە گرووپی ڤیتۆڵ پێیوایە ئەگەر ئەم ئاستە لە داوا کە بەستراوەتەوە بە ئاستی گەشەی ئابووریی جیهان، ڕاست بێت، ئەوە "پێویستە بازاڕەکانی نەوت لە 2018دا هاوسەنگ ببنەوە". گرووپی ڤیتۆڵ گەورەترین بازرگانی سەربەخۆی نەوتە لە جیهاندا.

سێریۆ لەبارەی ئاستی داوای نەوتیش ڕایگەیاند "داخوازیی سەر نەوت زۆر لەوە بەرزترە کە ئێمە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لێی ڕاهاتبووین، تەنانەت کەمترین مەزەندەشمان بۆ ئاستی داوا لە 2017 و 2018 زیاتر لە دوو هێندەی ئەو شتەیە کە لە دوو ساڵی ڕابردوودا لەسەری ڕاهاتبووین".

ئابووریی نەوت ئابوورییەکی وابەستەیە و هەڵکشان و دابەزینەکانی پەیوەندییان بە کۆمەڵێک هۆکارەوە هەیە کە دەکەونە دەرەوەی پیشەسازیی نەوتەوە. یەکێک لەو هۆکارانەی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بازاڕەکانی نەوت هەیە ئاستی گەشەی ئابووریی جیهانە. ڕێکخراوی هاوکاریی دارایی و پێشکەوتن ناسراو بە (OECD) چاودێری گەشەی ئابووریی 45 وڵاتی جیهانی کردووە، بەگوێرەی ڕاپۆرتی ئەو ڕێکخراوەش ئابووریی هەر 45 وڵاتەکە لە ساڵی 2017دا ڕووی لە گەشەسەندن بووە. ئەمەش شتێکە لە 50 ساڵی ڕابردوودا تەنیا سێ جار ڕوویداوە.

بەڵام ساڵی 2018 ساڵێکی بێ مەترسیش نابێت بۆ بازاڕەکانی نەوت. یەکەم مەترسیش هەر لە ڕێککەوتنەکەی ئۆپێکەوە سەرچاوە دەگرێت. وڵاتانی بەشداری ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک بەشێوەیەکی "مەرجدار" ڕێککەوتنەکەیان تاوەکو کۆتایی 2018 درێژ کردووەتەوە. بۆیەش هەرچەندە چاوەڕێ دەکرێت لە مانگەکانی سەرەتای 2018دا نرخەکانی نەوت لەو ئاستەی ئێستادا بمێننەوە، بەڵام مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ دەکرێت خاڵی وەرچەرخان بێت.

بەگوێرەی دوایین ڕێککەوتنی ڕووسیا و ئۆپێک، لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا هەر 24 وڵاتەکەی بەشدار لە ڕێککەوتنەکە دەبێت جارێکی دیکە کۆببنەوە و هەڵسەنگاندنێک بۆ کاریگەرییەکانی درێژکردنەوەی ڕێککەوتنەکە بکەن. دوور نییە لە کۆبوونەوەکەی مانگی شەشی ئەمساڵدا ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک و 10 هاوپەیمانەکەی هەڵوەشێتەوە.

لە کۆبوونەوەکەی مانگی نۆڤەمبەردا ماوەی درێژکردنەوەی ڕێککەوتنەکە یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی نێوان سعودیە و ڕووسیا بوو. ڕووسیا داوای کردبوو ڕێککەوتنەکە بۆ ماوەیەکی کورتتر درێژ بکرێتەوە، بۆ ئەوەی لەلایەکەوە دڵی کۆمپانیا زەبەلاحە ڕووسییەکان ڕازی بکات کە خوازیاری دەرچوونی ڕووسیا لە ڕێککەوتنەکە بوون و لەلایەکی دیکەشەوە ڕووسیا و ئۆپێک چەکێکیان بەدەستەوە بمێنێ کە بەهۆیەوە هەڵوێست و جووڵەکانی بازاڕی نەوتی پێ ڕابگرن.

ئاشلی پێتەرسن، دانەری ستراتیژ لە گرووپی ڕاوێژکاریی ستراتاسی ئەمریکی، پێیوایە "ئەگەر ئۆپێک و ڕووسیا بە وردی مامەڵە لەگەڵ هەڵوەشاندنەوە یان هەڵنەوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکە نەکەن، ئەوە دەکرێت گومانی ئەوە بە بازاڕەکان بدەن کە نەوتی زێدەبار جارێکی دیکە بازاڕەکان نوقم دەکاتەوە".

بەرهەمهێنەرانی دەرەوەی ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک و ڕووسیا هۆکارێکی دیکەی نیگەرانی بازاڕەکانی نەوتن. چاوەڕێ دەکرێت هەر یەک لە کەنەدا، بەرازیل و ئەمریکا لە ساڵی 2018دا ئاستی بەرهەمهێنانی وڵاتەکانیان بەرزبکەنەوە. بەگوێرەی مەزندەکانی حکومەتی ئەمریکا چاوەڕێ دەکرێت ئاستی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی ئەمریکا لە ساڵی 2018دا بگاتە 10 ملیۆن بەرمیل، بەو جۆرەش 800 هەزار بەرمیل لە ساڵی ڕابردوو زیاتر بەرهەم دەهێنێ.



## لووڕەکان دوو کۆنسێرت دەکەن

**میوا سەلاح/ ڕووداو- هەولێر**

گرووپی میوزیکی لوڕ بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنیانەوە دوو کۆنسێرتی خێرخوازی سازدەکەن. نزار زێوەیی، بەرپرسی گرووپەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بڕیارە ڕۆژی 13ی ئەم مانگە لە شاری سلێمانی کۆنسێرتێک بۆ هونەرمەندان کەنار تەها و مەسعود عەزیزی ساز بکەین، داهاتی کۆنسێرتەکە بۆ لێقەوماوانی بومەلەرزەی کرماشان و دەربەندیخان تەرخان دەکرێ". زێوەیی هەروەها گوتی " لە شاری هەولێریش لە ڕۆژی 15ی ئەم مانگە کۆنسێرتێک سازدەکەین، بۆیە دەمانەوێت لە ڕێگەی کاری هونەرییەوە خزمەت بە لێقەوماوانی بوومەلەرزەکان کرماشان و دەربەندیخان بکەین، لەبەر ئەوەش داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەین بە دەنگ داواکاریەکانمان بێن و ئامادەی کۆنسێرتەکانمان بن".

## گوڵستان پەروەر لە هەڤپەیڤینێکی بێ سانسۆردا

# بەهۆی شووکردنم بە شڤان باوکم حاشای لێکردم



خانمە هونەرمەندی ناوداری کورد گوڵستان پەروەر، هەموو شەوانێکی شەممە، لە ڕادیۆی ڕووداوەوە میوانی پێشکەشکاری ناودار هیڤیدار زانایە. دوو کچە کوردی باکووری لەو بەرنامەیەدا گفتوگۆیەکی سەرنجڕاکێش دەکەن. گوڵستان بەبێ سانسۆر ئەزموونی ژیانی تایبەتی و ژیانی هونەری و سیاسیی خۆی و شڤان پەروەر دەگێڕێتەوە. ئێمە لەبەر گرنگیی ئەو گفتوگۆیە، بە باشمان زانی لە هەفتەنامەی ڕووداوەوە بە زنجیرە دووبارە بڵاوی بکەینەوە.
گوڵستان لەم بەشەی هەڤپەیڤینەکەدا باسی ئاهەنگی هاوسەرگیریان دەکات و دەڵێت بەشێوەیەکی کلاسیکی ئاهەنگیان نەکردووە، بەڵکو ئەو ڕۆژە وەکو دوو کەسی شۆڕشگێڕ چوونەتە سەر ستەیج و جگە لە گۆرانی شۆڕشگێڕی، لەگەڵ شڤان شانۆگەرییەکیشیان لە دژی خومەینی پێشکەش کردووە.

**هەڤپەیڤین: هیڤیدار زانا**

**بەشی پێنجەم**

**ڕووداو: باسی هەڕەشەی پەکەکەت کرد لە باوکت کە ئەوکات لە نێو کورد پێیاندەگوتن تەڵەبە، ئەو هەڕەشەیە هیچ ئەنجامێکی هەبوو؟**

**گوڵستان:** ئەم هاتوچۆیە بۆ خوازبێنی من نزیکەی هەفتەیەکی خایاند، دواجار باوکم ڕازی بوو گوتی گوڵستان ببەن، بەڵام ئەو کچی من نییە. دابڕانی من لە کەسوکارەکەم تراژیدی بوو، دایکم لە هۆش خۆی چوو، براکانم دەگریان، ئەو وێنەیەم قەت لەبیر ناچێ، ڕۆیشتنەکەم وەکو ئەوە بوو بۆ مردن دەچم و ناگەڕێمەوە، 15 ساڵ ئەوانم نەبینی. پاسپۆرتیان بۆ دەرهێنام و منیان خستە نێو ئۆتۆمبێلێک، چووین بۆ ئەنقەرە، دواتر بۆ ئیستانبوڵ. سەرەتا هاتین بۆ فرانکفۆرت، پاشان کۆڵن. دوای دوو ساڵ شڤانم لە ماڵی فەقیر ئەحمەد لە کۆڵن بینی.

**ڕووداو: دەتوانی باسی ئەو ڕۆژەمان بۆ بکەی کە شڤانت بینی، باوەشتان لە یەکدی دا؟**

**گوڵستان:** خەڵک دانیشتبوون، پڕ لە هەیەجان بووم، وەکو خەونێک وابوو، دوو ساڵ بوو حەسرەتی دووریی شڤانم دەکێشا، شەو و ڕۆژ بیرم لەوە دەکردەوە چۆن ئەو ببینم. باوەشمان لە یەکدی دا، بەڵام لەنێو خەڵک نا. سەیرێکی کردم و گوتی تۆ زۆر گۆڕاوی، من تۆزێک میلیتانی بووبووم.

**ڕووداو: لەگەڵ شڤان چ پلانێکتان دانا، بۆ داهاتوو چی بکەن؟**

**گوڵستان:** من کە چووم بۆ ئەوێ هیچ بەرچاوڕوونییەکم نەبوو، من خەیاڵم تەنیا لای بینینی شڤان بوو. شڤان لە گوندێکی کۆڵن دەچووە کورسێکی زمان، لە بەشە ناوخۆیی قوتابیان دەمایەوە. ئۆتۆمبێلێکی بچووکی ڤۆڵکس واگنی هەبوو. تەمبوورەکەی و جانتایەکی تێدابوو. پێیگوتم ئەوە ماڵەکەی منە. شڤان گوتی من لێرە دەچمە کۆنسێرت، ئاهەنگ، کۆنفرانس و کۆبوونەوە، سەردانی کۆمەڵە و گرووپەکان دەکەم، حەز دەکەم تۆش لەگەڵ من بێی بۆ ئەو شوێنانە.

**ڕووداو: دەیزانی تۆ دەنگت خۆشە؟**

**گوڵستان:** بەڵێ، بەڵام ئەو بۆ ئەوەی نەبوو کە لەگەڵی بم گۆرانی بڵێم. ماوەیەک لە ماڵی فەقیر ئەحمەد مامەوە، هەندێکجاریش دەچوومە ماڵی هەندێک مێردینی کە لە کۆڵن بوون. شڤان گوتی با ئاهەنگی هاوسەرگیری بکەین، پاشان شوێنێک دەدۆزینەوە تێیدا بژین. پاش دوو مانگ ئاهەنگمان کرد. گرێبەستی هاوسەرگیریمان کرد. لەوێ لە هۆڵێک ئاهەنگەکەمان کرد. شڤان داوای لێکردم جلی کوردی لەبەر بکەم و گۆرانی بڵێم. هەروەها شانۆگەرییەکیشمان پێشکەش کرد، ئەوکات خومەینی کوردی دەکوشت، شڤان بوو بە خومەینی و منیش بووم بە ڕۆژنامەڤان. مەسجی سیاسیمان نارد. هەزار کەس هاتووە بە حیساب بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیریمان، ئێمەش خەریکی کوردایەتی بووین. ئیدی لەگەڵ شڤان پێکەوە دەستمان بە گۆرانیگوتن کرد و ئەو گۆرانییەمان گوت "ولات چ قاس خۆش و ڕندە، کچکێ لێ لێ...".

**ڕووداو: ئێوە ڕاتانگەیاند کە ئەو شەوە ئاهەنگی هاوسەرگیری دەکەن؟**

**گوڵستان:** بەڵێ پێشتر هەڤاڵان هاتنە سەر ستەیج و گوتیان ئەمە ئاهەنگی هاوسەرگیریی

## لەبەردەم هۆڵەکاندا کاسێتەکانی شڤانم دەفرۆشت

## دیارییەکانی ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەم دایە پەکەکە

شڤان و گوڵستانە، بەڵام ئەوان هەردووکیان شۆڕشگێڕ و کوردپەروەرن، حەز ناکەن ئاهەنگێکی کلاسیکی بکەن. حەز دەکەن هاوسەرگیرییەکەیان لە خزمەتی کوردستاندا بێ. بۆیە ئێوە ئەمشەو بووک و زاوا نابینن، بەڵکو دوو کەسی شۆڕشگێڕ دەبینن.

**ڕووداو: ئەی هیچ دیاریتان پێشکەش نەکرا؟**

**گوڵستان:** بەڵێ، بەڵام دیارییەکانمان بەو مەرجە قبوڵ کرد کە بیدەین بە شۆڕشگێڕانی کوردستان، دیارییەکان هەموو لە سندووقێک دانران و پێشکەشی ئەوانم کرد.

**ڕووداو: کەی چوویتە نێو ماڵ و حاڵی خۆت؟**

**گوڵستان:** دوای ئاهەنگەکە ماوەیەک لەلای هەڤاڵانم مامەوە، پاشان گوتیان شڤان خانوویەک بگرن بۆ خۆتان. لە کۆڵن خانوویەکمان بە کرێ گرت. خانوویەک کە هەر یەک ژوور بوو، هەتا سەرخۆبوون لەدایکبوو لەو خانووە ماینەوە.

**ڕووداو: ئێوە ئەوکات بە چی دەژیان، دەوڵەت هاوکاریی دەکردن؟**

**گوڵستان:** بەو کەمە پارەیە دەژیاین کە دەوڵەت دەیدا بە شڤان.

**ڕووداو: بێجگە لە میوزیک، سەرقاڵی چی بوون؟**

**گوڵستان:** خەریکی پەروەردە بووین، لەوێ بێجگە لە پەسەکە و دەدەکادە، کۆمکاریش هەبوو، پەکەکە تازە دامەزرابوو، لەوێ لەگەڵ هەڤاڵان سەرقاڵی پەروەردە بووین.

**ڕووداو: ئەو هەڤاڵانە کێ بوون؟**

**گوڵستان:** دۆغان کاراکۆچ کە شەهید بوو، ئەو کاروبارەکانی منی کرد بۆ ئەوەی بگەمە ئەڵمانیا. حەسەن، خەڵکی ماراش بوو، سەلمان بوو. دۆغان مانیفێستۆی پەکەکە و کتێبی شۆڕشگێڕانی کوردستانی لە ئەڵمانیا چاپدەکرد و بڵاوی دەکردەوە. فەقیر ئەحمەد و ئایۆش لایەنگری پەکەکە بوون، دۆغان ڕێبەرێکی پەکەکە بوو، شڤانیش لەگەڵ ئەو گرووپە بوو، ئیدی منیش تێکەڵیان بووم. پێمگوتن هەر کارێکم پێدەسپێرن من ئامادەم، ئەوانیش پێیان باش بوو من سەرقاڵی کاری هونەری بم. شڤان گوتی گوڵستان دەنگی خۆشە، بەڵام حەزناکات گۆرانی بڵێ. ئیدی کە بینیم ئیشەکە ناچارییە دەستم بە گۆرانیگوتن کرد و یەکەم کاسێتم بڵاوکردەوە.

**ڕووداو: پێش ئەوەی یەکەم کاسێتت بڵاویکەیەوە، بەشداری ئاهەنگ و کۆنسێرتت دەکرد؟**

**گوڵستان:** لە ئاخن کۆنسێرتێک هەبوو، یەکەمجارم بوو بچمە کۆنسێرتێکی کوردی. مێزێکیان لەبەر دەرگای هۆڵەکە بۆ دانابووم بۆ ئەوەی کاسێتی شڤان و ئەو برۆشۆرانە بفرۆشم کە دۆغان چاپی کردبوون. کەس نەیدەزانی من کێم. جلێکی کوردیم لەبەر کردبوو، دەسماڵێکی سوورباوەکی شۆڕشگێڕانم لەنێوچەوانم بەستبوو. جگە لەوەش لەگەڵ هەڤاڵان خەریکی ڕێکخستنی هۆڵەکە بووم. گرووپێکی میوزیک لەوێ بوون، هەموویان قوتابی بوون. من لە دەرەوە کاسێتم دەفرۆشت، یەکێک هات گوتی خێرا وەرە بانگی تۆ دەکەن. من چووم دانیشتم، بینیم شڤان لەسەر ستەیجە و قسە دەکات و دەڵێت گەلی میوانان، دۆتمامی من لە کوردستانەوە هاتووە. یەکەمجارە بەشداری کۆنسێرت دەکات. دەنگی زۆر خۆشە. ئێمە حەز دەکەین گۆرانی بڵێ، بەڵام شەرم دەکات. ئەو لەژێر کاریگەریی کولتووری کوردستاندایە کە پێیوایە شەرمە ژن سترانانان بڵێن. من دەمەوێ بانگی بکەم، ئێوە چی دەڵێن؟ خەڵکەکە هەموویان دەستیان بە چەپڵە لێدان کرد. من قاچم دەلەرزی چۆن بچمە سەر ستەیج؟!

## لەسەر داوای پەکەکە دەستم بە گۆرانیگوتن کرد

## دالیدا خەلیل، گۆرانیبێژ و ئەکتەری لوبنانی بۆ (ڕووداو):

# کەسێکی زۆر درۆزنم



**دەریاز یونس**
**ڕووداو - بەیروت**

بە زنجیرە درامای "حلوە کژابە" لە لوبنان بەناوبانگ بوو، بە دەرکەوتن لەگەڵ رامی عەیاش لە زنجیرە درامایەکدا ناوبانگی لە وڵاتانی عەرەبی پەیدا کرد، یەکێکە لە دیارترین ئەکتەرە گەنجەکانی لوبنان و زیاتر لە 20 زنجیرە درامای هەیە.
دالیدا خەلیل، ئەکتەر و ئەستێرەی لوبنانی لە هەڤپەیڤینێکدا وەڵامی پرسیارەکانی (ڕووداو)ی داوەتەوە.

**ڕووداو: تۆ لە ساڵی 2003 دا بە بەشداریکردنت لە پێشبڕکێی شاجوانی دەستتپێکرد، توانیت تاجی شاجوانی لەسەر بنێی. با لەو باسەوە دەستپێبکەین، ئەو ئەزموونە چۆن بوو؟**

**دالیدا خەلیل:** بەڵێ، ئەمە جوانترین ئەزموونی ژیانم بوو. 13 ساڵ شاجوانی باکووری لوبنان بووم. لە لوبنان شاجوانی باکوور و باشوور هەیە. ئەو کاتە تەمەنم لە 18 ساڵ کەمتر بوو، باوکم خودا لێی خۆشبێت لە فەرمانگەی دادنووسی کاخەزێکی بۆ نووسیم تا بتوانم بەشداری بکەم و خۆشبەختانە ناسناوەکەم بەدەستهێنا، تاوەکو ساڵی 2016 من شاجوانی باکووری لوبنان بووم، چونکە ڕێوڕەسمەکە نەدەکرا، ساڵی 2016 ڕێوڕەسمەکە بەڕێوەچوو، کچێکی دیکە بووە شاجوان.

**ڕووداو: تۆ ئەکتەریت، لە هەمانکاتدا گۆرانیبێژیشیت، بەڵام بۆچی حەز دەکەی وەک ئەکتەر بناسرێی؟**

**دالیدا خەلیل:** من ئەکتەرم و دەرچووی بەشی نواندن و دەرهێنانم لە زانکۆی لوبنان. سەمادەکەم و گۆرانیش دەڵێم. لە خودا بەزیاد بێ بەهرەم زۆرە، بەڵام پێموایە هونەرمەند دەبێت فۆکەس لەسەر لایەنێک بکات، من فۆکەس لەسەر کاری نواندن دەکەم.

**ڕووداو: لە زیاتر لە 20 زنجیرە درامای تەلەفزیۆنیدا ڕۆڵت بینیوە، بە درامای پەنجا بە پەنجا دەستتپێکرد، ئەمە چۆن بوو؟**

**دالیدا خەلیل:** فیفتی فیفتی درامایەکی کۆمیدی بوو، درامای کۆمیدی لە ژیانی من نزیکە و باشتر دەتوانم ڕۆڵی تێدا بگێڕم. کۆمیدیا لەم ژیانە پڕ سترێسە ژیانت خۆش دەکات و وات لێدەکات پێبکەنی، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ناتوانم ڕۆڵی تراژیدی ببینم، بە پێچەوانەوە ڕۆڵی تراژیدیشم بینیوە.

**ڕووداو: زۆر خەڵاتت بەدەستهێناوە، بەڵام بۆچی زۆرتر شانازی بە خەڵاتی مۆرێکس دەکەی؟**

**دالیدا خەلیل:** مۆرێکس دۆر یەکێکە لە گرنگترین خەڵاتەکان لە هەموو وڵاتانی عەرەبی و لوبنانیش. من توانیم ئەم خەڵاتە بەدەستبهێنم، وەک شانازییەکی گەورەی ژیانم سەیری دەکەم، ئەمە خەڵاتێکی ڕێزلێنانە لە لایەن لێژنەیەکی ڕەخنەگری پسپۆڕەوە ساڵانە دەیبەخشنە کەسێک لە بواری هونەردا.

**ڕووداو: "حلوە و کژابە" یەکێکە لە گرنگترین ئەو زنجیرە درامایانەی تۆ ڕۆڵت تێیدا بینیوە، دەتوانم بڵێم بەو درامایە ناوبانگێکی گەورەت پەیدا کرد، بەتایبەتی وەک کەسێکی درۆزن؟**

**دالیدا خەلیل:** با ڕاستییەکت پێ بڵێم، من زۆر درۆ دەکەم، هەر سروشتی من بەمشێوەیەیە کە درۆی زۆر دەکەم، دەرهێنەری ئەو درامایە دەیزانی کە من ڕۆژانە درۆی زۆر دەکەم، هەر بۆیە ئەم بیرۆکەیەی بۆ هات کە زنجیرە درامایەک دروستبکات بەناوی "جوان و درۆزن".

**ڕووداو: ڕۆژانە چەند درۆ دەکەی؟**

**دالیدا خەلیل:** بەپێی ڕۆژ دەگۆڕێت، بەڵام هەر دەبێت ڕۆژانە درۆ بکەم.

**ڕووداو: "ئەمیر لیل" دوایین زنجیرە درامای تۆیە کە لەگەڵ رامی عەیاش بەیەکەوە دەردەکەون، لەو کارە ڕازی بووی؟**

**دالیدا خەلیل:** ڕامی عەیاش ئەمیری دراماکە بوو، منیش ئەکتەری سەرەکی کچ بووم لەگەڵیدا، بەڕاستی دەمەوێت بڵێم هەموو ئەو ستافەی کە کاریان لەو درامایە کرد ئەمیرێکن، کارێکی زۆر جوان و تایبەت بوو.

**ڕووداو: با باسی ئەزموونی بەشداریکردنت لە بەرنامەی سەماکردن لەگەڵ ئەستێرەکان بکەین، دانسینگ وز زە ستارس، ئەزموونێکی چۆن بوو لە ژیانتدا؟**

**دالیدا خەلیل:** من لەگەڵ عەبدۆ دەلول سەمام دەکرد، سەماکەرێکی زۆر بەناوبانگی سوورییە، تا بەرنامەی فیناڵ چووم، بەڵام نەمتوانی ناسناوەکە بەدەستبێنم و پلەی دووەمم هێنا. ئەو بەرنامەیە ئەزموونێکی زۆر جوانی ژیانم بوو.

**ڕووداو: وابزانم ئەزموونی سینەماشت هەیە؟**

**دالیدا خەلیل:** فیلمێکی سینەماییم هەیە کە سەرکەوتنێکی زۆر گەورەمان تێیدا بەدەستهێنا، ئەویش تەواوکەری درامای "جوانی درۆزن" بوو کە کردمان بە فیلمێکی سینەمایی بەناوی "الحلوە و کپیر کژابە" واتە جوانێکی زۆر درۆزن، لەگەڵ ئەکتەر و گۆرانیبێژی بەناوبانگی لوبنانی زیاد بورشی، ئەزموونێکی زۆر سەرکەوتوو بوو، دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە بوون بە ئەستێرەی سینەمایی خەونێکی دیکەی منە.

**ڕووداو: ئێستا لە لوبنان ژمارەیەکی زۆر کۆچبەری سووری و عێراقی دەژین، تۆ وەک هونەرمەندێک پڕۆژەیەکی دیاریکراوت بۆ کۆچبەران هەیە؟**

**دالیدا خەلیل:** بارودۆخی بەرهەمهێنانی دراما لە لوبنان بەو شێوەیە باش نییە کە ئێمەی ئەکتەر بتوانین پڕۆژەی خێرخوازیمان هەبێت بۆ کۆچبەران، واتە ئەکتەر لە لوبنان پارەیەکی زۆر کەم بۆ دراماکانی وەردەگرێ و خۆی پێویستی بە هاوکاری هەیە بۆ ژیانی، چۆن دەتوانین هاوکاری خەڵکی دیکە بکەین؟

## دەمەوێت وەک ئەکتەر بناسرێم نەک گۆرانیبێژ

## ڕۆژێک تێناپەڕێت لە ژیانم بەبێ درۆکردن

## ئەزموونی دەرکەوتنم لەگەڵ رامی عەیاش هەرگیز لەبیر ناکەم

## 13 ساڵ شاجوانی باکووری لوبنان بووم





## لە ئەڵمانیا هێرش دەکرێتە خێزانێکی کورد

**ڕووداو- ئەڵمانیا**

لە ئەڵمانیا هێرش کرایە سەر ماڵە کوردێک و بەچەقۆ و بۆکس لە ژن و پیاوەکە درا و بریندارکران، بەگوتەی ئەندامێکی ئەو خێزانەش "ئەو کەسەی هێرشـــی کردوونەتەســـەر عەرەبە و خەڵکی ســـوورییایە". ڕووداوەکە ڕۆژی 2018/1/6 لە گوندێکی شاری بلیفیرد لە ئەڵمانیا ڕوویداوە. سەلمان ئەحمەد، کوردی ئێزدییە چەند ساڵێکە لە گوندێکی ئەڵمانیا نیشتەجێیە، بە (ڕووداو) گوت "عەرەبێکی سووری هێرشیکردە سەر من و خێزانەکەم و بە چەقۆ لە منی دا و دواتر بە بۆکس هێرشیکردە سەر هاوژینەکەم و هەردووکمانی بریندارکرد". گوتیشی هێرشکەرەکە دراوسێیانە، پێشتریش هەڕەشەی لێکردوون.

تاراوگە
ڕووداو
ژمارە ( 488 ) - دووشەممە 2018/1/8

# بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی سوید کورد 30 بەربژێری هەیە



ئێستا کورد بە ئەندامانی کارا و یەدەگ، هەشت ئەندامی لە پەرلەمانی سوێد هەیە

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

"سـوێد وەک پێشـەنگی مافەکانی مرۆڤ نـاوزەد دەکـرێ، بـەڵام ڕەخنەیەکـی زۆر هەیـە لـە ئاسـتی بەشـداریی بیانـی و تاراوگەنشـینانی ئـەو وڵاتـە لـە سیاسـەت و بەڕێوەبردنـدا، چونکـە ڕێگەیـان پێنادرێـت بـە پۆسـتە بـەرزەکان بگـەن". ئەمـە بەپێـی توێژینەوەیەکـی زانکـۆی سـتۆکهۆڵم لـە سـوێد کـە مانگـی ڕابـردوو بڵاوکرایـەوە.

ئەندامانـی توێژینەوەکـە جەخـت لـەوە دەکەنـەوە کـە ڕێگرییەکـی زۆر لەبـەردەم سیاسـییە بیانییەکانـدا بـۆ گەیشـتن بـە پلـەی بـاڵا هەیـە، ئەندامێکـی کـوردی ئەنجوومەنـی بەڕێوەبردنـی سـتۆکهۆڵم وێـڕای پشتڕاسـتکردنەوەی ئـەم لێکدانەوەیـە، دەڵێـت "ناسـینی سـوێدییە بڕیـار بەدەسـتەکان و تێکەڵبـوون لەگەڵیـان کاریگـەری لەسـەر گەیشـتن بـە ناوەندەکانـی بڕیـار هەیـە".

تـارا توانـا، ئەندامـی ئەنجوومەنـی هەرێمـی سـتۆکهۆڵم بـۆ ڕادیـۆی سـوێدی گـوت "لەنێـو بیانییـە سیاسـییەکانی سـوێد کەسـانی زۆر بـە توانـا هـەن، بـەڵام ڕێگەیـان پێنادرێـت بگەنـە ناوەندەکانـی بڕیـار".

تیمێکـی سـێ کەسـی ئـەم توێژینەوەیەیـان کـردووە. یۆهانـا ڕیکنـی یەکێکـە لـەوان، ئـەو بـە مێدیاکانـی سـوێدی ڕاگەیانـدووە: "لەدایکبووانـی دەرەوەی سـوێد بەشـێوەیەکی خێـرا دێنـە نێـو دونیـای سیاسـەتەوە، بـەڵام بـە ئاسـتەم ڕێگـەی ئەوەیـان پێدەدرێـت بگەنـە پۆسـتە بـەرزەکان".

هیـچ یەکێـک لـە توێژینـەوەکان ناچنـە وردەکاریـی شوناسـی ئـەو بیانییانـەی لـە مەیدانـی سیاسـەت و لـە پۆسـتە باڵاکانـدان، بـەڵام بەگوێـرەی بەدواداچوونـی (ڕووداو) کـوردی نیشـتەجێی ئـەو وڵاتـە لەچـاو بیانییەکانـی دیکـە چالاکـە.

ڕەنگـە ئـەوە حاڵەتێکی نامـۆ بێـت کـە ئێسـتا کـورد بـە ئەندامانـی کارا و یـەدەگ، هەشـت ئەندامـی لـە پەرلەمانـی سـوێد هەیـە، زیاتـر لـە 250 کەسـی لـە ئەنجوومەنـی هەرێـم و شـارەوانی و دامـەزراوە خزمەتگوزارییـەکان و فەرمانگـە باڵاکانـی سـوێددا هەیـە.

ئێلینـۆر هامرێـن، مامۆسـتای زانکـۆی سـوێدێرتورن بـە (ڕووداو)ی گـوت: "وجـودی کـورد لـە ناوەنـدە سیاسـی و بڕیاربەدەسـتەکاندا، کارایـی ئـەوان نیشـاندەدات".

گوتیشـی: "لـە ناوەندەکانـی دەسـەڵات و حکومـەت و پـارت و ڕێکخـراو و زانکۆکانـدا دەیـان کـوردی چـالاک هـەن، چالاکیـی ئـەوان پەیوەنـدی بـە بـاوەڕی ئەوانـەوە بـۆ ئامانجێکـی بنەڕەتـی هەیـە".

ئۆڤـا برینـگ، پسـپۆڕ و ڕاوێـژکاری پێشـووی وەزارەتـی دەرەوەی سـوێد دەڵێـت کـوردی سـوێد لـە پێکهاتـە چـالاک و دیارەکانـی وڵاتـی سـوێدن. ئـەو بـە (ڕووداو)ی گـوت: "دەیـان کـورد لەنێـو پارتـەکان و لەنێـو پەرلەمانـن، ئـەوەش کارایـی ئـەو نەتەوەیـە نیشـان دەدات".

گوتیشـی "کارایـی کـورد لـە سیاسـەت لـە سـوێد پەیوەنـدی بـە لۆبیکـردن بـۆ پرسـی نەتەوەیـی خۆیانـەوە هەیـە".

زۆرینـەی بیانییـەکان لـە سـوێد لـە ڕیـزی پارتـە چەپەکانـدا سیاسـەت دەکـەن، ئەمـە لەگـەڵ ئـەوەی کـە جۆرێـک لاسـەنگیی دروسـت کـردووە، هـاوکات مایـەی پرسـیاری نـەوەی نوێـی تاراوگەنشـینانی ئـەو وڵاتەشـە.

وەک توێژینەوەکـەی زانکـۆی سـتۆکهۆڵمیش دەریخسـتووە، بیانییـەکان زیاتـر ڕوو لـەو پارتانـە دەکـەن، بۆیـە لـە حاڵەتـی شکسـتی پارتـە چەپەکانـدا لـە هەڵبـژاردن، پێکـەوە لـە گۆڕەپانـی سیاسـی دەچنـە دەرەوە.

بـەڵام کاژاو جەمیـل کـە دانیشـتوویەکی دێرینـی سـوێدە، ڕەتـی دەکاتـەوە کـورد تەنیـا لـە نێـو پارتـە چەپـەکان بێـت "لـە نێـو پارتـە چەپـەکان کـورد پێکهاتەیەکـی کارایـە، بـەڵام لـە نێـو پارتـە ڕاسـتەکانیش، بـۆ نموونـە پارتـی گەلـی لیبـراڵ و مۆدێـرات کـوردی کارا هەیـە".

کاژاو جەمیل بە (ڕووداو)ی گوت "کـوردی سـوێد ئەوەیـان تێپەڕانـدووە کـە تەنیـا دوای پارتـە چەپـەکان بکـەون، تەنانـەت بـۆ هەڵبژاردنەکانـی داهاتـوو، هاوشـێوەی فینلانـد، کـورد لـەو پێکهاتانەیـە کـە پارتـە توندڕەو و نەژادپەرسـتەکانیش چاویـان لەسـەریانە".

## بەرەو هەڵبژاردنی 2018

سـوێد بـەرەو هەڵبژاردنـی پەرلەمانـی و شـارەوانییەکان دەڕوات و هەمـووی چەنـد مانگێکـی مـاوە. دوور نییـە ئەنجامـی هەڵبژاردنـەکان بۆچوونـی نێـو توێژینەوەکـە بگۆڕێـت، بەتایبـەت لـە هەمبـەر کـورد. چونکـە پارتەکانـی ئـەو وڵاتـە چاویـان لەسـەر کـوردە و کـوردی سـوێدیش تێڕوانینـی جیاوازیـان هەیـە.

### کورد نەتەوەیەکی کارای سوێدن

راوێژکارێکی پێشووی وەزارەتی دەرەوەی سوێد

بەپێـی زانیارییـەکان لـە نێـو هـەردوو باڵـی ڕاسـت و چەپـی پارتـە دیارەکانـی سـوێد کـە خاوەنـی کورسـی پەرلەمانیـن، زیاتـر لـە 30 کـورد بـە نیـازن خۆیـان کاندیـد بکـەن. بەپێـی ئامـاری نافەرمـی هەڵبژاردنەکانـی پێشـوو، لەکـۆی 150 هـەزار کـوردی سـوێد، نزیکـەی 50 هـەزار کـەس مافـی دەنگدانیـان هەبـوو کـە ئێسـتا ژمارەکـە بـۆ 70 هـەزار دەنگـدەر بەرزبووەتـەوە.

شـەڕی داعـش و گۆڕانکارییەکانیـش هاوکێشـەی نوێـی هێناوەتـە ئـارا. سـەرهات ئامـەد، چالاکـی پارتـی سۆسـیال دیموکراتـە، بەنیـازە یەکێـک لـە بەربژێـرەکان بێـت، ئەگـەر دەنگـی ناوخـۆی پارتەکـەی بەدەسـتهێنا. ئـەو دەڵێـت "کـورد بـە بـەراورد لەگـەڵ فینلانـدی و عـەرەب، جالییەیەکـی بچووکتـرە، بـەڵام زۆر کاریگەرتـرە، بۆیـە حیزبـەکان چاویـان لەسـەریەتی".

بـە بـاوەڕی سـەرهات کـە هاوبۆچوونـە لەگـەڵ مامۆسـتاکەی زانکـۆی سـیۆدێرتۆرن "لەنێو بیانییەکانـی سـوێد کـورد لـە هەمـوان زیاتـر بایـەخ بـە سیاسـەت دەدات". گوتیشـی "شـەڕی داعـش، بەرخودانـی پێشـمەرگە، کارایـی ئـەوان لـە سیاسـەت، زیاتـر هانـی پارتـەکان دەدات پشـتیان پـێ ببەسـتن".

### بیانییەکانی سوێد بە ئاستەم بە پۆستە بەرزەکان دەگەن

ڕاپۆرتێکی زانکۆی ستۆکهۆڵم

# دوو کورد بە تەنیا ڕێی بولگاریا بەپێ دەبڕن

**زامدار ئەحمەد**
**ڕووداو – لۆبۆمێز، بوڵگاریا**

"ئـای بـۆ ئـەو ئێوارانـەی دەگـەڵ خانەوادەکـەم لـەدوای تەواوکردنـی کاری تۆڕنـە، دەچووینـە ڕۆخ دەریاچـەی زرێبـار و پشـوومان دەدا، چاییەکـی خەڵـووزی دەسـتی دایکمـان بـە شـەکری کـوڵاوی پـڕ لەگوێـزەوە نـۆش دەکـرد، بەڕوانیـن لـە دار و زەوەنـدی نێـو زرێـوار و بینینـی ئاوابوونـی ڕۆژ، چەنـد بـە چێـژ و خـۆش بـوو، دەبـێ کـەی بگەڕێمـەوە و دەسـتی دایکـی دڵبەخـەم و دڵشـکاوم مـاچ بکـەم؟".

سـەباح عەبدوڵڵایـی، سەرگوزشـتەی ڕێگـەی ئەوروپـا و چۆنیەتـی ڕزگاربوونـی لـە مـەرگ، لـە زینـدانی "لۆبۆمێـز"ەوە بـۆ (ڕووداو) دەگێڕێتـەوە.

سـەباح لـەدوای 10 ڕۆژ مانـەوەی لـە تورکیـا، بەڕێنوێنـی دوو ڕێبـەری ئەفغانـی بـەرەو بولگاریـا دەکەوێتـە ڕێ "لـە ئیستنەبوڵەوە تاوەکوو سنوور بە ئۆتۆمبێل ڕۆیشـتین، ئێمەیـان خستە نێو ماشـێنەوە و وەکو ئاژەڵ مامەڵەیان لەگەڵ کردین. هەر لە سەرەتای ڕێگاوە ناخۆشی دەستیپێکرد، بـەلای چەنـد خانوویەکـی کۆنـدا ڕۆیشـتین، لـەوێ ڕێبـەرەکان دەسـتیانکرد بـە کێشـانی تریـاک. بـەم شـەوە تاریکـە، نزیکـەی 50 کـەس کەوتبووینـە دوای ڕێبـەری ترياككێـش و حەبخـۆر کـە ماندوونەناسـێ و بەهـا بـۆ کۆچبەرەکانـی دانانـێ".

لـەدوای ماوەیەکـی کـەم، بەشـێک لـە کۆچبـەرەکان بەتایبەتـی ئەوانـەی تەمەنیـان هەڵکشـابوو، توانـای ڕێکردنیـان نەمـا، بـە "پلیـز پلیـز و لوتفـەن" بـۆ ماوەیـەک ڕێبـەرەکان پشـوو دەدەن. وەلـێ محەمـەدی تەمـەن 55 سـاڵی جگەرەکێـش کـە تـەواو شـەکەت و مانـدوو بـوو، داوای یارمەتـی لـە سـەباح دەکات و ئەویـش بەڵێنـی پێـدەدات جێـی نەهێڵـێ.

سـەباح درێـژە بـە گێڕانەوەکـەی دەدات و دەڵێـت "محەممـەد لـە دوای گشـت کۆچبەرەکانـەوە، منیـش لەتەکیـدا دەڕۆیشـم، تووشـی دڕکـوداڵ بوویـن، زیاتـر لـە 10 خولـەک بەنـاو ئـەو ئازارەدا ڕۆیشـتین، تەنانـەت دڕکـەکان هێنـدە تیـژ بـوون، بەشـێک لـە جلوبەرگەکانمانـی دڕی. دڵخـۆش بوویـن لـەوێ ڕزگارمـان بـوو، لەکاتـی ڕاکـردن لـە پـڕدا، پێـڵاوم لـە پێـدا نەمـا، ئـای خودایـە ئەمـە چ بەدبەختییەکـە تووشـم بـوو، خـۆم چـاوم کـزە، دەسـتێکم بـە چاویلکەکەمـەوە و بـە دەسـتەکەی دی دەسـت لـە زەوی دەدەم و بـەدوای تاکـە پێڵاوەکەمـدا دەگەڕێـم، بیـر و خەیاڵـم لای کۆچبەرانـە کـە جێیـان هێشـتووم. تاکـە پێڵاوەکـەم دۆزییـەوە و بەپەلـە لەپێمکـرد و تـا توانـام هەبـوو ڕامکـرد و هـاوار هـاوار، بـۆ ئـەوەی پۆلـە کۆچبەرەکـە بدۆزمـەوە، زیاتـر لـە پێنـج خولـەک ڕۆیشـتم تـا گەیشـتمەوە ئـەوان".

ڕێبەرەکەیـان لـە ناکاودا بـە زمانـی ئەفغانـی دەڵێـت: "بشـین، بشـین" واتـە "دانیشـن، دانیشـن"، پێدەچـێ ڕێگـەی ونکردبـێ، چـاو لـە (Gps) دەکات و لەوێـدا بۆیـان دەردەکـەوێ ڕێگـەی ون کـردووە. سـەباح گوتـی "ڕێبـەر نەبـوو، ڕێ ونکـەر بـوو، بەشـێوەی هیلالـی ڕێگـەی کردبـوو، دوو کاتژمێـری دیکـە ڕۆیشـتباین، دەگەیشـتینەوە ئەسـتەنبوڵ".

لـەو کاتـەدا، چەنـد پۆلیسـێکی بولـگاری بـە سـەگەوە لێیـان وەدەردەکـەون و لایتیـان لێـدەدەن. چواردەوریـان دەگـرن و ڕێبەرەکانیـش وەک کۆچبـەر خۆیـان دەناسـێنن.

سـەباح باسـی مامەڵـەی پۆلیسـەکان دەکات و دەڵێـت: "کەمێـک لـەولای کۆچبەرەکانـی دیکـە دانیشـتبووم، پۆلیسـێکیان هـات، بەهەمـوو توانایـەوە شـەقێکی لێـدام، خـۆم لەلایـەک و چاویلکەکـەم لەلایـەک کەوتیـن، لـەوێ هەموومانیـان لەسـەر سـک لەسـەر زەوی درێـژ کـرد و هەرچـی پـارە و مۆبایـل و کەلوپەلـی بەنرخمـان لابـوو وەریانگـرت، ئینجـا ئێمەیـان وەپێـش خۆیـان دا و لـە سـنووری بولگاریـا دەریانکردیـن".

ئەمجـارە ڕێبـەر پێیانـدەڵێ دوای بکـەون، ڕێگەیەکـی دیکـە پێدەزانـێ. سـەباح دەڵێـت "10 کاژێـر بەبـێ مۆبایـل و (Gps) کەوتینـەوە ڕێ، لـەدوای دوو کاتژمێـرێ پۆلێکـی دیکـەی کۆچبەرمـان بینـی، ڕێبەرەکەمـان چـووە لای ڕێبەرەکەیـان کـە هەردووکیـان ئەفغانـی بـوون، بـە زمانـی خۆیـان چەنـد قسـەیەکیان کـرد و ئێمەشـیان لەگـەڵ ئـەوان دا، گروپەکەمـان فـراوان بـوو، نزیکـەی بووینـە 100 کـەس".

محەمـەدی تەمـەن 55 سـاڵ، تـەواو شـەکەت و مانـدووە، دەڵـێ: توانـای هەڵگرتنـی پشـتەکۆڵم نەمـاوە، پشـتەکۆڵێکی گـەورە، هەمـوو کەلوپەلێکـی تێدایـە، تەنانـەت پەتۆشـی لەگـەڵ خۆیـدا هێنـاوە، لـەوێ جانتاکـەی فڕێـدا و کۆچبـەرە ئەفغانییـەکان پەلاماریانـدا و خەریکبـوو لەسـەری بەشـەڕبێن. لـەدوای ماوەیەکـی دی گوتـی ئێسـتا خۆشـم ناتوانـم ڕێ بکـەم، گوتـی "بمکـوژن، ناتوانـم، هـەر سـەیری کێوەکـەی دەکـرد کـە بڕیـار بـوو پێیـدا سـەرکەوین، لەبەرخۆیـەوە دەیگـوت بەخـوا دواجـار بوومـە خـۆراکـی دڕندەکانـی ئـەم جەنگەڵـە".

ڕێبـەر دەسـتیکردەوە بەڕێکـردن بـەرەو شـاخێکی بـەرز، محەممەدیـش ڕەنگـی وەبەرنەمـاوە، تـکا لـە کۆچبـەرە کوردەکان دەکا، بەتەنـێ جێـی نەهێڵـن، وەلـێ کـەس بەهـای بـۆ قسـەکەی دانەنـا و تێکـڕا بەیەکـەوە ڕۆیشـتن، بـەڵام سـەباح لەسـەر بەڵێنەکـەی خـۆی مـا. سـەباح دەڵـێ "بینینـی فرمێسـکی چاوانـی وای لێکـردم جێینەهێڵـم و لەگەڵیـدا بمێنمـەوە و تکامـان لـە ڕێبەرەکەمـان کـرد، لـەدوای گەیاندنـی ئـەو کۆچبەرانـە بەدوامانـدا بێتـەوە".

ڕۆژ بـەرەو تاریکـی دەچـێ، دەشـێ ڕێبـەرەکان بەدوایانـدا نەیەنـەوە، بـەڵام سـەباح هاوڕێکـەی جێناهێڵـێ. سـەباح دەڵێـت: "بـۆ سـەلامەتیی گیانـی خۆمـان ئاگرێکـم کـردەوە، ئـەو یەکڕاسـت لێـی خـەوت و منیـش دارم کۆکـردەوە و ئاگرەکـەم درێـژ کـردەوە، ئێمـە لـە چاوەڕوانیـی ڕێبـەردا بوویـن، بـەڵام نەهـات و نەهـات".

هەرچۆنـێ بـێ ڕۆژ دەکەنـەوە، بـەڵام ئەمجارە تینوێتـی و برسـێتی تەنگیـان پێهەڵدەچنـێ، بەناچـاری و پـاش بێئومێدبوونیـان لەگەڕانـەوەی ڕێبەرەکـە، بەڕێدەکـەون.

سـەباح دەڵێـت: "لەڕێـگادا بەڕوویەکـی بچووکمـان بینـی، بـەڕوو وەک ژاڵـە تاڵـە، بەڕوویەکـت خواردبـا، دەبـوو یـەک دەبـە ئـاوی لـەدوا بخـۆی، ئاویـش نییـە. لەبـن بەردێکـی گـەورە ئـاوی ڕەنـگ زەردی لـێ بـوو، لـە کـۆڵا دەچـوو، لێـی نزیـک بووینـەوە بیخۆیـن، پیسـیی بۆنەکـەی لـە کەڵلـەی دایـن، بـەڵام لووتمـان گـرت و خواردمانـەوە و هەرچـی دەبـە و قوتـووی ئـەو نـاوە هەبـوو کۆمانکـردەوە و پڕمانکـرد لـە ئـاو، لەگـەڵ خۆمـان بردمـان، شـەوی دووەمـی تەنیاییمـان بـە دیـار ئاگـرەوە بەڕێکـرد، خەریکـە دەمریـن لـە برسـان، لـە باخچەیـەک نزیـک بووینـەوە، پـڕ بەدەنـگ هاوارمـان دەکـرد، کەسـێ وەدیـار نەکـەوت، شـەوی سـێیەمیش بەهەمانشـێوەی دوو شـەوەکەی پێشـوو تێپـەڕی، جـار جـار دوو بـە دوو دەگریایـن".

سـەباح بـە دڵتەنگییـەوە لـە قسـەکردن بەردەوامـە و دەڵـێ: "ڕۆژی چـوارەم لـە ڕێکـردن بـەردەوام بوویـن، لـەلای تەپۆڵکەیەکـەوە بەڕێکەوتیـن، لـەدوای چـوار کاتژمێـر لـە ڕۆیشـتن گەیشـتینەوە هەمـان شـوێن، واتـە بـە دەوری تەپۆڵکەکـەدا سـووڕابووینەوە. هەرچۆنـێ بـێ، ئـەو ڕۆژە گەیشـتینە ئاوەدانـی و لەلایـەن پۆلیسـی بولگارییـەوە دەسـتگیرکراین".

ئێسـتا سـەباح لـە زینـدان ئازادکـراوە و لـە سـۆفیا خەریکـی کاری تۆڕنەیـە.



سەباح و هاوڕێکەی چوار ڕۆژ لە جەنگەڵستانێک گیریان خواردبوو

ڕووداو
ژنان
ژمارە ( 488 ) - دووشەممە 2018/1/8



## گەنجێک دوو خوشکی خۆی دەکوژێت

**ڕووداو- کەلار**

ڕۆژی 2018/1/3 گەنجێک لە کەلار دوو خوشکی خۆی کوشت و زاواکەیشی بریندارکرد. رائید علی جەمال قدووری، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان ڕایگەیاند "لەگەڕەکی سەدماڵی قەزای کەلار، گەنجێک دوو خوشکی خۆی کوشتووە و زاواکەشی بریندار کردووە". دوای گەیشتنی مەفرەزەکانی 104ی کەلار بۆ شوێنی ڕووداوەکە، تەرمەکان و بریندارەکە بۆ بەشی فریاکەوتنی شەهید هەژار گوازراونەتەوە و چارەسەری پێویست بۆ بریندارەکە کراوە. پۆلیس دەڵێ تا ئێستا ڕوون نییە هۆکاری ڕووداوەکە چی بووە. هەروەها تۆمەتبارەکەش هەڵاتووە و پۆلیس دۆسیەی بۆ کردووەتەوە و بەدوایدا دەگەڕێ.

پڕفرۆشترین کتێبە

# ڕۆمانی ژنێکی کورد سەرنجی دانیمارکییەکان ڕادەکێشێ



**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆمانی مردووشۆر (Dødevaskeren) کە بە زمانی دانیمارکی بڵاوکراوەتەوە، یەکەم ڕۆمانی خانمە نووسەری کورد سارا عومەرە کە ڕۆژی 30ی تشرینی دووەمی ڕابردوو بڵاوکرایەوە. هەرچەندە ڕۆمانەکە لە کۆتاییەکانی ساڵی 2017دا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام دیمەنە زەقەکانی سەرکوت و کوشتنی ئافرەتان لە کۆمەڵگای کوردیدا وای کرد ئەو ڕۆمانە بە خێرایی لە سەرووی ڕیزبەندی پڕفرۆشترین کتێبەکانی دانیمارک بێ.

پیتەر نیلسن، ڕەخنەگری دانیمارکی، لە وتارێکدا بۆ ناساندنی کتێبەکە دەڵێ: "لە ڕۆژی 30ی تشرینی دووەمی 2017دا و بە دەرچوونی ڕۆمانی مردووشۆری سارا عومەر، لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی ئەدەبیاتی دانیمارکیدا کرایەوە". نیلسن چاوەڕێ دەکات ئەو ڕۆمانە دیبەیتێکی بەرفراوان لە کۆمەڵگای دانیمارکیدا دروستبکات.

شوێنی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە باشووری کوردستانە کە سارا عومەر خۆی تێیدا لەدایکبووە و 15 ساڵی تەمەنی تێدا بەسەربردووە، دواتر ڕووی لە دانیمارک کردووە. دیمەنی یەکەمی ڕۆمانەکەش بڕینی زمان و گوێچکەی کچێک و پاشان کوشتنی لە لایەن باوکیەتی. سارا دەزانێت ئەوەی لە ڕۆمانەکەیدا بەسەر فرمێسک، کاراکتەری ڕۆمانەکە هاتووە بۆ خوێنەر قورسە.

بەڵام لە دیمانەیەکی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی حکومەتی دانیمارکیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە "ئەمە واقیعێکە و لەوێ هەیە. گرنگە جەخت لەوەش بکەینەوە کە ئەم توندوتیژییانە تەنیا لە کۆمەڵگای کوردستاندا ڕوونادات، بەڵکو لە هەموو کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەیە".

نووسەرە کوردەکە ئێستا لەژێر پارێزگاریی پۆلیسدایە، لەبەرئەوەی گومان دەکرێت ناوەڕۆکی کتێبەکەی ڕەخنەی لە ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانی ئیسلام تێدا بێت. سارا هیوادارە ڕۆمانەکەی ئەو، ڕێگە بۆ چاکسازی لە ئیسلامدا خۆشبکات و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە "بەڕای شەخسی خۆم پێموایە پێویستە لێکدانەوەی نەرمتر بۆ قورئان بکرێت"، ڕەتیشی دەکاتەوە کتێبەکەی ئەو "ڕاگەیاندنی جەنگ لە دژی ئیسلام" بێت، بەڵکو تەنیا پێیوایە پێویستە چاکسازی لە لێکدانەوەی ئیسلامدا بۆ دنیا و بۆ ژیان بکرێ.

سارا عومەر لەبارەی بابەتی سەرەکیی کتێبەکەی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "مردووشۆر بەشێوەیەکی گشتی باسی نادادپەروەری و نارەحەتییەکانی ژیانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی دەکات".

سەبارەت بە ناوی کتێبەکەشی، نووسەرە کوردەکە بە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی دانیمارکی گوتووە "مردووشۆرەکان ئەوانەن کە لە دوایین ساتەکاندا ئاگایان لە ئافرەتە پەراوێزخراوەکانە و پێش ئەوەی ئافرەتەکە بنێژرێ، خۆشەویستی پێدەبەخشن و جارێکی دیکە (بەهۆی مامەڵەکردنی خۆیانەوە) ئافرەتە کوژراوەکە دەکەنەوە بە مرۆڤ".

ڕەخنەگرێکی دانیمارکی

### سارا بە ڕۆمانە دانسقەکەی ئەدەبی دانیمارکیی دەوڵەمەند کرد

پیتەر نیلسن لە بەشی کۆتایی ئەو ناساندنەی بۆ کتێبەکەی کردووە، دەنووسێت "نازانین ئەم ڕۆمانە دەتوانێت ئەو دەمارگیرییە بشکێنێت کە لە کۆمەڵگای دانیمارکیدا بەرامبەر موسڵمانە دانیمارکییەکان هەیە یان نا، بەڵام سارا بەو ڕۆمانە دانسقەیەی ئەدەبی دانیمارکیی دەوڵەمەند کردووە".




## 400 کەس خۆیان ناونووس کردووە

# ڕێکخراوێک هەلی کار بۆ جووت توخم و بێوەژن و قەیرەکان دەدۆزێتەوە



**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

ڕێکخراوی هێور کە چەند مانگێکە دامەزراوە، دەیەوێت ببێتە تەواوکەرێک بۆ کارە تەواونەکراوەکانی ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییەکانی دیکە. ئامانجی ئەم ڕێکخراوە تێکەڵکردنی کەسانی (جووت توخم، بێوەژن، ژنانی مێرد ونبوو و جیابووەوە، هەروەها کچان و کوڕانی قەیرە)یە لەگەڵ کۆمەڵگا، لەڕێگەی دۆزینەوەی کار و هاوکاریکردنیان بەشێوەی ماددی و مەعنەوی.

عەبدولقەهار حوسێن، مامۆستا و بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هێور، باسی هۆکاری دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە دەکات و دەڵێت بەنامۆسەیرکردنی ئەو ئافرەتانە هانی داوە کە ڕێکخراوی هێور دابمەزرێنێ "چونکە لە کوردستان کەسانی قەیرە و بێوەژن و کەسانی جووت توخم بەردەوام لەڕووی دەروونییەوە ئازاردراون و پێویستیان بە ئاشتکردنەوەیە لەگەڵ کۆمەڵگا، بۆیە ڕێکخراوەکەمان سەرەتا لەڕێگەی کۆڕ و سەمینار ئاشنایان دەکات بە کۆمەڵگا و هەوڵی باشترکردنی باری دەروونییان دەدەین".

بە گوتەی عەبدولقەهار، ڕێکخراوەکەیان لە ستافێکی خۆبەخشی خاوەن ئەزموون پێکهاتووە و ژمارەیان حەوت کەسە، کە ژن و پیاو و کەسی شارەزا و توێژەر و یاساییان هەیە.

### 400
### کەس ناویان تۆمار کردووە

ڕێکخراوەکە لە 2017/9/19 دامەزراوە، لە ماوەی کەمتر لە چوار مانگدا، زیاتر لە 400 کەس خۆیان ناونووس کردووە، عەبدولقەهار حوسێن دەڵێت: "زۆرترینی ئەوانەی خۆیان ناونووس کردووە کچانن کە تەمەنیان لەسەرووی 40 ساڵییە، هەروەها پیاوانیش لەتەمەنی سەرووی 50 ساڵی، چونکە ئێمە ڕێژەی تەمەنمان دیاری کردووە، بۆ مێ سەرووی 40 ساڵی و بۆ پیاوانیش سەرووی 50 ساڵی دیاریکراوە، بەڵام بۆ جووت توخمەکان تەمەن دیاری نەکراوە، هەرچەندە ئێمە هیچکات لە ڕەگەزیان ناپرسین و خۆیان کە دێن ئازادن لەوەی بە چ ڕەگەزێک خۆیان دەناسێنن".

سەبارەت بە ئامانجی ڕێکخراوەکەش، عەبدولقەهار حوسێن دەڵێت: "ئامانجەکانمان زۆرن، بەڵام ئێستا دوو ئامانجی سەرەکیمان دیاری کردووە: باشبوونی ئەم کەسانە لەڕووی دەروونییەوە، هەروەها دۆزینەوەی هەلی کار بۆیان". گوتیشی کە چەندین هەلی کاریان لەڕێگەی کۆمپانیا و مۆڵەکانەوە بۆ ئەندامەکانیان دۆزیوەتەوە".

سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە باسی ئامانجی داهاتووشیان دەکات و دەڵێت: "یەکێک لەو کارانەی دەمانەوێت لە داهاتوودا بیکەین، ئەوەیە کە لە پەرلەمانی کوردستان یاسایەک دەربکرێ مرۆڤدۆستانە بێت، نەک مەرجی تێدا بێت، بۆ نموونە کەسانێکی زۆر بە مووچەی 90 هەزار دینار مووچەخۆرن و قەید و شەرتیش هەیە بۆیان کە نابێت هیچ سەرچاوەیەکی دارایی دیکەیان هەبێت، بۆیە بۆ چاککردنی ئەم یاسا مەرجدارانە لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و ئەندامانی پەرلەمانی تایبەت بەو بوارە قسەمان کردووە، خۆشبەختانە ئەوانیش هاوڕان لەگەڵمان".

سەبارەت بە بەشوودانی بێوەژن و کچە قەیرەکان و پەیداکردنی هاوژین لە ڕێکخراوەکەیان، عەبدولقەهار گوتی "پیاو هەیە بۆ ئەو مەبەستە دێت کە ژنی بۆ بدۆزرێتەوە، بەڵام ئێستا بەرنامەی ئەوەمان نییە و نامانەوێت کۆمەڵگا بە چاوێکی دیکە سەیرمان بکات".

ژاڵە جەلال، خانمێکی تەمەن 25 ساڵانە و وەک پارێزەر لە ڕێکخراوەکە کاردەکات، ئەو باس لەوە دەکات کە تەنیا کچ و ژن و پیاوی ماڵەوە نین سەردانی ڕێکخراوەکە دەکەن، بەڵکو کەسانی خاوەن بڕوانامەی بەرزیش سەردانیان دەکەن.

ژاڵە پێشتریش کاری خۆبەخشی کردووە و ئێستاش هەفتەی چوار ڕۆژ لەو ڕێکخراوە کار دەکات و دەڵێت "زۆر ئاسوودەم بە هاوکاریکردنی ئەو کەسانە و ئاوڕدانەوە لە ئازارەکانی ئەو کەسانە باشترین سەرمایەیە بۆ من".

# نەنکێک کوڕەزاکەی زەوت دەکات

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

کاتێک سیزار و کەریم لەدایکبوون، داپیریان بڕیاری دا کەریم بباتە لای خۆی و بەخێوی بکات، بەڵام دواجار کەریم لە دەست دایک و باوکی دەرچوو، بەپێی بەڵگەنامە فەرمییەکان ئێستا کەریم کوڕی مامیەتی نەک باوکی، باوکی کەریم دەڵێت تاوەکو ئێستا سێ جار سکاڵای تۆمار کردووە، بەڵام کوڕەکەیان نەداوەتەوە.

شوکری سەلیم، دانیشتووی ناحیەی قەسرۆکی سەر بە قەزای شێخانی پارێزگای دهۆکە. 13 ساڵ لەمەوبەر هاوژینەکەی دوو کوڕی جمکی دەبێ. ناویان لێدەنێن سیزار و کەریم. دایکی شوکری کە لەگەڵ کوڕەکەی لە ماڵێکدا دەژیان، زۆر هاوکاریی شوکری دەکات و بەخێوکردنی یەکێک لە کوڕەکانی دەگرێتە ئەستۆی خۆی.

منداڵەکان تەمەنیان دەگاتە نۆ ساڵ، شوکری ماڵی خۆی لە دایک و براکانی جیا دەکاتەوە، بەڵام کەریم هەر لەلای نەنکی دەمێنێتەوە.

شوکری سەلیم، چیرۆکی زەوتکردنی کوڕەکەی بۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوە و دەڵێ: "چوار ساڵ لەمەوبەر ماڵی خۆم کرد، لە دایک و براکانم جیابوومەوە، بەڵام دایکم گوتی با کەریم لەلای من بێ، منیش پێمگوت چۆن لەلای ئێوە بێ ئەوە کوڕی منە، بەڵام دایکم گوتی من چەند ساڵە بەخێوی دەکەم، با چەند ڕۆژێک لەلای من بێ، بەڵام کوڕەکەیان لێ زەوت کردم، ئێستا دەڵێن منداڵی ئێمەیە".

باوکی منداڵەکە

### بە یاسا و واستە کوڕەکەیان لێسەندم

شوکری چەند وێنەیەکی کەریم و ناسنامەی باری شارستانییەکەی بەدەستەوە گرتووە و فرمێسک بە چاوەکانیدا دێنە خوارەوە و دەڵێت: "ئەوان واستەیان هەیە، بە یاسا کوڕەکەیان لێ زەوت کردووم. براکەم تەنیا سێ کچی هەیە، دەیەوێ بە زۆر کەریم بکاتە کوڕی خۆی. بەرگەی دووریی کوڕەکەم ناگرم، هەموو هەوڵێک دەدەم بۆ ئەوەی بیگەڕێنمەوە لای خۆم".

بەپێی بڕیاری دادگای باری کەسی لە ناحیەی قەسرۆک کە وێنەیەکی دەست (ڕووداو) کەوتووە، دادگای ناوبراو لە ڕۆژی 2017/12/12 بڕیاری داوە کەریم لەلای داپیری (غ.ع) بژی، ئێستا کەریم لەگەڵ داپیری و مامی دەژی.

دوو هەفتە دوای ئەو بڕیارەی دادگا، شوکری پەنا بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە دهۆک دەبات.

ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤ

### پارێزەرمان بۆ وەرگرتنەوەی منداڵەکە گرتووە

شوکری باسی بیانووی ئەوان بۆ زەوتکردنی منداڵەکەی دەکات و دەڵێت: "ئەوان لە دادگا گوتوویانە باوکی کەریم نەخۆشیی دەروونی هەیە و ناتوانێ کوڕەکەی بەخێوبکات، بەڵام ڕاست ناکەن، با بێن سەیری ماڵ و حاڵم بکەن، مووچەی خانەنشینی پێشمەرگایەتیم هەیە، جگە لەوەش ڕۆژانە لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل کار دەکەم، مانگانە چەند جار دەچمە تورکیا. خانوویەکی دوو نهۆمیم هەیە، باری ئابووریم لەوان باشترە".

باوکی کەریم ئامادە نییە دەستبەرداری منداڵەکەی بێ و دەڵێت "سێ جار لە دادگای قەسرۆک سکاڵام تۆمار کرد، بەڵام سوودی نەبوو، بۆیە پەنام بردە بەر بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە دهۆک، لەوێ سکاڵام تۆمار کردووە". گوتیشی: "هەتا ڕۆژێک لە ژیانم مابێت، دەستبەرداری کوڕەکەم نابم".

حەمدی بەرواری، بەرپرسی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان- لقی دهۆک لەسەر ئەو کەیسە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕۆژی 26ی مانگی ڕابردوو کەیسی کەریم گەیشتە بەر دەستی ئێمە، هەر ئەو کاتە ئێمە پارێزەرێکمان گرت و دەستمان بە بەدواداچوون کرد، چونکە بەپێی مادە 57 لە یاسای باری کەسی، نابێت منداڵی خوار تەمەن 15 ساڵان، دوور لە دایک و باوکی بژی".

هەر لەوبارەوە موقەددەم ئارام محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژ بەژنان لە دهۆک دەڵێت، کەیسی کەریم گەیشتووەتە لای ئەوان "هەرچەند دۆسیەکەی لە دادگا یەکلایی بووەتەوە، بەڵام دوای گوێگرتن لە باوکی کەریم، بڕیارماندا دۆسیەکە بکەینەوە".

(ڕووداو) پەیوەندی بە مامی کەریمەوە کرد، بەڵام ئامادە نەبوو لەوبارەیەوە قسە بکات و تەنیا گوتی "کەریم خۆی حەز دەکات لەلای ئێمە بژی".



شوکری لەگەڵ منداڵەکانی

## کارمەندێکی بەنزینخانەیەک خۆی دەکوژێ

**ڕوودا- سلێمانی**

کارمەندێکی بەنزینخانە لە شوێنی کارەکەی لە تاسلوجە بە گوللە خۆی کوشت. مافپەروەر ئیقبال محەممەد گوتەبێژی پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "شەوی 2018/1/2 گەنجێک بە ناوی (د.ر.ن) تەمەن 29 ساڵ، کارمەندی بەنزینخانەی بازیان لە نێو بەنزینخانەدا بە کلاشینکۆف تەقەی لە خۆی کردووە و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە". تەرمی ئەو گەنجە ڕەوانەی پزیشکیی دادوەری کرا و کلاشینکۆفەکەیش لەلایەن پۆلیسی تاسلوجەوە دەستی بەسەرداگیرا. لێکۆڵینەوەش لەبارەی چۆنیەتی گیانلەدەستدان و تەقەکردنەکە لەلایەن تیمەکانی پۆلیسی سنوورەکە دەستپێکردووە.



کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە (488) - دووشەممە 2018/1/8



ژیلەمۆ عەبدولقادر
موقەدەمی مافپەروەر

## مرازی حاسڵ بوو

هیچ لەو ژیانە ئاسوودە نەبوو کە تێیدا دەژیا، چونکە هەڵبژاردنی هاوژینەکەی بە ویستی خۆی نەبوو، دڵی بۆ پیاوێکی دیکە لێیدەدا، ئەو چیدی نەیدەویست بە ڕێگایەکی نادروست درێژە بە پەیوەندییەکەی بدات، بڕیارێکی ژیرانەی دا کاتێک پەنای بۆ یاسا برد و لە ڕێگەی دادگاوە مرازی حاسڵ بوو.

ئەوەی لە گۆشەی ئەم هەفتەیەم باسی دەکەم بەسەرهاتی ئافرەتێکە کە ساڵێک لەمەوبەر شووی کردبوو، بەڵام شووکردنەکەی بە ویستی خۆی نەبوو. ئەو ئافرەتە پەنای بۆ ئێمە هێنا بۆ ئەوەی ڕێگەچارەیەکی یاسایی بۆ بدۆزینەوە و ڕزگاری بێ لە دەستی مێردەکەی.

ئافرەتەکە بۆی گێڕاینەوە "پەیوەندیی خۆشەویستیم لەگەڵ کوڕێک هەبوو، یەکدیمان زۆر خۆشدەویست، بەڵێنمان بە یەکدی دابوو کە ببینە هاوژینی یەکدی، کوڕەکە هاتە خوازبێنیم، بەڵام ماڵەوەمان ڕازی نەبوون شوو بەو کوڕە بکەم، پاشان کوڕێکی خزممان هاتە خوازبێنیم، منیش لە ترسی کەسوکارەکەم نەمتوانی داخوازییەکە ڕەتبکەمەوە و بە ناچاری شووم بە خزمەکەم کرد، بەڵام دڵم هەر لەلای ئەو کوڕە بوو کە خۆشمدەویست، پەیوەندییەکەشمان هەر مابوو. هیچ ڕووی خۆم نەدەدایە هاوژینەکەم، بەردەوام بیانووم دەگرت بۆ ئەوەی دەستبەردارم ببێ، بەڵام ئەو زۆر منی خۆشدەویست. دوو جار داوام لێکرد کە جیاببینەوە، بەڵام ئەو ڕەتیکردەوە، چونکە منی زۆر خۆشدەویست و دەیگوت ناتوانم دەستبەردارت بم. ژیانێکی پڕ لە دوودڵی و ڕاڕاییم هەیە، وا هەست دەکەم تاوانێکی گەورە دەکەم، مێردەکەم منی بەو جۆرە خۆشبوێ و منیش هیچ دڵم لەلای ئەو نەبێ، زۆر نائاسوودەم چونکە ئەوەی من دەیکەم خیانەتە لە مێردەکەم. بە ماڵی باوکیشم گوتووە کە من ناتوانم لەگەڵ ئەو پیاوە هەڵبکەم، بەڵام ئەوان دەڵێن ئارام بگرە، ئەگەر منداڵێک دروست بکەن ژیانت دەگۆڕێ و دڵت بۆ پیاوەکە دەچێ، بەڵام من دڵنیام منداڵ هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ. ئەو کوڕەی پەیوەندیم لەگەڵی هەیە، چەند جارێک پێشنیازی بۆ کردووم سەری خۆمان هەڵبگرین و بڕۆین، بەڵام من حەز ناکەم ماڵی باوکم و هاوژینەکەم شەرمەزار بکەم و خەڵک بڵێن کچی بە مێردیان ڕەدووکەوتووە. ئێستاش هاتووم ڕێگەچارەیەکی یاساییم بۆ بدۆزنەوە بۆ ئەوەی لەو ژیانە ڕزگارم بێ و لە مێردەکەم جیاببمەوە".

ئامۆژگاری ئافرەتەکەمان کرد کە هەوڵ بدات قەناعەت بە خۆی بهێنێ، ئەو کوڕەی خۆشیدەوێ لە خەیاڵی خۆی دەربکات و پەیوەندی لەگەڵ بپچڕێنێ، چونکە ئەگەر ئاشکرا ببێ، ئەوە هاوژینەکەی دەتوانێ تۆمەتی "خیانەتی هاوسەرگیری" بخاتە پاڵ و سکاڵای لەسەر تۆمار بکات. بەڵام ئافرەتەکە دەیگوت هەڵوێست و ڕەفتارەکانی و خۆشەویستیی مێردەکەم بەسە بۆ ئەوەی بتوانم لەگەڵی بژیم، بەڵام بە دەست خۆم نییە، من هیچ دڵم بەو پیاوەوە نییە و خۆشمناوێ، ناشتوانم خیانەتی لێبکەم.

پێدەچوو ئەو ئافرەتە کۆتایی بە هەموو شتێک هێنابێ، ئامۆژگاری بۆ ئەو سوودی نەبوو، بۆیە پێشنیازی بۆ کرا کە لە دادگای باری کەسی سکاڵای جیابوونەوە تۆمار بکات و داوای پاراستن بکات، ئەویش وایکرد. ئافرەتەکە بۆ ماوەیەک داڵدە درا، کاتێک هاوژینەکەی دڵنیابوو لەوەی کە ئەوی ناوێ، لێی جیابووەوە. بەڵێننامەش بە کەسوکارەکەی پڕکرایەوە کە کاردانەوەی خراپیان بەرامبەر کچەکەیان نەبێ، ئینجا کچەکەیان ڕادەستکرایەوە. دوای ماوەیەک ئافرەتەکە شووی بەو کوڕە کرد کە پێشتر پەیوەندی لەگەڵی هەبوو.

### چوار ساڵە ئەشکەنجەیان دەدات

# پێنج منداڵ لە ترسی مامیان هانا بۆ پۆلیس دەبەن




دایکی ئەم منداڵانە پێنج ساڵ لەمەوبەر لەلایەن باوکیانەوە کوژراوە

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

لە شوباتی 2013 دا لەسەر شەڕە منداڵ، دایکی چوار کوڕ و کچێک بەدەستی هاوژینەکەی کوژرا. دوای ڕووداوەکە منداڵەکان کەوتنە لای مامیان، بەڵام ئەوان دەڵێن مامەکەیان مامەڵەیەکی زۆر خراپیان لەگەڵ دەکات و ئەشکەنجەی زۆری داون. ئێستاش کە ئەوان بە یەکەوە دەژین، مامیان وازیان لێناهێنێ و هەڕەشەی کوشتنیان لێدەکات، بۆیە سکاڵا تۆمار دەکەن.

ماڵی (ف) هەرگیز کێشەی لێ نەبڕاوە، ئەو بەردەوام لەگەڵ هاوژین و منداڵەکانی خراپ بووە، پاشان ژنێک هەڵدەگرێ و حەوت ساڵێک بەجێیاندێڵێ، بەڵام دواتر دەگەڕێتەوە. لەسەر شەڕە منداڵ، هاوژینی یەکەمی دەکوژێ و هەڵدێ.

(ب.ف) ئێستا تەمەنی 17 ساڵانە و تاقانەی چوار برایە، لەبارەی کوشتنی دایکیان بەدەستی باوکیان بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕۆژی 2013/2/28 برا بچووکەکەم لەگەڵ منداڵێکی دراوسێمان شەڕی کردبوو، من و براکەم لە کۆڵان بووین، باوکم هاتەوە و لە برا بچووکەکەمی دا، دایکم گوتی بەبەرچاوی خوشک و برا گەورەکەیەوە لێی مەدە، باوکیشم هەر لە گەڕەکەکە چەکی دەرهێنا و بەبەرچاوی ئێمە و دراوسێکانمانەوە دەستڕێژی گوللەی کرد و بە ئەنقەست لە دایکمی دا. باوکم بە غەدر دایکمی کوشت".

(ف.ف)ی تەمەن 22 ساڵ، کوڕی گەورەی خێزانەکەیە. باسی ژیانی خۆیان دەکات ئەوکاتەی باوکی جێیهێشتوون و دەڵێت "بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانمان دایکم لە سێ شوێن کاری دەکرد، لە نەمامگەیەک چایچی بوو. دواتر دەچووە کلینیکی پزیشکێکی ناسیاومان و لەوێش کاری خاوێنکردنەوەی دەکرد، هەروەها ناوبەناویش دەچووە ماڵی خزمێکی دەوڵەمەندمان ماڵەکەی بۆ پاک دەکردنەوە. هەموو هەوڵێکی دەدا بۆ ئەوەی پارووە نانێکمان بۆ دابین بکات، بەڵام دوای حەوت ساڵ باوکم گەڕایەوە و دایکمی بە غەدر کوشت".

(ف) قەت ئەو ڕۆژەی بیرناچێتەوە کە دایکی لە باوەشی ئەودا گیانی سپارد. دەڵێت خاڵەکانی سکاڵایان لەسەر باوکی تۆمار کرد، بەڵام تاوەکو ئێستا دەستگیر نەکراوە.

> **مامم بە زۆر پیسایی دەرخوارد داین**
> یەکێک لە منداڵەکان

ئەو منداڵانە دوای کوژرانی دایکیان، دەچنە لای مامیان، بەڵام وەک خۆیان باسی دەکەن، بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە ئەشکەنجەی داون. (ب.ف) دەڵێت: "مامم نەک هەر خەرجی نەدەکێشاین، بەڵکو کرێی خانووەکەی ئێمەی وەردەگرت و دەیخوارد. براکەم لە کۆمپانیایەک مانگانە بە 700 دۆلار کاری دەکرد، پارەکەی ئەویشی دەخوارد. بەردەوام لێیدەداین و جنێوی ناشیرینی پێدەداین. سەعات شەشی بەیانی براکانمی لە خەو هەڵدەستاند و لێیدەدان، دەیگوت بڕۆن کۆترەکانم بۆ بهێننەوە. چلەی زستان برا گەورەکەمی بە پەنجەرەوە بەستەوە و لێیدا. جەژنی قوربانی ڕابردوو هەر چوار براکەمی بەیەکەوە بەستەوە و لێیدان. براکانمی دەردەکرد و شەو نەدەهاتنەوە، برا بچووکەکەم تەمەنی تەنیا نۆ ساڵە، دووجار دەستی شکاندووە، ئێستا پلاتینی تێدایە، کەلەپچەی دەکرد و بە دار و ئاسن لێیدەدا".

(ب) ئەو شەوەی قەت لەبیرناچێت کە لەلایەن مامییەوە لێیدراوە و ویستوویەتی بە ڕووتی بچێتە دەرەوە "شەوێک حەبی هۆشبەری خواردبوو زۆری لێدام، گوتی تۆ دەزانی براکەت لەکوێیە و دەبێت پێم بڵێی، منیش گوتم نازانم، براکەم لەداخی مامەڵەی تۆ لەسەر شەقامەکان دەخەوێ، تووڕە بوو پەلاماریدام، وەکو ئاژەڵ ئەشکەنجەی دەدام، مەکسییەکەی دڕاندم و دەیگوت دەبێت بەم شەوە بە ڕووتی بچیتە دەرەوە".

### برا گەورەکەی هەڵدێ

(ف.ف) دەڵێت: "لە ماڵی مامم چی خراپ نەما پێمان نەکەن، مامم بە زەبری دەمانچە پیسایی بە هەر چوار براکەم خواردووە، جارێک بە کەلەپچە لە سەربان منی بەستەوە، ئەوەندە لێیدام تا پیسابیم لەژێر خۆم کرد، هەردوو دەستی کەلەپچە دەکردم، لەدواوە دەمانچەی لەسەر سەرم دادەنا، بە براکانمی دەگوت بە ڤیدیۆ وێنەی بگرن و دەبێت بڵێت کەسێکی حەبخۆرم و کاری بەدڕەوشتی دەکەم".

(ف) چیتر بەرگەی ئەو ئەشکەنجانەی مامی نەگرتووە و هەڵاتووە "ناچار بووم هەڵاتم، نزیکەی 3 ساڵ لەسەر شەقامەکان دەخەوتم، دواتر خوشک و براکانم ڕۆیشتن، براکانم لە چاودێریی کۆمەڵایەتی بوون، خوشکەکەشم لە داڵدەدانی ئافرەتان بوو، ئێمە لە یەکێک لە گەڕەکەکانی هەولێر خانووی خۆمان هەبوو، لەگەڵ خوشک و براکانم چووینە ناو خانووەکە و بەیەکەوە دەژیاین".

دوای ئەوەی منداڵەکان دەچنەوە ماڵی خۆیان، مامیان وازی لێنەهێناون، (ب) دەڵێت "کاتی خۆی باوکم و مامم شەڕیان کردووە و باوکم مامی بریندار کردووە، بۆیە مامم دەڵێت تۆڵەی خۆم لە ئێوە دەکەمەوە، چەند جارێک هاتە سەرمان و ئێمە هەڵهاتین، درەنگانی شەو دەگەڕاینەوە ماڵەوە، شکاتمان لێکرد، بەڵام دەستگیر نەکرا، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لەگەڵ مامێکی دیکەم و سێ کەسی دیکە بە چەک هێرشیان کردە سەرمان، ئێمە بە سەربانی ماڵە دراوسێکانماندا هەڵاتین، هەموو ماڵەکەیان تاڵان کردووە، نازانم ئێستا ئەم برا بچووکانەم ببەمە کوێ؟ چووینە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان و سکاڵامان لەسەر هەردوو مامم نووسیوە، بەڵام هێشتا دەستگیر نەکراون".

منداڵەکان شایەتی دەدەن کە مامیان حەبی هۆشبەری خواردووە و مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی بەو حەبانەوە کردووە. (ف) دەڵێت: "مامم حەبی هۆشبەری دەخوارد و دەیفرۆشت، بە من و (ئا)ی برامدا دەینارد بۆ موشتەرییەکانی، هەر بۆیە منیش ماوەیەک فێری حەبخواردن ببووم، بەڵام هاتمەوە هۆش خۆم و نەمهێشت لەگەڵ خوێنم تێکەڵاو بێت و وازم لێهێنا".

### هەڕەشەی کوشتنیان لێدەکات

(ف) لەگەڵ خوشک و براکانی هانای بۆ (ڕووداو) هێناوە و دەڵێت: "چیدی بەرگەی ئەم بارودۆخە ناگرین، هیچ نەماوە بەسەرمان نەیەت، دایکم لەناو دەستم مرد، ئەوەندە لێیدام تا پیسایی و میزی پێکردم، پیسایی دەرخوارد داین، خوشکەکەمی ڕووتکردەوە، پارەی خواردم، هیچی دیکە بەرگە ناگرین، ئێستاش هەڕەشەی کوشتنمان لێدەکات، دەڵێت لە کوێ سکاڵام لەسەر تۆمار دەکەن بڕۆن بیکەن، بەڵام من هەر دەتانکوژم، تاوانی ئێمە چییە؟ کارێک بکەن لێمانگەڕێ با بۆخۆمان بژین".

(ڕووداو) چەند جارێک هەوڵی دا پەیوەندی بە (س.م)ی مامی منداڵەکانەوە بکات، بەڵام ژمارەکەی بەردەست نەبوو.

### هاوژینەکەی 11 مانگە بەجێیهێشتووە

# پیاوێک دوو منداڵە نەخۆشەکەی فڕێدەدات

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

هیوا و هاوژینەکەی هەموو ئەو ماوەیەیان بە هەژاری بەڕێکرد کە پێکەوە لەناو یەک ماڵدا بوون، ئەوان خاوەنی دوو کوڕی تەمەن سێ ساڵان و شەش ساڵان بوون، بەڵام (س) بەرگەی هەژاری نەگرت و هاوژینەکەی بەجێهێشت، هیواش دەڵێت منداڵەکانم پێ بەخێو ناکرێت و فڕێیان دەدەم.

ساڵی 2010 هیوا لەگەڵ (س) کە ناسیاوی خۆیان بووە، خێزانی پێکهێنا. ئەوان کە خاوەنی دوو منداڵ بوون، لە ماوەی ئەو حەوت ساڵەدا بە هەژاری ژیاون. هیوا دەڵێت: "ئەگەرچی هەژار بووین، بەڵام من کرێکاریم دەکرد و هەرچۆنێک بێت بژێوی ژیانی خێزانەکەم دابین دەکرد، بەڵام دوای ماوەیەک هاوژینەکەم نەیتوانی بەو دۆخە ڕازی بێت و بیری لە ژیانێکی باشتر دەکردەوە، خۆشی بەردەوام دەیگوت من شایەنی ئەو ژیانە هەژارانەیە نیم، بەردەوام لەسەر ئەمە کێشەمان هەبوو".

### شوو بە پیاوێکی دەوڵەمەند دەکات

دوای حەوت ساڵ پێکەوەژیان، (س) داوای جیابوونەوە لە هیوا دەکات، بۆ هیوا ڕوون دەبێتەوە کە هاوژینەکەی ئەوی ناوێ، بۆیە بڕیار دەدات دەستبەرداری ببێ. هیوا دەڵێت "هاوژینەکەم کەسێکی دونیاویست بوو، بەردەوامیش ئەمەی پێدەگوتم، 11 مانگ لەمەوبەر گوتی لێت جیادەبمەوە، لە دادگا داوای جیابوونەوەی کرد، ئەگەرچی دادوەرەکە زۆر هەوڵی لەگەڵدا کە لە بڕیارەکەی پەشیمان بێتەوە و بگەڕێتەوە لای من منداڵەکانی، بەڵام ئەو لەبەردەم دادوەریش گوتی من ژنێکی دونیاییم و خۆشیی ژیانم دەوێت، چیتر ناتوانم لەگەڵیان بژیم، با چیتر وا بیرنەکاتەوە کە من ژنی ئەوم".

هیوا پێش ئەوەی دەستبەرداری هاوژینەکەی ببێ، یەک داواکاری هەبووە، بەڵام بۆی جێبەجێ نەکردووە. هیوا دەڵێت "کە زانیم پەشیمان نابێتەوە، پێمگوت کەواتە منداڵەکان لەگەڵ خۆت ببە، من ئەم منداڵانە چۆن بەخێو بکەم، بەڵام ئەو گوتی نە خۆت و نە منداڵیشم ناوێت، بەم شێوەیە جیابووینەوە، دوای ماوەیەک هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکی دەوڵەمەند کرد و منی بۆ خەم و خەفەت بەجێهێشت، لە ماوەی ئەم 11 مانگەدا یەکجاریش سەردانی منداڵەکانی نەکردووە".




هەردوو منداڵەکەی هیوا نەخۆشن

> **هاوژینەکەم لەبەر هەژاری لێم جیابووەوە**
> هیوا

### باوکێک و دوو کوڕی نەخۆش

دوای جیابوونەوەی لەگەڵ (س)، هیوا منداڵەکانی دەباتەوە ماڵەوە و کرێکاری دەکات بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی منداڵەکانی، بەڵام بەهۆی زۆر کارکردنەوە پشتی ئازاری پێدەگات و ناتوانێت چیدی کاربکات. هیوا دەڵێت: "بەهۆی ئیشی قورس و کرێکاری تووشی ئازاری پشت هاتووم و ناتوانم ئیش بکەم، منداڵەکانیشم نەخۆشن، کوڕە بچووکەکەم تووشی نەخۆشی داون (مەنگۆلی) بووە، هەروەها نەخۆشی دڵیشی هەیە، هەردوو دەستی سەقەتە، کوڕە شەش ساڵانەکەشم نەخۆشیی غودەی هەیە و میزیش ڕاناگرێت، بەردەوام تووڕەیە و مێشکی تەواو نییە".

### لە خانووەکەش دەریدەکەن

ئەو خانووەی هیوا و منداڵەکانی تێیدا دەژین هی باوکیەتی، سەرەکەی بە دار و خۆڵ گیراوە و لە کاتی باراندا دڵۆپە دەکات. سەرەڕای ئەوەش ماڵی باوکیشی داوای لێدەکەن کە خانووەکە چۆڵ بکات، هیوا دەڵێت: "من دایک و باوکم لە ژیاندا ماون و سێ برا و دوو خوشکم هەیە، بەڵام ئەوان نەک هەر هاوکاریم ناکەن، بەڵکو داوایان لێکردووم خانووەکەش چۆڵ بکەم، نازانم بەم زستانە چی بکەم و منداڵەکانم ببەم بۆ کوێ؟".

هیوا لەبارەی منداڵەکانی دەڵێت: "بەم بارودۆخەوە منداڵەکانم پێ بەخێو ناکرێت، زیاتر لە شەش جار داوام لە خانەی بێسەرپەرشتان کردووە منداڵەکانم بەخێو بکەن، بەڵام بەبیانووی ئەوەی کە دایک و باوک و کەسوکاریان لە ژیاندا ماون، منداڵەکانم لێوەرناگرن". هیوا بە ڕوخسارییەوە دیارە کە توانای ئەم ژیانە سەختەی نەماوە و زۆر بێهیوا بووە، ئەو دەڵێت "سەرەڕای هەژاری، نەخۆشیی خۆم و منداڵەکانم تەنگی پێهەڵچنیوم، چیدی توانای بەرگەگرتنم نەماوە، چەندینجار هەوڵمداوە خۆم بکوژم، تەنانەت دوو هەفتە لەمەوبەر منداڵەکانم بردە چۆڵەوانییەک تا فڕێیان بدەم، بەڵام دواتر چەند کەسێک منیان بینی و نەیانهێشت، ئێستاش نازانم چی بکەم، بەردەوام بیر لە فڕێدانی منداڵەکانم و کوشتنی خۆم دەکەمەوە".



(فۆتۆ: ڕووداو)

## فرێدریک تیسۆ، کونسوڵی پێشووی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان بۆ (ڕووداو):

# قاسملوو مامۆستای من بوو

فرێدریک تیسۆ، کونسوڵی پێشووی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان، لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بە ڕێگەی قاچاخ لە تورکیاوە خۆی دەگەیەنێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی بە پیشەکەی کە پزیشکییە، هاوکاریی گەلی کورد بکات. لەوێ زۆرترین کاتی لەگەڵ د.عەبدولڕەحمان قاسملوو بەسەر بردووە، بە جۆرێک قاسلمو بە مامۆستای خۆی وەسف دەکات و دەڵێت ئەو بە هەموو شتێکی کوردی ئاشنا کردم. فریدریک تیسۆ میوانی بەرنامەی پەنجەمۆری کەناڵی (ڕووداو) بوو، مۆری خۆی لەو ڕووداوانە دا کە لە کوردستان بینیونی.

هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین

> پێشمەرگەکانی مام جەلال زۆر شیک و مۆدێرن بوون

> شەڕی کورد و کورد بۆ من شتێکی نامۆ بوو

### بەشی یەکەم

**ڕووداو: دیدارێکی تۆ و کەنداڵ نەزان دەبێتە هۆی ئاشنایەتی تۆ لەگەڵ کورد، پێش ئەوە دەربارەی کورد هیچ شتێکت دەزانی؟**

**تیسۆ:** من لە ساڵی 1980 دکتۆر کەنداڵ نەزانم بینی، داوای لە ڕێکخراوی پزیشکانی نێودەوڵەتی کرد سەردانی کوردستانی ئێران بکەن، چونکە لەوکاتەدا کورد کێشەی نەبوونی پزیشکی هەبوو. ئێمە وەک تیمێک کە پێکهاتبوو لە سێ پزیشک، سەردانی ئێرانمان کرد. لەو کاتەدا سەفەرکردن زۆر زەحمەت بوو، لەبەرئەوەی ئەو کات لە تورکیا کودەتا کرابوو، پەڕینەوە لە تورکیاوە بۆ ئێران سەخت بوو، بەڵام توانیمان ئەو کارە بکەین.

**ڕووداو: چۆن لە سنوور دەربازتان بوو؟**

**تیسۆ:** بە شەو لە سنوور پەڕینەوە. بەفرێکی زۆری لێبوو. پێشمەرگە ئێمەی پەڕاندەوە. نازانم، گرووپێکی نهێنی پێشمەرگە بوون. ئێمە لە سنوور پەڕینەوە، لەبیرمە دوای سێ هەفتە گەیشتینە دەفتەری سیاسی دکتۆر قاسملوو.

**ڕووداو: یەکەم دیدارت لە شاری شنۆ لەگەڵ نەبی قادری بوو، لە کتێبەکەتدا زۆر باسی دەکەیت، کەسێکی چۆن بوو؟**

**تیسۆ:** وایە، ئەو فەرماندەیەکی پێشمەرگە بوو، پیاوێکی زۆر بەڕێز و میهرەبان بوو. زۆرباش لەبیرمە جارێک چووینە لای بۆ ئەوەی ڕیش و سمێڵمان بتاشین. هەموو جارێک کە دەچووینە شاخ بۆ چارەسەری پزیشکی، لەگەڵمان دەهات.

**ڕووداو: لە شەوێکی تاریکدا دەچیتە نێو ئەشکەوتێک، کەسێک بە زمانی فەرەنسی بەخێرهاتنت دەکات. ئەو کەسە کێیە، هەستت**

> پەیوەندیی نێوان سەددام و حیزبی دیموکرات بۆ من شتێکی نامۆ بوو

**چۆن بوو کەسێک لە ئەشکەوتێکی کوردستاندا بە فەرەنسییەکی جوان قسەت لەگەڵ دەکات؟**

**تیسۆ:** ئەو کەسە دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو بوو. گوتی بەخێربێن پزیشکە فەرەنسییەکان. زۆر سەرنجڕاکێش بوو. لەبیرمە ئەو کات سەرم سوڕما.

**ڕووداو: ئەوە یەکەمجار بوو د.قاسملوو ببینی؟**

**تیسۆ:** بەڵێ یەکەمجار بوو، تووشی شۆک بووم، قاسملوو کەسێکی زۆر بەڕێز بوو، بە چەند زمانێک قسەی دەکرد. بە فەرەنسییەکی زۆر جوانیش قسەی دەکرد.

**ڕووداو: لە کتێبەکەتدا باسی ئەوە دەکەیت، زۆرجار وشەیەکی کوردی بەکاردەهێنی کە پێشمەرگە زیاتر بەکاریان هێناوە، ئەو وشەیە چیت بیردەخاتەوە؟**

**تیسۆ:** شەوێک بە ڕێگایەکدا دەڕۆشتین، شەوێکی زۆر تاریک بوو، پێشمەرگەیەک لە پێش منەوە دەڕۆیشت، لە ناکاو کەسێک هاواری کرد: کێیە؟ لەو کاتەدا ڕاچڵەکیم و زۆر ترسام. ئەو کەسە پاسەوانی بەردەم دەفتەری سیاسی بوو. وشەی کێیە ناونیشانی یەکەم بەشی کتێبەکەمە. لەبەرئەوەی هێشتا ئەو دەنگە لە مێشکمدا دەزرینگێتەوە.

**ڕووداو: شۆڕش لە ئێران بەرپابیبوو، خومەینی هاتبووە سەر حوکم، سێ فەرەنسی لەوێ بوون، پەیوەندی نێوان ئێران و فەرەنسا چۆن بوو لەو کاتەدا؟**

**تیسۆ:** لەو کاتەدا ڕەوشەکە زۆر سەخت بوو، چونکە لەلایەک ئێمە لەفەرەنسا پێشوازیمان لە خومەینی کرد و چەند ساڵێک مایەوە. کە گەڕایەوە ئێران، دوای ساڵێک شەڕی لەدژی کورد ڕاگەیاند. بەڵام مەحاڵ بوو بۆ خومەینی و حکومەتەکەی کە قبوڵی بکەن پزیشکە فەرەنسییەکان یارمەتی خەڵکی کورد بدەن. کارێکی سەخت بوو بۆ ئێمە، چونکە سوپای پاسداران و هێزە ئەمنییەکانی ئێران هەوڵیان دەدا دەستگیرمان بکەن. بەنی سەدر سەرۆککۆماری ئەوکاتی ئێران بوو، ئەو کاتە خومەینی ڕابەری باڵا بوو، دواتر بەنی سەدر رایکرد و چووە فەرەنسا. لەو کاتەوە فەرەنسا و حکومەتی فەرەنسا بوونە دوژمن. ئەو کارەی ئێمە زۆر مەترسیدار بوو، بەڵام گوێمان بەوە نەدا.

**ڕووداو: سەردانی زۆر شوێنت کردووە، کۆسۆڤۆ، ئەفغانستان، مەغریب، بەڵام باسی ئەوە دەکەیت کە کێشەی کورد ببوو بە کێشەی تۆ؟ چۆن ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەت لەگەڵ کورد دروستکرد؟**

**تیسۆ:** کاتێک خەڵکی کوردم ناسی، هەستی خۆشەویستیم بۆ کورد بزوا. بۆچی؟ لەبەرئەوەی ئەو خەڵکە وڵاتیان نەبوو، لەشەڕدا بوون بەرامبەر تاران و بەغدا و ئەنقەرە و دیمەشق. بۆ من زۆر سەخت بوو واز لەو خەڵکە بهێنم. من پزیشک بووم، لەوێ خەڵکی کورد کێشەی کەمیی پزیشکیان هەبوو، بۆیە لەوێ مامەوە. تاوەکو ئێستا زۆر لە خەڵکی کوردەوە نزیکم.

**ڕووداو: کاتێک باسی قاسملوو دەکەیت، وەکو هاوڕێیەک و مامۆستایەک باسی دەکەیت، تۆ لە ڕێگای قاسملووەوە خۆت بە بەشێک لە کورد دەزانی؟**

**تیسۆ:** بەڵێ، ئەو مامۆستای من بوو، بە هەموو بەسەرهاتەکانی کوردی ئاشنا کردم. بەسەرهاتی مەهاباد و هەروەها چیرۆکی کۆچکردنی مەلا مستەفا بۆ یەکێتیی سۆڤیەت، سەرەڕای هەموو وردەکارییەکانی ژیانی خەڵکی کورد لە تورکیا و سووریا و ئێران و عێراق. بێگومان بەدرێژایی ژیانم وانەکانی ئەوم بیر دەمێنن. قاسملوو دیموکراتێکی ڕاستەقینە بوو، کەسێکی ڕووناکبیر بوو. لە هەمانکاتدا ڕابەری هێزێکی شەڕکەر بوو. زۆر جار قسەم لەگەڵ دەکرد و دەمگوت ڕەنگە ئەو کارەی ئێستا ئێوە دەیکەن بە تەواوی دیموکراسی نەبێ، ئەویش دەیگوت "بەڵێ دکتۆر تیسۆ، بەڵام پێویستە یەک شت بزانی، لە کاتی شەڕدا، زۆر زەحمەتە بەتەواوی پەیڕەوی لە دیموکراسی بکەی، لەبەرئەوەی ئێمە دوژمنمان هەیە، ئەو دوژمنە بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدا هێرشمان بکاتە سەر". ئەوە وانەیەکی زۆرباش بوو بۆ من.

**ڕووداو: باسی شەڕت کرد، لە نزیکەوە بەچاوی خۆت لە کوردستان بەرەی شەڕت بینیوە؟**

**تیسۆ:** بەڵێ بێگومان. بەباشی لەبیرمە. سەرلەبەیانییەک لەگەڵ دکتۆر قاسملوو و چەند کەسێکی دیکە چووینە بەرەی شەڕ لە نزیک بۆکان. لەوێ شەڕێکی گەورە هەبوو، دوو سێ کاژێر بەردەوام بوو. ئێمەش لەوێ بووین چونکە حەزمان دەکرد زۆر نزیک بین لە پێشمەرگەوە. لە هەمان کاتدا ئێمە ئامادە بووین بۆ بەهاناوەچوونی پێشمەرگە بریندارەکان. شتێکی سەرنجڕاکێش بوو کە لەگەڵ دکتۆر قاسملوو چوومە بەرەی پێشەوەی شەڕ، من شەڕکەر نەبووم، بەڵام واقیعی شەڕم لە نزیکەوە بینی.

**ڕووداو: لە کتێبەکەتدا باسی ئەوە دەکەیت کە قاسملوو و پێشتریش مەلا مستەفا بارزانی، حەزیان لەوە نەدەکرد پەنا بۆ کاری تیرۆر بەرن؟ بەڵام فەلەستینییەکان لە ساڵی 1971 ئەوەیان کرد و لە میونشن چەند کەسێکی ئیسرائیلییان کوشت، پێتوایە ئەوان لەو ڕێگەیەوە توانییان فەلەستین بە دنیا بناسێنن؟**

**تیسۆ:** بەڵێ، دوکتۆر قاسملوو جارێک لەوبارەوە قسەی لەگەڵ کردم و پێیگوتم ئێمە وەک کورد هەرگیز خەڵکی بیانیمان نەڕفاندووە و هەرگیز کردەوەی هاوشێوەی ئەوانەی یاسر عەرەفات ناکەین. تاوەکو ئێستا هیوادارم خەڵکی کورد ئەو کارە نەکەن، چونکە ئەو کارە تیرۆریستیانە لەگەڵ دیموکراسی ناگونجێن. ئەوە وانەیەکی دیکە بوو.

> قەڵبەدین حیکمەتیار لە پاکستان بە گرتنی دام

**ڕووداو: چەند لە کوردستان مایتەوە؟**

**تیسۆ:** یەکەمجار شەش حەوت مانگێک مامەوە. لە تورکیاوە هاتمە کوردستان، بەڵام ئەستەم بوو بتوانم لە هەمان ڕێگاوە کە پێیدا هاتبووم، بگەڕێمەوە تورکیا، چونکە سوپای تورکیا و هێزە ئەمنییەکان دەیانزانی ئێمە لە کوردستانین. یەکێک لە تیمەکەی ئێمە لە تورکیا زیندانی کرا. لەگەڵ دکتۆر قاسملوو بیرمان لەوە کردەوە ڕێگەیەکی دیکە بدۆزینەوە بۆ گەڕانەوە بۆ فەرەنسا. لە بیرمە لەسەر نەخشە سەیرمان کرد ڕێگەیەک هەبوو بەرەو یەکێتیی سۆڤیەت. وەک چۆن مستەفا بارزانی لەوێوە تێپەڕی. یان ڕێگەیەک لە باکووری عێراقەوە بەرەو سنووری سووریا تاوەکو فەلەستین. ڕێگەیەکی دیکەش بەغدا بوو. دوای دانوستاندن لەگەڵ سەددام، لەڕێی بەغداوە گەڕامەوە فەرەنسا.

**ڕووداو: دواتر دەچیت بۆ ئەفغانستان، تەنیا کاری مرۆیی پاڵی پێوە دەنان بچن بۆ ئەو وڵاتانەی شەڕیان تێدایە، یان سەرکێشییەکی گەنجانە بوو وای لێدەکردن دنیایەکی دیکە ببینن؟**

**تیسۆ:** ڕەنگە ئەوە سەرکێشییەک بووبێت، بەر لەوەی بێمە کوردستان چوومە ئەفغانستان. چوومە هەرێمێک کە شەڕی تێدا بوو لەدژی یەکێتیی سۆڤیەت. ڕەوشەکە زۆر سەخت بوو بۆ دانیشتووانی ناوچەکە، لەبەرئەوەی هەموو ڕۆژێک هەلیکۆپتەرەکان بۆردومانی ماڵی خەڵک و نەخۆشخانە و هەموو شوێنێکیان دەکرد. بێگومان ئێمە لەگەڵ موجاهیدین بووین، شەڕەکە زۆر قورس بوو بۆ هەموو لایەک، تەنانەت بۆ ئێمەش، لەبەرئەوەی یەکێتیی سۆڤیەت هەوڵی دەدا ئێمە دەستگیر بکات و بمانخاتە زیندانەوە. ئەوە پیشەی ئێمە بوو، هەم سەرکێشی بوو.

**ڕووداو: لە سەرکردەکانی موجاهیدینی ئەفغانستانی ئەوکاتە، کێت بینی؟ کەست لە سەرکردە دیارەکانیان بینی؟**

**تیسۆ:** پێکەنیناوییە، من هەرگیز چاوم بە قەڵبەدین حیکمەتیار نەکەوت. بەڵام ئەو کاتەی کە گەڕامەوە بۆ پاکستان، بێگومان ئەو کات ڤیزامان دەستنەکەوت بەهۆی شەڕەکەوە، پۆلیس و سوپای سەر سنووری پاکستان دەستگیریان کردم و منیان خستە زیندانەوە. بۆچی؟ لەبەرئەوەی حیکمەتیار بە پۆلیسی گوتبوو کە دوو پزیشکی فەرەنسی هەن پێویستە دەستگیریان بکەن. هەفتەیەک لە پاکستان لەناو زیندان مامەوە بەهۆی حیکمەتیارەوە.

**ڕووداو: ئەگەر باسی شەڕی نێوان کورد خۆیان بکەین، قسەی قاسملوو لەسەر ئەو شەڕانە چی بوو؟**

**تیسۆ:** لەو کاتەدا، پەیوەندیم لەگەڵ دکتۆر قاسملوو هەبوو، لە شاخ مامجەلال و هێرۆخانیشم ناسی. وابزانم ساڵی 1982 بوو لە شاخ ئەوانم بینی. پێکەنیناوی بوو، چونکە جیاوازی هەبوو لەنێوان پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات و پێشمەرگەی مام جەلال. پێشمەرگەی مام جەلال زۆر شیک بوون، زۆر مۆدێرن بوون. جیاوازییان هەبوو، پێشمەرگەی مام جەلال پێشمەرگەی شار بوون، ئەوان پێشمەرگەی شاخ بوون. مام جەلال پیاوێکی زۆر باش بوو. خاتوو هێرۆش بە هەمانشێوە. بەڵام هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ مەسعود بارزانی نەبوو. لەبەرئەوەی ئەو لەو ناوچەیە نەبوو. بەداخەوە هەندێکجار پێشمەرگەی بارزانی دەهاتنە ناوچەی شنۆ لە ئێران، بەڵام ئەوان شەڕیان لەگەڵ دەکردن. بۆ من شتێکی نامۆ بوو کە ببینم کورد لە ناوخۆدا شەڕ دەکەن. قاسملوو تێیگەیاندم کە بۆچی بەو شێوەیەیە. ئەو باسی هۆکارەکانی بۆ کردم. پێشمەرگەی بارزانی و پارتی لەلایەن ئێرانەوە پشتگیریی دەکران. قاسملوو و حیزبی دیموکرات لەلایەن بەغداوە. ئەوکات شەڕی ئێران و عێراق هەبوو. بێگومان دڵنیام لەوەی هەندێکجار ئێران داوای لە پارتی دەکرد پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات بکوژێت. چونکە ئەوان لە دژی ئێران شەڕیان دەکرد. ئەوە چیرۆکی کوردە. ئێستا دەبینی کەمێک ڕەوشەکە هەر بەو شێوەیەیە، بەداخەوە ئەوە چیرۆکی کوردە. بەڵێ تێگەیشتم بۆچی هەندێکجار تێگەیشتن لە چیرۆکی کورد هێندە سەختە و بۆچی دابەشبوون.

**ڕووداو: پەیوەندیت تەنیا لەگەڵ دیموکراتدا هەبوو یان لەگەڵ کۆمەڵەی کوردستانی ئێرانیش پەیوەندیت هەبوو؟**

**تیسۆ:** پەیوەندیم لەگەڵ کۆمەڵەش هەبوو. کەسێک هەبوو ناوی شێخ عیزەدین حوسێنی بوو، ئەویشم بینی. ڕیشی هەبوو، پیاوێکی پیر بوو.

**ڕووداو: لە یادەوەرییەکاندا باسی فەرهەنگێکی کوردی فەرەنسی دەکەیت، تۆ ئەو فەرهەنگەت نووسیوە؟**

> کە فرانسوا میتران لە هەڵبژاردن دەرچوو پێشمەرگە تەقەی خۆشییان کرد

**تیسۆ:** بەڵێ من فەرهەنگێکم نووسی، چونکە زۆر پێویست بوو بۆ خۆم و بۆ تیمە فەرەنسییەکە، لە شنۆ دەستم کرد بە نووسینی ئەو فەرهەنگە. لەبیرمە ئەو فەرهەنگەم لە گوندێکی نزیک پیرانشار تەواو کرد. ئەو وشانەی تێدابوون کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاردێن، ناوت چییە؟ خەڵکی کوێی؟ چەند منداڵت هەیە؟ فەرهەنگەکە لە ئەرشیفی خۆمدا ماوە و وەکو شتێکی بەنرخ پاراستوومە.

**ڕووداو: بێجگە لە فەرەنسییەکان، دکتۆری دیکەی بیانی لێبوو؟**

**تیسۆ:** پزیشکی بیانی لێنەبوون، بەڵام لەبیرمە پزیشکێکی نەشتەرگەریی ئێرانی لێبوو، سەر بە موجاهیدینی خەلق بوو. کەسێکی زۆر چەپ بوو. هەندێکجار پێکەوە هاوکاریی پێشمەرگە بریندارەکانمان دەکرد.

**ڕووداو: چەندین پێشمەرگە لەبەردەستی تۆدا شەهیدبوون، بەڵام باسی پێشمەرگەیەک دەکەیت بەناوی مەحموود ڕەحمانپوور؟ بۆچی بەتایبەتی باسی شەهیدبوونی ئەو پێشمەرگەیە دەکەی؟**

**تیسۆ:** لەبەرئەوەی کەسێکی زۆر میهرەبان بوو. زۆر باش بوو، بۆ کوردستان شەڕی دەکرد نەک لەدژی حیزبەکانی دیکە. ڕەحمانپوور پیاوێکی زۆر بەهێز بوو، بەداخەوە ڕۆژێک لەلایەن سوپای پاسدارانەوە کوژرا. زۆر خەمبار بووم بەوە، چونکە شێوازی کوژرانی زۆر دڕندانە بوو، وەکو شێوازی داعش بوو.

**ڕووداو: لە ساڵی 1981 کاتێک فرانسوا میتران دەسەڵات دەگرێتە دەست لە فەرەنسا، لە کوردستان تەقەی خۆشی بۆ دەکەن، بۆچی، لەبەر خاتری تۆ بوو؟**

**تیسۆ:** ئێمە ڕادیۆیەکی بچووکمان هەبوو، لەو ڕادیۆیەوە هەواڵی سەرکەوتنی فرانسوا میترانمان بیست، کۆمەڵێ پێشمەرگەم لە دەور بوون. لە ناکاو پێشمەرگەکان ئاڵای فەرەنسایان بەرز کردەوە و دەستیان کرد بە تەقەکردن، دەیانگوت بژی فرانسوا میتران. لەبەرئەوەی لە بەرنامەی سیاسی فرانسوا میتران و پارتی سۆسیالیستی فەرەنسیدا لەبارەی کاروباری نێودەوڵەتی گوتبوویان پێویستە هەوڵی پاراستن و یارمەتیدانی سێ نەتەوە بدەین، کورد و فەلەستینی و پۆلیساریۆ. بێگومان خەڵکی کورد زۆر دڵخۆشبوون بە سەرکەوتنی فرانسوا

> یەڵماز گۆنای لە فەرەنسا ئایکۆنێک بوو

میتران. بۆ من شتێکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو.

**ڕووداو: ئەوکاتە تەنیا برینداری حیزبی دیموکرات و کوردی ڕۆژهەڵاتتان تیمار دەکرد، یاخود لەسەر ئەو سنوورانە کوردی شوێنەکانی دیکەیش سەردانیان دەکردن؟**

**تیسۆ:** ڕاستە حیزبی دیموکرات حیزبی سەرەکی و خەڵکی ناوچەکە بوو، بەڵام کاری ئێمە ئەوە نەبوو تەنیا ژیانی پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە ڕزگار بکەین. هاوکاریی هەموو خەڵکمان دەکرد. لەبیرمە جارێک سەردانی زیندانی حیزبی دیموکراتم کرد. لە ناو زیندانەکە دیلی سوپای پاسداران و خەڵکی ئێرانیی تێدا بوو، چارەسەری ئەوانیشمان دەکرد. ئەوە ئەرکی ئێمە بوو. ئێمە هاوکاریی هەموو دانیشتووانمان دەکرد، خەڵکی سەر بە دیموکرات و کۆمەڵە و حیزبەکانی دیکە.

**ڕووداو: ئێوە لە بەغداوە هاتوچۆتان دەکرد، لەگەڵ دیموکراتیشدا دۆست بوون، دیارە ئاگاتان لەوە هەبووە کە عێراق بەچ شێوەیەک هاوکاریی دیموکراتی دەکرد؟**

**تیسۆ:** بەدیاریکراوی نازانم، بۆ ئێمە شتێکی نامۆ بوو کە دەمانبینی پەیوەندی لەنێوان سەددام و حیزبی دیموکرات هەبوو. دکتۆر قاسملوو بۆی ڕوونکردمەوە کە ناچارە پشتگیری بەدەست بهێنێ بۆ ئەوەی بتوانێ هاتوچۆی دەرەوە بکات، هەروەها ڕەنگە بۆ وەرگرتنی پارە و چەک و ئەنجامدانی کاری دیکە. من بەتەواوی نازانم. ئەی پشتگیریی تاران بۆ مەسعود بارزانی چی بوو؟ ئەوەش نازانم.

**ڕووداو: حکومەتی فەرەنسا هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی دەکرد؟**

**تیسۆ:** نەخێر، حکومەتی فەرەنسا هیچ هەماهەنگییەکی لەگەڵ حیزبە کوردییەکان نەبوو. کورد لە فەرەنسا نەناسراو بوو. کەس شارەزای پرسی کورد و کوردستان نەبوو. ڕەنگە تەنیا یەک دوو دیپلۆماتێک ئاگادار بووبن. تەلەفزیۆنەکان باسیان نەدەکرد. بەداخەوە، تەنیا کۆمەڵگای مەدەنی و ئێن جی ئۆکانی وەکو ئێمە ئاگاداری ئەم شەڕە بوون. ئێمە هەوڵی پاراستنی خەڵکمان دەدا، یارمەتیمان دەدان.

**ڕووداو: بەڵام ئەوکاتە تەنیا هەر شەڕ نەبوو**

> مادام میتران لە ڕێگەی یەڵماز گۆنای کوردی ناسی

**لە کوردستاندا، لە ساڵی 1982 یەڵماز گۆنای خەڵاتی کانی لە فەرەنسا وەرگرت، ئەی ئەمە هۆکارێک نەبوو بۆ ناساندنی زیاتری کورد لە فەرەنسا؟**

**تیسۆ:** بێگومان، لەو کاتەدا یەڵماز گۆنای نموونە بوو، لە فەرەنسا ئایکۆنێک بوو. منیش دەمناسی و لە نزیکەوە چاوم پێی کەوتووە. ئەو کاتە کاری لەسەر دوایەمین فیلمی دەکرد لە دەوروبەری پاریس. لەکاتی دروستکردنی فیلمی دیوار لەلای بووم و سیناریۆکەیم خوێندەوە، فیلمێکی نایاب بوو باشترین ڕێگە بوو بۆ ناساندنی کورد. ئەو پیاوە کوردە توانی خەڵاتی چڵە خورمای زێڕین لە فێستیڤاڵی کان بەدەستبهێنێ. دوای ئەوەی یەڵماز گۆنای و کەنداڵ نەزان چاویان بە دانیاڵ میتران کەوت. دوای ئەوە ئینستتیوتی کوردییان لە پاریس دروستکرد. ئەوە بە هەوڵی یەڵماز گۆنای بەدەست هات. تاوەکو ئەو کاتەی مرد، ئیشی بۆ کوردستان کرد.

**ڕووداو: کەواتە مادام میتەران لەڕێگای یەڵماز گۆنایەوە ئاشنایەتی لەگەڵ کورد پەیدا کرد؟**

**تیسۆ:** بەڵێ لەو کاتەدا چاوی بە یەڵماز گۆنای کەوت. دوای ئەوە هەنگاو بە هەنگاو کوردی ناسی. من لە ساڵی 1981 کوردم ناسی، مادام میتران لە ساڵی 1983 یان 1984 کورد و ناوچە کوردنشینەکانی ناسی. ئەو کات بڕیاریدا شتێک بۆ خەڵکی کورد بکات، من سێ ساڵ بەر لەو کاتە ئەو بڕیارەم دابوو. کاتێک هەست بە هەستیاری دەکەی بەرامبەر داهاتووی گەلێک، هەوڵ دەدەی شتێکیان بۆ بکەی، ئێمەش هەوڵماندا شتێک بکەین.

**ڕووداو: خۆشەویستەکەت سەردانت دەکات، هەر لەبەر خاتری تۆ هاتبوو یان لە کوردستان کاری مرۆیی دەکرد؟**

**تیسۆ:** تۆ باسی هاوژینەکەم دەکەی وایە؟ جارێک بە دکتۆر قاسملووم گوت من پێویستە بگەڕێمەوە فەرەنسا. گوتی نەخێر لێرە پێویستمان پێتە و دەبێ بمێنیتەوە. منیش گوتم تکایە پێویستە بڕۆم، ئەوکات هاوژینم نەبوو، خۆشەویستم بوو. بە قاسملووم گوت خۆشەویستەکەم لە پاریسە، ناوی کاترینە. پێویستمان بەوەیە هەندێک کات پێکەوە بەسەربەرین. ئەویش گوتی باشە من چارەسەرم پێیە، تۆ لێرە بمێنەوە، من پارەی سەفەری هاتنی خۆشەویستەکەت دەدەم. بەوجۆرە ئەویش هات بۆ کوردستان. بێگومان ئەوە بۆ من بوو، بەڵام سوودی هەبوو بۆ خەڵکی کورد، لەگەڵ من هاوکاریی خەڵکی کوردی دەکرد لەو شەڕەدا. بێگومان هەموو ژیانی لەگەڵ من سەرقاڵی ئەو مەسەلەیە بووە.

**ڕووداو: لەلایەک دکتۆرێکی فەرەنسی خزمەتی برینداەکانی پێشمەرگە دەکات و لەلایەکی دیکەوە بۆمبی فەرەنسی لە کوردستان دەتەقێنرێتەوە، ئەو بریندارانەی بە بۆمبی فەرەنسی بریندار دەبوون، دەیانهێنان بۆ لای تۆ تیماریان بکەیت؟**

**تیسۆ:** بێگومان ئەوە پارادۆکسە. ئەوکات کوردی ئێران لەلایەن سەددامەوە پشتگیری دەکران، کوردی عێراقیش لەلایەن تارانەوە. ئەوە پارادۆکس نییە؟ لە وڵاتی منیش هەندێک کەس بۆمبیان دروستدەکرد، وڵاتەکەشمان بە چەند ڕژێمێکی دەفرۆشتنەوە. دوای ماوەیەک پێویستی کرد ئێمەی فەرەنسی ئەوانە چارەسەر بکەین کە بە بۆمبی فەرەنسی بریندار بووبوون. بابەتەکە پارادۆکسە، بەڵام من دەتوانم چی بکەم؟

# بۆ دابەزاندنی کێشت شێوازی ژیانت بگۆڕە

**سەروەر سالار**
**ڕووداو– سلێمانی**

کامەران عەبدوڵڵا، تەمەن 43 ساڵ، هەفتانە پێنج ڕۆژ وەرزش دەکات و خواردنیشی کەمکردووەتەوە، کەچی وەک ئەوەی چاوەڕوانی بوو، کێشی دانابەزێ "هەندێکجار کێشم دادەبەزێ، کەچی زوو قەڵەو دەبمەوە". ئەو بە پێکەنینەوە دەڵێ: "هەموو ڕەمەزانێک پێنج کیلۆ دادەبەزم، کەچی دوای جەژن حەوت کیلۆ کێشم زیاد دەکاتەوە".

قەڵەوی کاتێک ڕوودەدات کە هێندە چەوری لە شانەکانی جەستەدا کۆببێتەوە، کار لە تەندروستیی کەسەکە بکات.

پزیشکێکی پسپۆڕ دەڵێ قەڵەوی ڕێخۆشکەرە بۆ چەندین نەخۆشی.

دکتۆر داهات حەوێزی، پزیشکی پسپۆڕ لە نەخۆشییەکانی هەناو، بە (ڕووداو)ی گوت: "قەڵەوی ڕێ خۆشدەکات بۆ نەخۆشییەکانی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن، شەکرەی جۆری دوو، پرخە و هەناسەبڕانی کاتی خەو، شێرپەنجە، سووانی جومگەکان و خەمۆکی".

قەڵەوی ئێستا گرفتێکی گەورەی جیهانییە، بە جۆرێک بەگوێرەی ئامارەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، لە ساڵی 1975ەوە تاکو ئێستا ڕێژەی قەڵەوی سێ هێندە زیادی کردووە. ساڵی 2016 لەسەر ئاستی جیهان لەنێو کەسانی پێگەیشتوودا 1.9 ملیار کەس (نزیکەی 40%ی هەموو کەسانی پێگەیشتوو) کێشیان لە ئاسایی زیاتر بووە و 650 ملیۆن کەس (13%ی هەموو کەسانی پێگەیشتوو) پێناسەی قەڵەوییان بەسەردا چەسپیوە.

ڕێکخراوە جیهانییەکە دەڵێ ئێستا زۆربەی دانیشتووانی جیهان لە ناوچەگەلێکدا دەژین کە کێشی زۆر و قەڵەوی بکوژی سەرەکیی مرۆڤن، نەوەک لاوازی و کەمخۆراکی.

لە عێراقیش بەپێی ڕووپێوییەکی ڕێکخراوی فاو 47 – 67%ی کەسانی پێگەیشتوو کێشیان لە ئاسایی زیاترە. بەپێی داتاکانی ماڵپەڕی دامەزراوەی (Knoema)ی ئەمریکی تایبەت بە داتا بەیسی توێژینەوە و بەدواداچوونی زانستی، ساڵی 1975 ڕێژەی قەڵەوی لەنێو پیاوانی پێگەیشتووی عێراق 6.4% بووە، ئەم ڕێژەیە بەردەوام هەڵکشاوە. ساڵی 2014 گەیشتووەتە 18.3%. هەروەها ساڵی 1975 ڕێژەکە لەنێو خانماندا 15.7 بووە کەچی لە ساڵی 2014 دەرکەوتووە 32.1%ی خانمانی پێگەیشتووی عێراق قەڵەون.

پزیشکە پسپۆڕەکەی هەناو دەڵێ هەرچەندە زۆرینەی حاڵەتەکانی قەڵەوی بەهۆی خۆراکی نادروست و کەمجووڵانەوەن، بەڵام دوور نییە هەندێکجار نەخۆشی یان دەرمانێکی دیاریکراو هۆکاری قەڵەوی بن "هەندێک گرفتی بۆماوەیی، نەخۆشی و زەبری توند بە مێشک، گرفتی هۆرمۆنی، وردەکیسی هێلکەدان، دەرمانی ستیرۆیدی، خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و چارەسەرەکانیان، هۆکاری بەشێک لە حاڵەتەکانی قەڵەوین".

دکتۆر داهات دەڵێ ئەگەر کەسەکە سەرەڕای وەرزش و ڕێجیم گۆڕانکاری لە کێشیدا ڕووینەدا، ئەوە دەبێ سەردانی پزیشک بکات تاوەکوو دڵنیا ببێتەوە لەوەی نەخۆشییەک لە پشت قەڵەوییەکەیەوە نییە.







پزیشکێکی پسپۆڕی خۆراکناسی دەڵێ لە هیچ شوێنێک هێندەی کوردستان خەڵک عەودالّی حەبی دابەزاندنی کێش نین.

دکتۆر بینایی کامەران کە پسپۆڕی خۆراکناسییە، بە (ڕووداو)ی گوت: "قەڵەوی بووەتە گرفت و بەڵایەکی گەورەی جیهانی، جا ئەگەر چارەسەرەکەی بە حەبێک بکرایە، چ پێویستی دەکرد ئەو هەموو ڕێوشوێنە لە دژی بگیرێتەبەر و جیهان بەخۆیەوە خەریک بکات".

وەک د.بینایی باسی دەکات، لە وڵاتان حەبی دژە قەڵەوی (ئۆرلیستات) تەنیا بەو کەسانە دەدرێ کە قەڵەوییەکی ئەوتۆیان هەیە لە سنوور دەرچووە و توانای وەرزش و جووڵەی نەهێشتوون "حەبەکە زیانی هەیە، کار لە هۆرمۆنە سێکسییەکان و ئەو ڤیتامینانە دەکات کە لە چەوریدا دەتوێنەوە، لێکەوتەی نەخوازراوی دیکەی زۆرن و تەنیا بۆ ژمارەیەکی کەمی خەڵکییە".

دکتۆر بینایی دەڵێ زۆر لەو کەسانەی دێنە کلینیکەکەی، دەزانن هۆکاری قەڵەوییەکەیان شەکر، برنج و نانە یان خۆراکی دیکەیە کە زێدەڕۆیی لە خواردنی دەکەن و کەمیش دەجووڵێن "کەچی دێن و داوا دەکەن ڕێگەیەکی دابەزاندنی کێشیان پێبڵێم، بێ دوورکەوتنەوە لەو نەریتە چەوتانەی ژیان کە ئەوەش مەحاڵە".

ئەو پسپۆڕە ئامۆژگاری ئەو کەسانە دەکات کە دەیانەوێ کێشیان دابەزێ و دەڵێت "ئەگەر بە تەواوی بڕیارت نەداوە شێوازی ژیانت بگۆڕی و تەندروستانە بخۆیت و بجووڵێی بۆ هەتاهەتایە، پێویست ناکا هەمیشە لە دڵەڕاوکێی ڕێجیمدا بژیت. ئەو کەسەی ڕێجیم دەکات، دەبێ لەمەودوا چێژ لە جوانییەکەی ببینێ، لە تەندروستییەکەی و لە چالاکییەکەی ئێستای، دەبێ بزانێ چێژبینین هەر بریتی نییە لە خواردنی شیرینی".

بەشێکی خەڵکی دەڵێن ساڵان خەڵکی تێریشیان دەخوارد، کەچی وەکوو ئێستا قەڵەو نەبوون. د.بینایی دەڵێ جگە لەوەی خەڵکی زۆر دەجووڵان، خۆراکی ئێستا زۆریشی دەستکاری دەکرێ، بۆیە نابێ مرۆڤی ئێستا هاوشێوەی نەوەکانی پێشوو زۆر بخوات "ئەو گەنمەی ئێستا هەیە، هەمان ئەو گەنمە سرووشتییەی جاران نییە، چونکە بۆ باشکردنی جۆر و زۆرکردنی برەکەی، دەستکاریی جینەکەی کراوە، ئەوەش لەسەر حیسابی تەندروستیی ئەو کەسانەیە کە زۆری لێدەخۆن و دەرکەوتووە ئاردی ئێستا زیاتر لە جاران دەبێتە هۆی قەڵەوی و شەکرە".



# گوێز پارێزەری دڵ و دوژمنی شێرپەنجەیە

**ڕووداو– DPA**

گۆڤاری (ئیللی) ئەڵمانی کە گرنگی بە تەندروستی و جوانی دەدات، دەڵێ یەکێک لە ڕێگاکان بۆ ئەوەی لە زۆر ڕووەوە تەندروست بی، ئەوەیە ڕۆژانە گوێز بخۆی، حەوت هۆکاریشی دیاریکردوون بۆ ئەو مەبەستە:

**1 هاوڕێی دڵە:**
گوێز دەبێتە هۆی دابەزاندنی چەوریيە زیانبەخشەکانی خوێن و گوشاری خوێن، هەروەک نێوپۆشی بۆڕییەکانی خوێن تەندروست دەهێڵێتەوە و نەرم و نیانی بۆڕییەکانی خوێن دەپارێزێ.

**2 دژی شێرپەنجەیە:**
گوێز تەشەنەکردنی شێرپەنجە هێواش دەکاتەوە، دەرکەوتووە ترشە چەورییە سوودبەخشەکانی نێو گوێز کاردەکەن لەسەر هێواشکردنەوەی گەشەی شانە شێرپەنجەییەکان.

**3 مەترسیی شەکرە کەم دەکاتەوە:**
باشکردنی کاری بۆڕییەکانی خوێن و دابەزاندنی ئاستی چەورییە زیانبەخشەکانی خوێن، دەبنە هۆی کەمکردنەوەی مەترسییەکانی نەخۆشیی شەکرە لەسەر کەسەکە.

**4 گەنجینەیەکە لە کانزا و ڤیتامین:**
گوێز پڕە لە پۆتاسیۆم، کالیسیۆم و مەگنیسیۆم. بۆ تەندروستی ئێسک و ماسولکەکان گرنگە. هەروەها دەوڵەمەندە بە ڤیتامینەکانی B6 و E کە بۆ تەندروستی و جوانیی پێست و موو پێویستن.

**5 توانای سەرنجدان زیاد دەکات:**
بەهۆی بڕێکی زۆری ڤیتامین (B)، گوێز وزە و چالاکیی بە مێشک دەدات، ئەوەش ئاستی سەرنجدان و توانا هزرییەکان زیاد دەکات، ئەوەش بەتایبەت بۆ کەسانی بەتەمەن گرنگە.

**6 دڵەڕاوکێ سەرکوت دەکات:**
بەهۆی پۆتاسیۆم و ترشەچەورییەکانەوە، گوێز ئاستی هۆرمۆنەکانی گوشار کۆنترۆڵ دەکات، هەروەک مەگنیسیۆم بۆ خاوکردنەوەی ئەو ماسولکانە گرنگە کە بەهۆی گوشار و دڵەڕاوکێوە گرژ دەبن. گوێز هەروەها هانی دەردانی هۆرمۆنی (میلاتۆنین) دەدات کە گرنگە بۆ خەوێکی هێمن و ئاسوودە.

**7 کلیلی باڵاڕێکییە:**
هەرچەندە گوێز گەرمۆکەیەکی زۆر دەبەخشێتە جەستە، بەڵام هەستی تێرییەکی تەواو و درێژ دەبەخشێ و ئارەزووی خواردن کەم دەکاتەوە.



# شەش هۆکار ناچارت دەکەن زەیتوون بخۆی

**ڕووداو– ئاژانسی هەواڵی ئەڵمانی**

بەشێکی زۆر لەو کەسانەی تەمەنێکی درێژیان هەیە، زەیتوون لەو خواردنانە بووە کە بەردەوام گرنگییان پێداوە. زانستی تەندروستیش دەڵێت زەیتوون ئەم سوودانەی هەیە:

**1 دەوڵەمەندە بە چەوریيە بەسوودەکان:**
ئەو چەورییەی لە زەیتووندا هەیە بە چەورییە ناتێرەکان ناسراوە کە ڕۆڵی هەیە لە کەمکردنەوەی ئاستی چەورییە زیانبەخشەکانی خوێن. دەرکەوتووە زەیتوون یاریدەدەرە لە ڕێگاگرتن لە تووشبوون بە بەرزەپەستانی خوێن و نەخۆشییەکانی دڵ.

**2 دژە ئۆکسێنی هەیە:**
زەیتوون دژە ئۆکسێنێکی تێدایە کە بە (هایدرۆکسی تایرۆزۆڵ) ناسراوە و دەرکەوتووە دژی تووشبوونە بە شێرپەنجە.

**3 دژی شەکرەیە:**
زەیتوون هانی خانەکانی جەستە دەدات گوێڕایەڵ بن بۆ کاری هۆرمۆنی ئەنسۆلینی سووتێنەری شەکر، بەوەش یاریدەی ڕێکخستنی ئاستی شەکر دەدات لە تووشبووانی شەکرەدا.

**4 دژی خەڵەفانە:**
ماددەیەک لە زەیتووندا هەیە بە (ئۆلیپکانساڵ) ناسراوە و دەرکەوتووە خانەکانی مێشک و دەمارەکان دەپارێزێ، بەوەش تووشبوون بە نەخۆشیی ئەڵزهایمەر کەمدەکاتەوە.

**5 پارێزەری ئێسکە:**
توێژینەوە زانستییەکان سەلماندوویانە ئەوانەی زەیتوون زۆر دەخۆن، ئەگەری تووشبوونیان بە فشەڵبوونی ئێسک کەمە.

**6 یاریدەی هەڵمژینی هەندێک ڕەگەزی خۆراکی دەدات:**
هەندێک ڕەگەزی گرنگ هەن لە نموونەی بێتاکارۆتین کە هەڵمژینیان پێویستی بە نێوەندێکی چەور هەیە، بۆیە ئەگەر لەگەڵ زەیتوون بخورێن باشتر هەڵدەمژرێن و دەگەنە سووڕی خوێن.

## شەکر.. ژەهرە شیرینەکە

# لە داهاتوودا 10%ی خەڵک تووشی شەکرە دەبن

**ڕووداو– لومۆند**

ڕۆژنامەی لومۆندی فەرەنسی هۆشداری دەدات لەوەی مرۆڤی ئەم سەردەمە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ڕووی لە خواردنی شەکر کردووە، بەوەش ئەو ژەهرە دڵخوازە بووە بە سەرچاوەی هەڕەشە لە تەندروستیی مرۆڤ.

ڕۆژنامەکە وڵاتێکی وەکو فەرەنسای ساڵانی 1850 بە نموونە دێنێتەوە کە مرۆڤ ساڵانە تەنیا پێنج کیلۆ شەکری خواردووە، کەچی ئێستا هەر مرۆڤێکی ئەو وڵاتە ساڵانە 35 کیلۆ شەکر دەخوات، واتە حەوت هێندە زیادی کردووە.

لە ئەمریکا ژمارەکە ترسناکترە، هەر مرۆڤێکی ئەمریکی ساڵانە 60 کیلۆ شەکر دەخوات!

ڕۆژنامە فەڕەنسییەکە دەڵێ ئەو گرفتە تەندروستییانەی لە شەکرەوە تووشی مرۆڤ دەبن، ماوەیەکی زۆر بوو پەردەپۆش دەکرا، بەڵام ئێستا پەردە لەسەر ڕاستییەکە لادراوە و بەڵگەی زانستیی زۆر بەهێز هەن بۆ سەلماندنی مەترسییەکانی شەکری دەستکرد لەسەر مرۆڤ.

د.فرانسیسکۆ برانکا، بەڕێوەبەری بەشی تەندروستیی کۆمەڵ لە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، دەڵێ "بەڵگەی بەهێزمان هەیە کە کەمکردنەوەی بڕی تەنیا 10%ی شەکر لە خۆراکدا، ئەگەری زیادبوونی کێش، قەڵەوی و کلۆربوونی ددان کەم دەبێتەوە".

خۆراکناسان کە باسی شەکر دەکەن وەک "کالۆرییە ناپێویستەکە" یان "کالۆرییە بەتاڵەکە" ناوی دەبەن، چونکە وەک دکتۆر فرانسیسکۆ دەڵێ: "جەستە پێویستی بە هیچ بڕێک لە شەکری دەستکرد نییە و لەڕووی سوود و بەهای خۆراکییەوە هەرچەندی لێبخۆی زیانە". واتە ئەوەی شەکر پێشکەشی جەستەی دەکات تەنیا قەڵەوبوونە و هیچ ڤیتامین و کانزا و ماددەیەکی سوودبەخشی دیکە پێشکەشی جەستە ناکات.

پرۆفیسۆر دیدی ڕائول، پسپۆڕ لە زیندەزانی مایکرۆسکۆپی دەڵێ: "شەکر ئەو ژەهرەیە کە فرۆشێکی ئێجگار زۆری هەیە. وەکوو پەتا خەڵک تووشی دەردی زۆر بەکارهێنانی شەکر بوون".

ڕۆبەرت لۆستینگ، پسپۆڕی کوێرەڕژێنەکان و نووسەری کتێبێک بەناوی "شەکر.. ڕاستییە تاڵەکان" دەڵێ: "شەکر خۆراکێکی ژەهرییە و مرۆڤ بە خۆیەوە ئاڵوودە دەکات". ئەو دەڵێ شەکر کار لە هۆرمۆنەکانی جەستە دەکات، بە تایبەت ئەو هۆرمۆنانەی باڵانسی تێربوون و برسیەتی ڕێکدەخەن.

ئەو هەروەها دەڵێ: "شەکر دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی گوشاری خوێن و ئاستی شەکری خوێن، گوێڕایەڵیی جەستەی مرۆڤیش بۆ کاری ئەنسۆلینی سووتێنەری شەکر کەمدەکاتەوە".

ئەو پسپۆڕە دەڵێ شەکر توانای پاڵفتەسازیی ڕیخۆڵەکان کەمدەکاتەوە، بەوەش ماددەی نەخوازراو و زیانبەخش لە دیواری ڕیخۆڵەوە تێپەڕ دەبن بۆ ناو سووڕی خوێن و جۆرەها گرفتی درێژخایەنی تەندروستی دەنێنەوە.

شەکر بەڵایەکی گەورەیە و مرۆڤی ئەم سەردەمەی قەڵەو کردووە و لە داهاتووشدا بەرەو قەڵەویی زیاتری دەبات. بۆ نموونە ساڵی 2012 ژمارەی ئەو کەسانەی کێشیان لە ئاسایی زیاتر بوو 47%ی کەسانی پێگەیشتووی جیهانی پێکهێناوە، پێشبینی دەکرێ ساڵی 2030 ڕێژەکە بگاتە 67%. هەروەک پێشبینی دەکرێ ساڵی 2045 ژمارەی کەسانی تووشبوو بە شەکرە بگاتە 629 ملیۆن کەس لەسەر ئاستی جیهان، واتە لەو کاتەدا لە هەر 10 کەس کەسێکیان شەکرەی دەبێ!

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی داوا دەکات ڕێکلامکردن بۆ بەرهەمەکانی دروستکراو لە شەکر سنووردار بکرێن، بە تایبەتی ئەوانەی منداڵان دەکەنە ئامانج، هەروەک داوا دەکات بەهای خۆراکی هەر خواردەمەنییەک لەسەر پاکەت و قوتووەکانیان ڕوونبکرێتەوە. فەرەنسا لە مانگی 10ی ڕابردووەوە ئەم ڕێبازەی گرتووەتەبەر و بڕیاری داوە خەڵکی وڵاتەکە باشتر تێبگەیەنێ لە کواڵیتیی خۆراکی هەر خواردەمەنییەک کە دەفرۆشرێ.

بەڵام پیشەسازیی شەکریش لۆبییەکی ئێجگار بەهێز و سەرسەختی هەیە. بە پێچەوانەی خواستی نێوەندە تەندروستی و پزیشکییەکانەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ هەوڵی ڕاکێشانی کڕیاری زیاتر دەدات!



## پێشبینییەکانی ناوەندی ستراتفۆر بۆ ساڵی 2018:

# بەغدا بە هاوکاریی ئێران ناکۆکیی نێوان لایەنە

**رووداو- هەولێر**

کەوتنی داعش لە عێراق، بارگرژییە دیپلۆماسییەکانی کەنداو، هێرشی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بۆ سەر کەرکووک، کوژرانی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح لە یەمەن و ناساندنی ئورشەلیم وەکو پایتەختی ئیسرائیل، لەو رووداوانەن کە لە 2017دا کاریگەریان لەسەر سیاسەت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دانا و چاوەڕێ دەکرێت رووداوەکانی 2018ش ئاراستە بکەن.

لە ساڵی 2011 بەدواوە و لەگەڵ رووداوەکانی بەهاری عەرەبی، بەشێک لە حکومەتە ناوەندییەکانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا لاواز بوون، بە جۆرێک لە هیچ قۆناغێکی مێژووی نوێی ناوچەکەدا، گرووپە ناحکومییەکان هێندەی ئەم شەش ساڵەی رابردوو بەهێز نەبوون.

وەکو رەنج عەلائەدین، توێژەر لە پەیمانگای بروکینگز دەڵێت، راگەیاندنی خەلافەت لەلایەن داعشەوە دیارترین دەرکەوتەی هێزی گرووپە ناحکومییەکان و لاوازبوونی دەوڵەت ـ نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو. سەرهەڵدانی داعش، دەستگرتنی بەسەر ناوچەیەکی زۆری عێراق و سووریا و رووخانی دامەزراوە سەربازییەکانی ئەو دوو وڵاتە، رێگەی بۆ خۆڕێکخستنی میلیشیا شیعەکانی عێراق لەژێر چەتری رێکخراوی حەشدی شەعبیدا خۆشکرد. حەشد دەبووایە ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە بەهۆی لاوازیی دامەزراوە سەربازییەکانی عێراقەوە دروست ببوو.

رەنج عەلائەدین دەڵێت کۆمەڵێک هۆکار یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی دەوڵەتەکان هەوڵ بدەن لە ساڵی 2018دا جارێکی دیکە دەسەڵاتی خۆیان بسەپێننەوە. یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە "سیستەمی نێودەوڵەتی هیچ مەیلێکی نییە بۆ ئەوەی سەروەری بەو گرووپانە ببەخشێت کە خولیای دەوڵەتیان لەسەر دایە (لەوانەش کورد)، یان دەستکاریی بزوێنەر و داینامیکی دەسەڵاتی نێوخۆیی بکات".

بەبۆچوونی رەنج عەلائەدین، هێزەکانی دەرەوەش نە توانا و نە خەللاقییەتی ئەوەیان نییە "هاوسەنگیی هێز لە وڵاتانی ناوچەکە بگۆڕن". لەبەرئەوەی لە هەندێکیاندا بژارەکانیان سنووردارە (وەکوو لیبیا و یەمەن) و لە هەندێکیشیاندا دەستتێوەردانی دەرەکی ئاکامی زۆر بچووک و پڕخەرجی لێکەوتووەتەوە (وەکوو سووریا و عێراق).

بەو حاڵەشەوە لێکۆڵەرە کوردەکەی بروکینگز پێیوانییە داهاتووی ناوچەکە روون بێت "چونکە دیار نییە لە وڵاتانی عەرەبی کە لە ماوەی شەش ساڵی رابردوودا خەڵتانی خوێن بوون، چ جۆرێک لە دەوڵەت دێتەوە ئاراوە". بەتایبەتیش لە کاتێکدا سعودیە و ئێران قۆڵیان لە شەڕی باڵادەستی لە ناوچەکەدا هەڵکردووە.

### هەرێمی کوردستان پاش گشتپرسی

وەکوو نەریتێکی ساڵانە، ناوەندی (ستراتفۆر)ی ئەمریکی پێشبینییەکانی خۆی بۆ ئەمساڵیش بڵاوکردووەتەوە. بەشێک لە راپۆرتەکە تایبەتە بە رووداوەکانی دوای گشتپرسییەکەی مانگی ئەیلولی رابردووی هەرێمی کوردستان. بەگوێرەی راپۆرتەکە، گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستان "ناکۆکیی نێوان پارێزگای هەولێر (لەژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان) و پارێزگای سلێمانی (لەژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان) تۆختر کردووەتەوە".

ناوەندە ئەمریکییەکە پێشبینی دەکات کە ئەم درزەی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەرفەتێکی باشە بۆ تورکیا و ئێران بۆ ئەوەی "رۆڵی جارانی خۆیان بگێڕن کە تێیدا هەر کامیان پاڵپشتی سیاسی و ئابووریی یەکێک لەو دوو لایەنە بوون".

(ستراتفۆر) چاوەڕێ دەکات لەگەڵ دەستپێکردنی دانوستاندنەکانی نێوان بەغدا و هەولێر، حکومەتی عێراق هەوڵبدات بە هاوکاریی ئێران ناکۆکیی نێوان پارتە کوردییەکان قووڵتر بکاتەوە، بەو جۆرەش "کێبڕکێی نێوان تورکیا و ئێران تەشەنە دەکات". بەپێی راپۆرتەکە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لە 2018 ئەو ناکۆکییەی نێوان دوو لایەنە سەرەکییە کوردییەکە تۆختر دەکاتەوە "ئەمەش دەستی هەولێر لە دانوستاندن لەگەڵ بەغدا لەسەر پرسی داهاتی نەوت و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لاواز دەکات".

ئێران و هاوپەیمانێتی دژی تاران لە ناوچەکە

ساڵی پار زۆرینەی رووداوە سیاسی و سەربازییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە بەرژەوەندی ئێران شکاونەتەوە. کەوتنی خەلافەتەکەی داعش لە عێراق بۆشاییەکی دروستکردووە کە حاڵی حازر میلیشیا شیعە عێراقییەکانی نزیک لە ئێران پڕی دەکەنەوە. گرژییە دیپلۆماسییەکانی کەنداو وای کردووە قەتەر زیاتر لە هەموو کاتێک لە ئێران نزیک ببێتەوە. رووداوەکانی شەڕی نێوخۆی سووریاش بە ئاراستەی بەرژەوەندی حکومەتی سووریا شکاونەتەوە، کە هاوپەیمانی بێ ئەملاوئەولای ئێرانە.

کەوتنی کەرکووک لە 16ی ئۆکتۆبەر لەلایەکەوە پێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە عێراق لاواز کرد و لەلایەکی دیکەشەوە دەستی ئێران و میلیشیا شیعەکانی عێراقی لەو پارێزگایە بەهێز کرد. کوژرانی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح دەستی حووسییەکانی نزیک لە ئێرانی لە شەڕی یەمەن واڵاتر کرد و دواجاریش بڕیاری واشنتن بۆ بەپایتەخت ناساندنی ئورشەلیم وای کرد ئێران هۆکارێکی بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر لە گرووپە فەڵەستینییەکان دەستبکەوێ.

هەموو ئەو رووداوانە لە کاتێکدا روویان دا کە ئەمریکا فۆکەسی لەسەر تێکشکاندنی خەلافەتەکەی داعش بوو. ناوەندی (ستراتفۆر)ی ئەمریکی پێشبینی دەکات ئەمساڵ بە پێچەوانەی 2017 ، ئەمریکا هەوڵی جڵەوکردنی فراوانخوازییەکانی ئێران بدات، ئەمەش دەرفەت بۆ سعودییەکان دەخولقێنێ تاوەکو هەوڵ بدەن "بەربەستێک بۆ دەسەڵاتی ئێران لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دابنێن".

لەلایەکی دیکەوە، ئیسرائیل نیگەرانە لەوەی حیزبوڵڵا و میلیشیا شیعەکانی نزیک لە ئێران لە سنوورەکانی رۆژئاوای سووریا و نزیک بەرزاییەکانی جۆلان جێگیر ببن و هەڕەشەیەکی ستراتیژی لەسەر ئاسایشی ئیسرائیل دروست بکەن. بەپێی پێشبینییەکانی ناوەندە ئەمریکییەکە تەلەڤیڤ بەئاواتی بەرەنگاربوونەوەی دوژمنی هاوبەش، پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ریاز ئاشکراتر دەکات و "پشتگیری لە هەوڵەکانی واشنتن و ریاز دەکات" بۆ بەرپەرچدانەوەی ئێران.

### رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران

لە ئۆکتۆبەری 2017، ئیدارەی ئەمریکی متمانەی لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران سەندەوە. کۆشکی سپی پێیوایە رێککەوتنەکە ناتوانێت رێگە لە تموحە ئەتۆمییەکانی ئێران بگرێت، هەروەها ئەوەندەش سەراپاگیر نییە کە بتوانێت بەربەست بۆ بەرنامەی مووشەکیی ئێران و هەوڵەکانی تاران بۆ بەهێزکردنی میلیشیا شیعەکان لەناوچەکەدا دابنێ.

هەرچەندە لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا مشتومڕی نێوان تاران و واشنتن لەسەر رێککەوتنە ئەتۆمییەکە زیادی کردووە، ناوەندی (ستراتفۆر) پێشبینی دەکات "رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لە ساڵی 2018 وەکو خۆی بمێنێتەوە".

یەکێک لەو فاکتەرانەی یارمەتیدەری بەردەوامیی رێککەوتنەکەیە، ئەوەیە کە لە نێوخۆی کۆشکی سپیدا جیاوازیی بۆچوون هەیە سەبارەت بەوەی چ هەڵوێستێک بەرامبەر رێککەوتنە ئەتۆمییەکە وەربگیرێت. ژمارەیەک لە بەرپرسانی باڵای ئەمریکی، لەوانەش وەزیرانی دەرەوە و بەرگری، لەگەڵ ئەوەن ئەمریکا پابەند بێت بە رێککەوتنەکەی ڤیەننا. کۆنگرێسی ئەمریکاش دەیەوێت بە جۆرێک سزای نوێ بەسەر ئێراندا بسەپێنێ کە پێشێلی رێککەوتنەکەی نەکردبێت. بەڵام دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا و ژمارەیەک لە راوێژکارە باڵاکانی خوازیاری ئەوەن رێگەیەک بۆ هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتنەکە بدۆزنەوە.

بەڵام بۆ هێشتنەوەی رێککەوتنەکەی 2015 ، ئەورووپا، رووسیا و چینیش لە پشت ئێرانن. ئەورووپییەکان پشتگیری لە بەردەوامبوونی رێککەوتنەکە دەکەن، ئەم هەڵوێستەش یەکێکە لەو



کۆبوونەوەی حەیدەر عەبادی و شاندی ئۆپۆزسیۆنی کوردستان

> **ئەمریکا هەوڵی جڵەوکردنی فراوانخوازییەکانی ئێران دەدات**

> **قاعیدە هەوڵی راکێشانی کۆنە ئەندامانی داعش دەدات**

> **ململانێی سعودیە و ئێران لە بەغدا و بەیروت دەبێ**

# ئێران بەرەو شۆڕشێکی دیکە ناچێت

**رووداو- هەولێر**

لە رۆژانی یەکەمی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ئایەتوڵڵا خومەینی، دامەزرێنەر و رابەری کۆماری ئیسلامی، نیگەرانیی راوێژکارەکانی خۆی سەبارەت بە هەڵاوسانی ئابووری رەتکردەوە و گوتی: "شۆڕشی ئیسلامی بۆ (دابەزاندنی) نرخی کاڵەک نەکراوە". چوار دەیە دواتر بەرزبوونەوەی نرخی هێلکە و گۆشتی پەلەوەر، خەڵکی رژاندە سەر شەقام.

زۆربەی جاران ئێران وەکوو هێزێک نیشاندراوە کە دەستی بۆ هەموو رۆژهەڵاتی نێوەڕاست درێژ کردووە، بەڵام خۆپیشاندانەکانی ئەو چەند رۆژەی دوایی دەریدەخات ئێران نەیتوانیوە لە نێوان سیاسەتی دەرەوە، سیاسەتی سەربازی و سیاسەتی نێوخۆیی وڵاتەکەدا هاوسەنگی دروستبکات.

دوو ساڵ بەسەر لادانی سزا نێودەوڵەتییە ئەتۆمییەکانی سەر ئێراندا تێدەپەڕێ، دانیشتووانی ئێران چاوەڕێ بوون لادانی سزاکان کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر باشتربوونی رەوشی ژیانیان هەبێت، بەڵام حکومەتی تاران لە دوو ساڵی رابردوودا نەیتوانیوە لادانی سزاکان تەرجەمە بکاتە سەر گەشەی ئابووری و بوژانەوەی بازاڕی کاری ئێران، لە کاتێکدا حکومەتی ئێران بیانووی ئەوەشی بەدەستەوە نەماوە کە ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوایی هۆکاری تێکچوونی باری ئابووریی وڵاتەکە بن.

بەڵام کێشەی ئابووریی ئێران نوێ نییە و رەگوڕیشەی لە پێکهاتەی سیستەمی سیاسی و ئابووریی ئەو وڵاتەدایە. ئێران دوو دەسەڵاتی سیاسیی جیاوازی هەیە کە زۆربەی جاران دوو رۆڵی جیاوازیش دەبینن. یەکەمیان حکومەت و پەرلەمانە. ئەوەی دیکەیان دامەزراوە و ناوەندەکانی سەر بە ویلایەتی فەقیهن کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە "بونیادەکان و سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران" پێکدێن و لەسەر بنەمای پاراستنی بەها ئایدیۆلۆژییەکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران کار دەکەن.

"بونیادەکان" لە دوو دەزگای سەرەکیی شەهیدان و دەزگای چەوساوەکان و کەمئەندامان پێکدێن. دەزگای چەوساوەکان و کەمئەندامان لەدوای کۆمپانیای نیشتمانیی نەوت بە دووەم گەورەترین ناوەندی بازرگانی لە ئێران دادەنرێت کە نزیکەی 200 هەزار مووچەخۆری هەیە، سەتان کۆمپانیاش لەژێر چاودێریی ئەواندان. سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانیش دەستی بەسەر بەشێکی بەرچاوی ئابووریی ئێراندا گرتووە. سوپای پاسداران بە هەموو بەشەکانییەوە 125 هەزار کەس ستافی هەیە. بونیادەکان و سوپای پاسداران لەبەرامبەر حکومەتدا بەرپرسیار نین، بەڵکو پەیوەندی راستەوخۆیان لەگەڵ دیوانی رێبەری ئێراندا هەیە.

ئەم جۆرە دامەزراوانەی دەرەوەی حکومەت کاریگەریی راستەوخۆیان لەسەر گەشەی ئابووریی ئێران داناوە، لەبەرئەوەی لەلایەکەوە رێگە لە دروستبوونی کێبڕکێ لە کەرتی تایبەتدا دەگرن و لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی دەسەڵاتی زۆریانەوە رێگە لە هەموو جۆرە چاکسازییەکی بنەڕەتی لە ئابووریی ئێراندا دەگرن. جگە لەمەش دەستی بڵاوی ئەو دامەزراوانە لە ئابووریی ئێراندا، بووەتە هۆی ئەوەی کۆمپانیا بیانییەکان بەدوودڵییەوە وەبەرهێنان لە ئێران بکەن. لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی و کۆمپانیاکانی سەر بە سوپای پاسداران لە لیستی سزا نێودەوڵەتییەکاندان.

### خۆپیشاندان شۆڕش نییە

ئەو خۆپیشاندانانەی لە رۆژی 28ی کانوونی یەکەمی رابردووەوە دەستیان پێکردووە، نە بزووتنەوەیەکی سیاسی و نە شۆڕش نین، بەڵکو نارەزایەتییەکی جەماوەرین بەرامبەر بە ئەدای ئابووریی حکومەت. بەڵام هەر ئەو خۆپیشاندانانە دەتوانن درزەکانی نێو پێکهاتەی دەسەڵات لە ئێران قووڵتر بکەنەوە.

خۆپیشاندانەکان لە شاری مەشهەد، شوێنی لەدایکبوونی عەلی خامنەیی و بنکەی سەرەکیی دژبەرەکانی رووحانی، دەستپێکرد. سەرەتا موحافیزکارەکان پشتیوانییان لە داواکانی خۆپیشاندەران کرد، ئەمەش ئاماژەیەک بوو بۆ ئەوەی موحافیزکارەکان ناسەقامگیرییان پێ باشتر بوو لەوەی پشتگیری لە ئەجێندای رووحانی بۆ چوار ساڵی داهاتوو بکەن. بەڵام شارەزایان پێیانوایە خۆپیشاندانەکان دەرفەتێکن بۆ رووحانی بۆ ئەوەی دەستی باڵی رێبەر لە کاروباری جێبەجێکاری و یاسایی حکومەت کورت بکاتەوە.

عەلی هەندجانی، توێژەری ئێرانی لە ئەنجوومەنی ئەتڵانتیک، بەدووری دەزانێت خۆپیشاندانەکان بۆ شۆڕش بگۆڕێن، بەڵام جەخت لەوە دەکاتەوە کە "ئەم خۆپیشاندانانە هۆشدارییەکن بۆ رژێم کە دەبێت گۆڕانی گەورە لە سیستەمدا بکەن، ئەمەش دەستی رووحانی زیاتر دەکاتەوە". رووحانی لە ماوەی دە رۆژی رابردوودا هەوڵیداوە هاوسەنگییەک لە نێوان داوای خەڵک و گوشارەکانی دامەزراوە ئاینی و ئەمنییەکانی سوپادا دروستبکات. ئەو سەرەتا خۆپیشاندانی بە مافی خەڵکی ئێران لەقەڵەمدا و رەتیشیکردەوە دەستی بیانی لە پشت خۆپیشاندانەکانەوە بێت، ئەمەش پێچەوانەی لێدوان و گوتاری موحافیزکارەکان بوو.

### خۆپیشاندان دوور لە ناوەند

خۆپیشاندانەکانی دوو هەفتەی رابردوو لەدوای خۆپیشاندانەکانی 2009 گەورەترین سەرهەڵدانی جەماوەری بوون لە مێژووی نوێی ئێراندا. لە سەرهەڵدانەکەی 2009دا کە بە بزووتنەوەی سەوز ناوی دەرکرد، 73 کەس کوژران و نزیکەی 4000 کەس دەستگیرکران. بەڵام خۆپیشاندانی ئەمجارە کۆمەڵێک جیاوازیی گەورەی لەگەڵ 2009دا هەیە.

خۆپیشاندانەکانی 2009 زیاتر لە شارە گەورەکان چڕببوونەوە و لەلایەن نوخبەی سیاسی و رۆشنبیرانی ریفۆرمخوازەوە سەرکردایەتی دەکران. خۆپیشاندانەکەی ئەمجارەیان لەلایەن گەنجانی چینی خوارەوە ئیدارە دەکرێن و بە شار و شارۆچکە بچووکەکانی دەرەوەی ناوەندیشدا بڵاوبوونەتەوە. زیاتر لە 29%ی گەنجانی ئێران بێکارن، ئەمەش لە وڵاتێکدا کە زۆرینەی دانیشتووانی لەدوای شۆڕشی 1979 لەدایکبوون. بەگوێرەی لێدوانی وەزارەتی نێوخۆی ئێرانیش نزیک 90%ی دەستگیرکراوان لە خوارەوەی 25 ساڵن.

عەلیرەزا نادر، لە پەیمانگای رەند، جەخت لەوە دەکاتەوە کە "خۆپیشاندانی ئەمجارە دژی هەموو سیستەمی ئیداری ئێرانە و ئامانج تێیدا بەهێزکردنی دەستی ریفۆرمخوازەکان نییە. سەرهەڵدانی ئەمجارەی ئێران پۆپۆلیستییە".

نەبوونی ئەجێندا و سەرکردایەتییەکی سیاسی وای کردووە خۆپیشاندانەکان ئەمجارە لەڕووی ژمارەی بەشداربووانەوە بچووکتر بن، بەڵام بەربڵاویی خۆپیشاندانەکان و نەبوونی سەنتەرێکی دیاریکراو هۆکارێکە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵکردنیان ئاسان نەبێت. لە ماوەی نزیک دوو هەفتەی رابردوودا خۆپیشاندانەکان بەچڕی لە هەردوو ناوچەی باکووری رۆژئاوا و باشووری رۆژئاوای ئێران بەڕێوەچوون.

ئەم دوو ناوچەیە لە کۆنەوە ناوەندی کێشەی قەومیی نێوان ناوەند و پەراوێز بوون. بریندا شیفەر، لە ئەنجوومەنی ئەتڵانتیک، جەخت لەوە دەکاتەوە کە "ناکۆکی نەتەوەیی یەکێک لە رەهەندەکانی ئەم سەرهەڵدانە نوێیەیە" کە لە کێشەی ئابووری ئەو ناوچانەش دانابڕێت، لەبەر ئەوەی هەردوو ناوچەکە (کە ناوچەی کوردی و عەرەبین) بە ناوچە هەژارەکانی ئێران دادەنرێن و بە بیانووی کێشەی ئەمنی لە زۆر پڕۆژەی حکومەت بێبەشن.

### رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێدەنگە

رووداوەکانی نزیک دوو هەفتەی رابردووی ئێران کاریگەرییان لەسەر رەوشی ئەمنی و سیاسی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەبێت، بەردەوامیی خۆپیشاندان دەشێت سوپا ناچار بکات لە دەمی هەندێک لە هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە بگرێتەوە، بەتایبەتیش حیزبوڵڵا و حکومەتی سووریا و حووسییەکانی یەمەن، لە کاتێکدا خۆپیشاندەران سیاسەتی فراوانخوازیی تاران بە هۆکارێکی سەرەکیی تێکچوونی باری ئابووریی نێوخۆی وڵاتەکەیان دەزانن.

وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە، لەسەرووی هەمووشیانەوە سعودیە، بە بێدەنگی چاودێری بەرەوپێشچوونی رووداوەکانی کردووە، بۆ ئەوەی بزانن ئاخۆ هاووڵاتییانی ئێرانی دەتوانن دەستی وڵاتەکەیان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کورت بکەنەوە؟



خۆپیشاندەرانی تووڕەی ئێرانی دەتوانن دەستی وڵاتەکەیان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کورت بکەنەوە؟ (فۆتۆ: AFP)

> شارەزایەکی پەیمانگەی ئەتلانتیک
> **خۆپیشاندانەکانی ئێران دەستی رووحانی زیاتر دەکەنەوە**

> شارەزایەکی پەیمانگای رەند
> **راپەڕینی ئەمجارەی ئێران پۆپۆلیستییە**

# کوردییەکان قووڵتر دەکاتەوە



دەگمەن خاڵانەی ئەوروپا و رووسیا کۆدەکاتەوە. بەگوێرەی (ستراتفۆر)، ئەم پشتگیرییە قورسایی دروشمەکانی موحافەزەکارەکانی ئێران بۆ هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتنەکە لاواز دەکات و دەستی میانڕەوەکان و ریفۆرمخوازەکان بەهێزتر دەکات بۆ هێشتنەوەی رێککەوتنەکە. ناوەندە ئەمریکییەکە بەدووریشی دەزانێت ئێران بەو ئاسانییە لە رێککەوتنەکە بکشێتەوە.

## شەڕی نێوخۆی سووریا

لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا ئێران و رووسیا بەهۆی پاراستنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد، پێگەی خۆیان لەو وڵاتە بەهێز کردووە، لەلایەکی دیکەشەوە دەسەڵاتی سعودیە و ئەمریکا لەو وڵاتەدا سنووردار بووە. بەو حاڵەشەوە (ستراتفۆر) پێشبینی دەکات واشنتن و ریاز بەدوای ئەوەوە بن لە سووریا کۆمەڵێک رێگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران بدۆزنەوە.

تێکشکاندنی داعش ئامانجی سەرەکیی زۆربەی ئەو زلهێزانە بوو کە لە شەڕی نێوخۆی سووریادا بەشدارن، واتە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتیی ئەمریکا و هاوپەیمانێتیی ئێران، رووسیا، سووریا و میلیشیا شیعەکان لەلایەکی دیکە. ناوەندە ئەمریکییەکە پێیوایە پاش نەمانی خەلافەتەکەی داعش، لایەنەکان روو لە کێشە ئاڵۆزترەکان دەکەن، لای ئەمریکا، سعودیە و ئیسرائیلیش پرسە ئاڵۆزەکە بەرپەرچدانەوەی ئێران دەبێت لە سووریا، بە دووریشی نازانن "حیزبوڵڵای لوبنانی گەورەترین ئامانجی ئەو هەڵمەتە سێ لایەنەیە بێت". بە گوێرەی راپۆرتەکە، ئەستەمە ئەو سێ وڵاتە بتوانن لە لوبنان بەرەنگاری حیزبوڵڵا ببنەوە، بۆیەش سووریا دەکرێت مەیدانی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ حیزبوڵڵا بێت.

بەپێی پێشبینییەکانی ناوەندی (ستراتفۆر)، ئەستەمە حکومەتی سووریا و ئۆپۆزیسیۆن لە 2018دا بگەنە هیچ رێککەوتنێکی ئاشتی، لەبەر ئەوەی "هەر رێککەوتنێک کە دیمەشق پەسەندی دەکات نمایشی دەبێت، لە کاتێکدا ئۆپۆزیسیۆنیش هەر چەشنە رێککەوتنێک رەتدەکەنەوە کە پشتگیری لە دەسەڵاتی ئەسەد لە سووریا بکات".

رووسیا لە کۆتایی ئەیلولی 2015ەوە بەشێوەیەکی راستەوخۆ لە شەڕی نێوخۆی سووریادا بەشدارە، لە سەرەتاشەوە بەشداریی رووسیا زیاتر بۆ ئەوە بوو دەستی حکومەتی سووریا لە دانوستاندنەکان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن بەهێز بکات. بۆیە (ستراتفۆر) پێیوایە مۆسکۆ بە دوای دەرچوونێکی خێرا لە سووریا دەگەڕێت، بەڵام دەیەوێت گەرەنتی ئەوەش بکات بە دەرچوونی لەو شەڕە ئەو بەرژەوەندییانەی لە دوو ساڵی رابردوو لە سووریا و رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کاری بۆ کردوون، لەنێونەچن. ئێران و سووریا بەپێچەوانەی رووسیاوە سوورن لەسەر ئەوەی قەیرانەکە دەبێت لە مەیدانی جەنگدا یەکلابکرێتەوە و بەشار ئەسەدیش جارێکی دیکە دەست بەسەر هەموو سووریادا بگرێتەوە.

بەڵام مۆسکۆ دەزانێت بەشێک لە رێگەی چارەسەری درێژخایەنی قەیرانی سووریا بە ئەنقەرەدا تێدەپەڕێت. لەدوایین رۆژەکانی ساڵی رابردوودا رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی تورکیا، رایگەیاند کە ئەسەد دەبێت کورسیی دەسەڵات جێبهێڵێ، شارەزایان لەسەر ئەوە کۆکن کە لێدوانەکەی ئەردۆغان هێندەی بۆ دروستکردنی گوشارە لەسەر رووسیا، هێندە گۆڕینی سیاسەتی یەک ساڵی رابردووی تورکیا نییە کە جۆرێک نەرمی بەرامبەر بە مانەوەی ئەسەد نواندبوو.

ناوەندی (ستراتفۆر) پێشبینی دەکات رووسیا دەرگای دیالۆگ سەبارەت بە کێشەی هێزە کوردییەکانی رۆژئاڤا بەکراوەیی بهێڵێتەوە، بۆیەش چاوەڕێ دەکرێت "دانوستاندنی نێوان رووسیا و تورکیا لە ساڵی 2018 لەسەر چارەنووسی کوردەکانی سووریا چڕبکرێتەوە". تورکیا پێشتریش جەختی لەوە کردووەتەوە کە ناتوانێت قەبووڵی بکات ناوچە کوردنشینەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ دەسەڵاتێکی کوردی لە باکووری سووریا هاوسنوور بن.

**دانوستاندنی رووسیا و تورکیا لەسەر چارەنووسی رۆژئاڤا چڕدەبێتەوە**

## سعودیە و ئێران

شەڕی نێوخۆی سووریا و شەڕی داعش بە قازانجی ئێران تەواو بوون، بەڵام بەگوێرەی چاوەڕوانییەکانی (ستراتفۆر)، سعودیە هێشتا چانسی ئەوەی هەیە لە پانتایی سەربازی و سیاسیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ. لەڕووی سەربازییەوە سعودیە ئەو وجوودەی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نییە کە ئێران بەهۆی میلیشیاکانییەوە لە ئەفغانستانەوە تاوەکو کەنارەکانی دەریای نێوەڕاست هەیەتی.

کەواتە یەمەن ئەو تاکە شوێنەیە کە سعودیە و هاوپەیمانە سوننەکانی دەتوانن تێیدا چاویان لەسەرکەوتن بێت، بە تایبەتیش لە کاتێکدا کە دوای کوژرانی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح، سەرۆکی پێشووی یەمەن، هاوپەیمانێتی دژی سعودیە درزی گەورەی تێکەوتووە. (ستراتفۆر) پێشبینی دەکات لە ساڵی 2018 حووسییەکان هەوڵی نزیکبوونەوەی زیاتر لە ئێران بدەن و هاوکاریی زیاتر لە ئێران وەربگرن بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی سەنعای پایتەختی یەمەنیان لەدەست نەچێت. هاوپەیمانێتیی عەرەبی بە سەرکردایەتی سعودیەش هەوڵ دەدەن حووسییەکان دەستیان بەو هاوکارییە نەگات.

لە ئاستی سیاسیدا ململانێی ریاز و تاران لە بەغدا و بەیروت دەبێت. بڕیارە مانگی ئایاری ئەمساڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەڕێوەبچێت، ئەمە دەرفەتێک بۆ سعودییەکان دەکاتەوە خۆیان لە هەندێک لە گرووپە ناسیۆنالیستە شیعەکان نزیک بکەنەوە، لەوانەش سەدرییەکان. بەپێی چاوەڕوانییەکانی (ستراتفۆر)، ئێران لە پاش هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی عێراق هەوڵ دەدات پەیوەندیی نزیکی خۆی لە حەشدی شەعبی بەکاربهێنێ بۆ ئەوەی هاوپەیمانێتییەکی نزیک لە خۆی لە بەغدا دروست بکات. سعودیەکانیش هەوڵ دەدەن لە رێگەی پارەوە ژمارەیەک لە هێزە سوننەکان و شیعەکان لە ئێران دوور بخەنەوە. ناوەندە ئەمریکییەکە بەدووری دەزانێت سعودیە بتوانێت دەسەڵات و نفووزی ئێران لە عێراق کەم بکاتەوە.

سەرەتای مانگی تشرینی دووەمی 2017 سەعد حەریری لە سعودیەوە دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لە پۆستی سەرۆکوەزیرانی لوبنان راگەیاند و دوای دوو هەفتە لە دەستلەکارکێشانەوەکەی پاشگەز بووەوە. بە گوێرەی (ستراتفۆر) هەوڵەکانی سعودیە بۆ بەکارهێنانی دەسەڵاتی حەریری و لێدان لە بەرژەوەندییەکانی حیزبوڵڵا لە 2018ش بەردەوام دەبێت، بۆ ئەوەش پشت بە کۆمەڵگەی سوننە و مەسیحیی لوبنان دەبەستێت، بەڵام ئەستەمە بتوانێت پێگەی سەربازیی حیزبوڵڵا لە لوبنان لاواز بکات.

## چارەنووسی داعش و گرووپە جیهادییەکان

2017 ساڵی کەوتنی خەلافەتی داعش بوو، بەڵام شەڕی گرووپە جیهادییە سوننەکان، لەوانەش قاعیدە و داعش، تەواو نەبووە. بەگوێرەی پێشبینییەکانی (ستراتفۆر)، لە ماوەی ئەمساڵەدا رێکخراوی قاعیدە هەوڵ دەدات شکستی پرۆژەی خەلافەت بۆ گەڕاندنەوەی ناوبانگی رێکخراوەکەی خۆیان بەکاربهێنن، کە لە بنەڕەتدا بڕوای بە دامەزراندنی خەلافەت وەکوو پرۆژەیەکی کورتخایەن نییە. چاوەڕێش دەکرێت لە ساڵی 2018 قاعیدە هەوڵی راکێشانی کۆنە ئەندامانی داعش بدات.

راپۆرتەکە پێشبینی ئەوەش دەکات فۆکەسی قاعیدە و داعش لە ساڵی 2018 لەسەر ئەو وڵاتانە بێت کە لەڕووی ئەمنییەوە لاوازن، لەوانەش لیبیا، یەمەن، نیمچەدوورگەی سینا، ئەفغانستان، ساحیل و سۆماڵ.

بەدرێژایی دوو ساڵی رابردوو، دەسەڵاتی ناوەندیی قاعیدە دژی دروستکردنی هەموو جۆرە ناوچە یان ئەمارەتێکی جێگیر لە سووریا بووە. ئەمەش خاڵی ناکۆکیی نێوان هەیئەی تەحریری شام (بەرەی نوسرەی جاران) و دەسەڵاتی ناوەندیی قاعیدە بووە. سەرکردە باڵاکانی قاعیدە پێیانوایە دروستکردنی ئەمارەت دەیانکات بە ئامانجێکی سادە بۆ هەڵمەتە نێودەوڵەتییەکان و لەدرێژخایەنیشدا خەڵکی ناوچەکە لە هەوڵەکانی قاعیدە بێزار دەکات. چاوەڕێ دەکرێت ئەم ناکۆکییە بەدرێژایی 2018ش بەردەوام بێت.

**سووریا دەبێتە مەیدانی ململانێی حیزبوڵڵا و ئەمریکا**

**رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران هەڵناوەشێتەوە**

# رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعشێکی نوێ ئامادە نییە

**رووداو- هەولێر**

رووخانی خەلافەتی داعش دەستکەوتێکی گەورە بوو بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، بەڵام ئەزموونی رێکخراوە جیهادییەکانی پێشوو نیشانی دەدەن کە ئەمجۆرە دەستکەوتانە کاتین و دەکرێت رێکخراوەکە لە کاتێکی دیکەدا بەهێزتر دەربکەوێتەوە، بە تایبەتیش لە کاتێکدا کە چاوەڕێ دەکرێت داعش لە کورتخایەندا روو لە چالاکی ژێرزەمینی و کۆکردنەوەی رێکخستنەکانی بکات. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا حکومەتەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ قۆناغی دوای رووخانی خەلافەت ئامادەن؟

دانیەل بایمەن، لێکۆڵەر لە پەیمانگای بروکینگزی ئەمریکی، پێشبینی دەکات داعش لە دوای لەدەستدانی شارەکان هەمان تەکتیکی ئەلقاعیدە لە ساڵانی 2008 – 2013 دووبارە بکاتەوە، واتە "روو لە چالاکی ژێرزەمینی دەکات، رەوشی سیاسی تێکدەدات، ئاگری شەڕی تایفی خۆش دەکات، هێرشی تیرۆریستی دەکات و بەو شێوەیەش (هەنگاو بە هەنگاو) رێگە بۆ گەڕانەوەی خۆی خۆشدەکات".

لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا عێراق و سووریا بنکەی سەرەکی خەلافەتەکەی داعش بوون، چاوەڕێش دەکرێت هەوڵەکانی داعش بۆ سەرهەڵدانەوە هەر لەو دوو وڵاتەدا چڕببێتەوە. بەڵام حەوت ساڵ شەڕی نێوخۆ لە سووریا و سێ ساڵ شەڕی دژی داعش لە عێراق دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکانی ئەم دوو وڵاتەیان لاواز کردووە، بۆیە بایمەن جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەوڵی سەرهەڵدانەوەی داعش "ناتوانێت پشت بە تواناکانی ئەو دوو وڵاتە ببەستێ".

ئیدارەی نوێی ئەمریکا لە رۆژی 20ی کانوونی دووەمی پارساڵەوە دەستبەکار بووە، لەو کاتەشەوە هەڵمەتی تێکشکاندنی خەلافەتەکەی داعش بەهێزتر بووە.



عێراق و سووریا ژینگەیەکی گونجاون بۆ سەرهەڵدانەوەی گرووپە توندڕەوەکان

بایمەن کە ساڵانێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر هاوکاریی حکومەت و کۆنگرێسی ئەمریکای کردووە، پێیوایە سەرەڕای هەنگاوە پۆزەتیڤەکانی ئیدارەی نوێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی گرووپە سەلەفییە جیهادییەکان، بەڵام کۆمەڵێک هەنگاوی ئەو ئیدارەیە دەتوانێت دەستکەوتەکان پێچەوانە بکاتەوە، لەوانەش گوتاری دژی کۆمەڵگای ئیسلامی کە دۆناڵد ترەمپ دەیورووژێنێ، پشتگیریکردنی بێ چەندوچۆنی واشنتن لە ریاز کە دەتوانێت ململانێی تایفی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا قووڵتر بکاتەوە و دواجاریش کەمکردنەوەی بودجەی هاوکارییە مرۆیی و دیپلۆماسییەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

بایمەن پێیوایە عێراق و سووریا ژینگەیەکی گونجاون بۆ سەرهەڵدانەوەی رێکخراوە جیهادییەکان، نەک هەر لەبەر ئەوەی ناوچەی دوور لە چاودێریی حکومەتیان زۆرە، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە سیاسەتەکانی حکومەت هەلی پێویست بۆ سەرهەڵدانەوەی ئەو گرووپانە دەڕەخسێنن. بە کورتییەکەی حکومەتی عێراق و سووریا "نە توانای ئەوەیان هەیە بە زەبروزەنگ دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەو ناوچانەدا بسەپێنن، نە ئامادەشن هاوکاریی سەرکردەی هۆزەکانی ئەو ناوچانە بکەن".

جگە لەوەش لە سووریا و دوای رووخانی خەلافەت، ئەو هێزانەی پێشتر دوژمنی داعش بوون، ئێستا دەکرێت لە رۆژهەڵاتی سووریا رووبەڕووی یەکدی ببنەوە کە دەتوانێت زەمینەی پێویست بۆ سەرهەڵدانەوەی داعش و هاوشێوەکانی ساز بکات. بایمەن پێیوایە لەدوای تێکشکاندنی دەوڵەتی ئیسلامی، هێزەکانی حکومەت و هێزەکانی سووریای دیموکرات لەسەر کۆنترۆڵی ناوچە رزگارکراوەکان تووشی شەڕ و پێکدادان ببن.

لە دەیەی رابردوودا رێکخراوی قاعیدە تەنیا عێراقی بەدەستەوە بوو بۆ ئەوەی شانەی نهێنی تێدا دروستبکات، بەڵام داعش ئێستا سووریاشی بەدەستەوەیە. جیا لەمەش تۆڕێکی گەورەی لایەنگر و ئەندامانی لە تورکیا هەیە، لە باکووری ئەفریقاش لە لیبیا و بیابانی سینا تۆڕێکی بەرفراوانی هەیە.

لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا شەش هەزار ئەوروپی روویان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەبوبەکر بەغدادی کردبوو. ژمارەیەکی زۆر لەو چەکدارانە کوژراون یان لەناوچەکانی شەڕدا خۆیان شاردووەتەوە، بەڵام بەپێی هەندێک ئامار 1500 چەکداریان گەڕاونەتەوە ئەوروپا. بۆیەش لێکۆڵەرەکەی پەیمانگای برووکینگز پێشبینی دەکات داعشی پاش خەلافەت هەڕەشەی گەورە لەسەر ئاسایشی ئەوروپا دروستبکات.

بایمەن پێیوایە بۆ دروستکردنی مەترسی کورتخایەن لەسەر ئەوروپا (واتە ئەنجامدانی هێرش) و مەترسی درێژخایەن (واتە دروستکردنی شانەی گەورەتر لە وڵاتان) ژمارەیەکی کەم لەو 1500 چەکدارە بەسە. کۆمەڵگای موسڵمانی ئەوروپی بەشێوەیەکی ئەوتۆ تێکەڵ بە کۆمەڵگای وڵاتە ئەوروپییەکان نەبوون، هەر بۆیەش "ئەگەری کەمە موسڵمانەکان هاوکاریی دەزگا ئەمنییەکان بکەن بۆ ناسینەوەی لایەنگرانی داعش". جیا لەمەش ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەوروپی، وەکو بەلجیکا، دەزگایەکی هەواڵگری هێندە بەهێزیان نییە کە بتوانێت بەشێوەیەکی کارا و پیشوەخت هەوڵەکانی داعش بۆ ئەنجامدانی هێرش پووچەڵ بکاتەوە. دانیەل بایمەن یەکێک بووە لەوانەی بۆ لێکۆڵینەوە لە رووداوەکانی 11ی سێپتەمبەری 2001 دەستنیشانکرابوو.

لە کاتی هێرشەکانی 2001ەوە تاوەکو کۆتایی ساڵی رابردوو تەنیا 97 کەس بەهۆی هێرشی پەیوەندیدار بە گروپە سەلەفییە جیهادییەکانەوە کوژراون. بە بۆچوونی بایمەن ئەو ژمارەیە بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی کوژراوانی هێرشە تیرۆریستییەکان لە وڵاتانی ئەوروپی یەکجار کەمە، چاوەڕێش دەکرێت لە ساڵانی داهاتووشدا هەروەها بمێنێتەوە.

لێکۆڵەرە ئەمریکییەکە پێیوایە دوو هۆکاری سەرەکی وایانکردووە ژمارەی کوژراوانی هێرشە تیرۆریستییەکان لە وڵاتەکەی هێندە کەم بێت: یەکەمیان ئەوەیە ژمارەی لایەنگرانی بیرکردنەوەی سەلەفی جیهادی لە ئەمریکا زۆر لەوە کەمتر دەرچووە کە پێشتر مەزندە دەکرا. لەدوای هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر، دەزگا ئەمنییەکانی ئەمریکا باسیان لە بوونی هەزاران لایەنگری بیرۆکەی سەلەفی جیهادی لە ئەمریکا دەکرد، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی ئەو چەند ساڵەی رابردوو ئاشکرایان کردووە، ژمارەکە زۆر لەوە کەمترە.

هۆکاری دووەم ئەوەیە موسڵمانانی ئەمریکا زۆر باشتر لە موسڵمانانی ئەوروپی ئاوێتەی کۆمەڵگا و دامودەزگا فەرمییەکانی ئەمریکا بوون، بۆیەش وەکوو جەیمز کۆمی، بەڕێوەبەری پێشووی ئێف بی ئای، باس دەکات "کۆمەڵگای موسڵمانانی ئەمریکا نایانەوێت نە لە کۆمەڵگاکەی خۆیان و نە بەناوی بیروباوەڕە ئایینییەکەی ئەوانەوە کاری توندوتیژی بکرێ". بۆیەش هاوکارییەکی زۆری دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکان دەکەن.

## گورگە تەنیاکان بەردەوام دەبن

لە چەند ساڵی رابردوودا هێرشی "گورگە تەنیاکان" بەخێراییەکی بەرچاو پەرەی سەندووە. ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکی سەرەکی ئەو پەرەسەندنە بوون. بەگوێرەی توێژینەوەکان 60%ی ئەو هێرشانەی لە 2014ەوە کراون لەلایەن ئەو کەسانەوە ئەنجامدراون لە لایەن کەسانێکەوە بوون کە نەیانویستووە بچنە سووریا و عێراق. پێشتر رەشید قاسم، رێکخەری هێرشەکانی داعش لە فەرەنسا، بە ماڵپەڕی فەرەنسی (جیهادۆلۆژی) "هەرکات دەرگای هیجرەت (بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش) داخران، دەرگای جیهاد بەکراوەیی دەمێنێتەوە. هێرشێک لە ئەوروپا دەنگدانەوەی زۆر لە هێرشەکانی دەولە لە سووریا زیاترە". بایمەن چاوەڕێ دەکات هەڕەشەی گورگە تەنیا لە چەند ساڵی داهاتووشدا بەردەوام بێت.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# چۆن تەعریبی کەرکووک ڕاگرین؟

پرۆسەی بەعەرەبکردنی ئەوانی تر، لەناو کۆمەڵگەی عەرەبیدا ڕەگ و ڕیشەی قووڵی هەیە، پەیوەندی بەو کولتوورە خێڵەکییە دێرینەوە هەیە کە توانای پێکەوەژیانی لەگەڵ جیاوازیدا نییە، بەتایبەت کە دەسەڵاتداربووبن هەوڵیانداوە ژێردەستەکانیان لە بۆتەی عەرەبدا بتوێننەوە. ئەمە بەدیاریکراوی لە سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلامەوە زۆر زیاتر پەرەی سەندووە، چونکە عەرەبەکان لە پەراوێزی بە ئیسلامکردنی گەل و نەتەوە و ئاینزاکانی تردا کاریان بۆ ئەوە کردووە لەگەڵ بە ئیسلامکردنیاندا بیانکەن بە عەرەب. بۆیە بەدرێژایی مێژوو هەمیشە عەرەب کێشەی لەگەڵ دەوروبەرەکەی هەبووە.

بە حوکمی جوگرافیا و بەو هۆیەشەوە کە کۆمەڵگە عەرەبییەکان بەردەوام فراوانبوونەتەوە، بەهۆی ئەوەش کە کورد نەتەوەیەک بووە توانای بەرگریکردنی لە ناسنامە هەبووە، بۆیە زۆر لەمێژە هەوڵی بەعەرەبکردن و پارێزگاری لەخۆکردنی کورد وەک کێشەیەک لەم ناوچەیە هەبووە. ئەگەر تەماشای مێژووی چەندین سەدەی ڕابردوو بکەین، ئەم ململانێیە لەسەردەمی هاتنی ئیسلام و حوکمی خەلافەتەکانەوە تا کەوتنی دەوڵەتی عوسمانی بەشێواز و بە قۆناغی جیاجیا بەردەوام بووە.

دوای ڕووخانی خەلافەتی عوسمانی لە دوو دەیەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا، بە حوکمی ئەو دابەشکارییە جوگرافی و ئیتنیکیەی ناوچەکە، ئەمجارە کێشەی بەعەرەبکردن لە سووریا و عێراق بە شکڵێکی دەوڵەتی ڕووبەڕووی کوردستان بووەوە. لە دەستپێکی ئەم قۆناغەوە هەردوو دەوڵەتی عێراق و سووریا وەک ستراتیجێک کاریان بۆ ئەوە کردووە نیشتمانی کورد بکەنە بەشێک لە نیشتمانی عەرەبی و پاشان کورد وەک نەتەوە بکەن بە عەرەب.

مێژووی سەت ساڵی ڕابردووی ئەم دوو وڵاتە دەوڵەمەندە بەو ڕێگاو ڕێکار و شێوازە جۆراوجۆرانەی پەیڕەوکردنی سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزیی کورد و بە عەرەبکردنی ناوچە کوردییەکان. لەپاڵ ئەوەشدا مێژوو پڕە لە نموونەی بەرگریکردنی کورد و بەگژاچوونەوەی بە عەرەبکردن. بە ڕێگەی ئاشتی، بەشەڕ، بە گرتنبەری ڕێوشوێنی یاسایی و دەستووری، بە پەنابردن بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. سەر ئەنجام ئەم کێشەیە بەردەوامی هەیە و تا عەقڵیەتی کۆمەڵگەی عەرەب نەگۆڕێت، هەر درێژە دەکێشێت. گۆڕینی ئەو عەقڵیەتەش لەناو عەرەب شتێکە لە مەحاڵ نزیکە.

کەواتا پێویستە کورد لەوە دڵنیابێت هەرکات عەرەب وەک نەتەوەی سەردەست، دەسەڵاتی زاڵ بوو بەسەر هەر بستە خاکێکی کوردستاندا، پەیڕەوکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردن ئەولەویەتی کارەکانی دەبێت. لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە تا ڕووخانی سەدام، هەموو ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بەگوێرەی قۆناغبەندیی ئەو ستراتیژە کاریان بۆ بەعەرەبکردنی کوردستان کردووە. لە دوای ڕووخانی بەعس و هاتنە سەر حوکمی دەسەڵاتی شیعە لە عێراق کە هاوکێشەکان گۆڕاون، پەیوەست نەبووە بەوەی لە خەیاڵدانی دەسەڵاتی شیعیدا تەعریب بوونی نییە، بەڵکوو پەیوەندی بەوەوە هەبووە کورد لە عێراقدا بەشێک بووە لە دەسەڵات و بەهۆی پێگەی هەرێم و ئەو حاڵەتی ئەمری واقیعەی دوای کەوتنی سەدام لەو ناوچانە دروست بوو، تەعریب ڕاگیرابوو.

ئەوەتا لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە کە پێگەی کوردستان لاواز بووە و شکۆی کورد شکێنراوە، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا دەستیانکردەوە بە پرۆسەی بەعەرەبکردن. ئەوەی لە ناوچەکانی خورماتوو، لە داقوق، لە کەرکووک، لە دوبز، لە گوێر و کەندێناوە دەگوزەرێ، هیچ نییە جگە لەو ڕاستیەی سەرەوە کە عەرەب هەر چرکەساتێک بۆیان گونجا دەست دەکەنەوە بە پاکتاوی ڕەگەزی لەدژی کورد.

پرۆسەی چۆڵکردنی گوندەکان و داگیرکردنەوەی زەویوزاری کورد و هێنانی عەرەب لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە زۆر بەپلان دەستی پێکردووە، ئاوارە و دەربەدەرکردنی هەزاران خێزانی کورد لە خورماتوو، سووتاندن و تەقاندنەوەی خانووەکانیان، دەرخەری ئەوەن ئەمجارە پرۆسەی بە عەرەبکردن لە سەدەی ڕابردوو چڕترەو ئەمە سەرەتای پلانەکانیانە و سەردەکێشێ بۆ ڕووخاندنی دەیان گەڕەکی کوردی لە کەرکووک و شارۆچەکەکانی تری ئەو ناوچانە، بەپاساوی دۆخی ناسەقامگیری عێراق و بابەتی تیرۆر، تەعریبی ئەم قۆناغە بە چەکدارکردنی خەڵکە داگیرکەرەکەیە، ئەمەش وەک جۆرێک لە بەدەستهێنانی دڵنیایی کە دواجار هەڵکەندنیان ئاسان نەبێت.

بە ئەندازەی مەترسییەکانی خودی پرۆسەکە، بێدەنگی و بێهەڵوێستیی کورد چ لەسەر ئاستی تاک تا دەگاتە میدیا و هێزە سیاسییەکان و کارەکتەرە کوردەکانی ناو جومگەکانی دەسەڵاتدارێتی لە بەغدا مەترسیدارە. چونکە ئەگەر لە ڕابردوودا دەوڵەت بە دەرچواندنی دەیان بەند و بڕگەی یاسایی ئەو پرۆسەیەی بەڕێوەدەبرد، ئەمڕۆ مادەیەکی دەستووری ئەو پرۆسەیە قەدەغە دەکات. کورد تەنیا بە دەستگرتن بە مادەی 140ی دەستوورەوە دەتوانێت ڕێگە لەپرۆسەی تەعریب بگرێت. بەڵام گرفتەکە کورد خۆیەتی کە زەمینەی بۆ ئەم قۆناغەی داگیرکردنەوەی کوردستان خۆشکردووە، بێهەڵوێستیی نوێنەرانی کورد لە بەغدا و لاوازییان بەرانبەر کارەکتەرە سیاسییە عەرەبەکان، کەشێکی دروستکردووە بۆئەوەی پرۆسەی جینۆسایدکردنی کورد بەناوی شەرعیەتی دەستوورییەوە بەڕێوەبەرن.

گرفتێکی تری ناوماڵی کورد کە ڕێخۆشکەرە بۆ بەعەرەبکردنەوەی کەرکووک، ڕێکنەکەوتنی لایەنە سیاسیەکانە بۆ پڕکردنەوەی ئەو پۆستە ئیداریانەی پشکی کوردن لە شارەکە. پارێزگاری کەرکووک وەک سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان و سەرۆکی لیژنەی ئاسایش، پۆستی کوردە، بەڵام ئێستا لەلایەن عەرەبێکی شۆڤێنییەوە بەڕێوە دەبرێت و بەهێزی یاسایی ئەو پۆستەوە سەرپەرشتی پلانی بەعەرەبکردنی کەرکووک دەکات. ئەنجوومەنی پارێزگا زۆرینەی ڕەهای لیستی برایەتیە کە پێکهاتەی هێزە کوردستانیەکانی کەرکووکە، بەڵام بەهۆی دۆخی ناوخۆی کوردستانەوە، پەکخراوە و ناچنەوە سەر کارەکانیان.

درێژەکێشانی ئەو دۆخەی کەرکووک، تەنها لە بەرژەوەندی چەسپاندنی پرۆسەی بەعەرەبکردن و سەختترکردنی ڕێگاکانی بەردەم پرۆژەی کوردە بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانی لە عێراق. هەرچەندە بە چوونەوەشمان بۆ کەرکووک کۆتایی بەو عەقڵیەتە شۆڤێنیەی نەتەوەی سەردەستە نایەت لە بەغدا، بەڵام دەکرێت چوونەوەی کورد بۆ کەرکووک و وەرگرتنەوەی پۆستەکانی بە هەماهەنگی لەگەڵ کارەکتەرە کوردەکانی بەغدا، کۆتایی بەو زەمینەیە بهێنێت کە بەهۆیەوە تەعریب بەچڕی دەستپێکردووە.

بۆ ئەمە دەبێت کورد بیر لە شێوازێکی تری بەڕێوەبردنی کەرکووک بکاتەوە، هەنگاوی یەکەمی بەوە دەبێت ئەو پۆستانەی پشکی کوردن لە کەرکووک لەنێوان ئەو سێ لایەنە کوردیەی زۆرینەی ئەنجوومەنی پارێزگا پێکدەهێنن، دابەشبکرێتەوە. ئەو کارەکتەرانەی بۆ ئەو پۆستانە دیاری دەکرێن پێویستە جێی ڕەزامەندیی هەمووان بن، تا هەرسێ لایەنەکە هاوکاری ئیدارەی کەرکووک بن لە تێپەڕاندنی ئەم قۆناغەی کە قۆناغی داگیرکردنەوەی کوردستانە. ئەنجوومەنی پارێزگا زۆرینەی کوردە، پارێزگار و دەزگای پۆلیس و بەشێکی زۆر لە دەزگا خزمەتگوزارییەکان پشکی کوردن و ئێستا بە چۆڵی ماونەتەوە یان لەلایەن نەیارانی کوردەوە بە وەکالەت بەڕێوە دەبرێن.

دەبێت کورد بچێتەوە بۆ کەرکووک و لە کەرکووکەوە سەنگەری بەرگریکردن لێبدات. سوود لەو پۆستە ئیداری و ئەمنی و سەربازیانە وەربگرێ کە هەیەتی بۆ پارێزگاریکردن لە ناسنامەکەی. ئەگەر ئەوە نەکات نەک ناتوانێ لە هەولێر و سلێمانییەوە کەرکووک بپارێزێت، بەڵکوو داگیرکردنەوەی کەرکووک ڕێگە خۆشدەکات بۆ داگیرکردنەوەی ئەو بەشەی تری کوردستانیش کە هێشتا نەکەوتووەتەوە دەستی عەرەب.



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# مێژوو بەبێ مێژوو

بەدیدی من یەکێک لە گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەوڵەکەی هەرێمی کوردستان بوو بۆ گواستنەوە لە قۆناغی هەرێمەوە بۆ قۆناغی دەوڵەت و پاشان شکستی ئەو هەوڵە. بۆیە لە ساڵی نوێدا دەبێت پرسیاری شرۆڤەکاری کورد ئەمە بێت: بۆچی ئەو هەوڵەی هەرێمی کوردستان لە کۆتاییەکانی 2017 دا شکستی هێنا؟ بۆچی نەیتوانی وەکو دەوڵەت پێ بنێتە ناو 2018 وە؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە فرە ڕەهەندە، یەک لە ڕەهەندەکان کە جۆرە کۆدەنگییەکیشی لەسەرە، دۆخی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان و نائامادەیی ناوخۆیی بوو بۆ ئەو گواستنەوەیە.

ئەوە ڕاستە، بەڵام بەلای منەوە یەکێکی دیکە لە ڕەهەندە گرنگەکانی شکستی ئەم هەوڵە، پەیوەستە بەدۆخی عێراق و ناوچەکەشەوە، واتە ساتەوەختی ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە، لە پەیوەست بە دۆخی عێراق و ناوچەکەوە.

هەرێمی کوردستان لەساتێکدا ویستی پێ بنێتە قۆناغێکی نوێ کە عێراق هیچ گۆڕانکارییەکی بەخۆوە نەبینیبوو، بەڵکو بە سەرکەوتوویی لەشەڕی تیرۆر دەهاتە دەرەوە.

پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەمەیە: ئایا دەکرێت لە کوردستان گۆڕانی گەورە ڕووبدات بەبێ ئەوەی لەم ناوچەیەدا گۆڕانێک ڕوویدابێت؟ واتە ئایا دەکرێت کوردستان لە دۆخی هەرێمەوە بگۆڕێت بۆ دۆخی دەوڵەت بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانێک لە دەوروبەرمان ڕوویدابێت؟

دەکرێت وەڵامێکی شۆڕشگێڕانە بدەینەوە و بڵێین بەڵێ ئیرادەی گەل لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە و ئەگەر حیزبەکان یەککگرتوو بن دەتوانن ئەمە بکەن.

بێگومان ئەم وەڵامە هەمیشە جێگەی ڕێزە و ڕاستییشی تێدایە، بەڵام ئەگەر بێینە سەر واقیع، دەبینین گۆڕانکاری بابەتێکی دیفاکتۆیە و پەیوەستە بەهەندێک هاوکێشەی واقیعییەوە.

ئێستا با ڕوومالێکی خێرای ئەو قۆناغانەی گواستنەوە بکەین کە هەرێمی کوردستان لە عێراقدا بەخۆیەوەی بینیون، دەبینین چۆن هەموویان پەیوەست بوون بە گۆڕان لە عێراقدا.

واتە هەمیشە گۆڕان لە کوردستانی عێراقدا کاتێک ڕوویداوە کە لە عێراق و ناوچەکەدا گۆڕانێک یان ڕووداوێکی گەورەتر ڕوویدابێت. ناگەڕێینەوە بۆ مێژووی دوور لەکاتێکدا هەموو ئەو مێژووە ئەم دیدەی ئێمە پشتڕاست دەکاتەوە، تەنها سەرەتای نەوەتەکان وەک سامپڵێک بۆ پشتڕاستکردنەوەی دیدی خۆمان وەردەگرین، واتە دەستپێکی دروستبوونی ئیدارەی هەرێمی کوردستان.

هێزی پێشمەرگە بەدرێژایی چەندین ساڵ نەیتوانی هیچ سەرکەوتنێک لە کوردستانی عێراقدا تۆمار بکات، تا ئەوکاتەی سەددام هەڵە ستراتیژییەکەی کرد، داگیرکردنی کوەیت و پاشان لێدانی سوپای عێراق لەلایەن وڵاتانی زلهێز و ئەو شکستە گەورەیەی بەسەر عێراقدا هات لە 1990.

ئەو ڕووداوە گەورەیە لە ئاستی عێراقدا هاوکێشەکانی لە کوردستان گۆڕی، هەلی خستە بەردەم هێزی پێشمەرگە تا لەڕێگەی نەخشەیەکەوە ڕاپەڕین لە شارەکانی کوردستاندا ساز بدات و حوکم و ئیدارەی ناوچەکە بگرێتە دەست.

ئەستەم بوو بەبێ ڕووداوی گرتنی کوەیت و لێدانی سوپای عێراق لەلایەن هاوپەیمانانەوە کورد بتوانێت لە کوردستان ڕاپەڕین بکات و ئیدارەی خۆی دابمەزرێنێ.

قۆناغی خۆبەڕێوەبەریی کورد - بەبێ کەرکووک-بەردەوام دەبێت و هیچ گۆڕانکارییەک بەخۆوە نابینێت تا ئەوکاتەی جۆرج بوشی کوڕ لە 2003 دا بڕیاری ڕووخاندنی سەددام دەدات.

ڕووخانی سەددام و نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ کە نەخشەیەکی ئەمریکی بوو بۆ گۆڕینی ناوچەکە، هەلێکی دیکەی دایە دەستی کورد تا قۆناغێکی دیکە بچێتە پێشەوە و لە چوارچێوەی عێراقدا هەرێمێکی فیدراڵی دانپێدانراوی دەستکەوێت.

ئێستاش کورد دەیەوێت قۆناغی هەرێمایەتی تێپەڕێنێت و بگاتە قۆناغی دەوڵەت، ئایا ئەم گۆڕانە گەورەیە بەبێ ڕووداوێکی گەورە ئەنجام دەدرێت؟ ئایا بەبێ ئەوەی لە ناوچەکەدا ڕووداوێک بقەومێ ئەم ستراتیژە دەتوانێت سەرکەوتوو بێت؟

ڕاشکاوانە و ماتماتیکیانە لێرەدا سەلماندمان کە جەوهەری کێشەی ریفراندۆم ئەمە بوو، ساتەوەختێک کە کورد بەتەنها دەیەوێت گۆڕانکاری بکات.

جووڵەیەکی مێژوویی لە ساتێکی نامێژووییدا.

بەڵام هەر بەپێی ئەو هاوکێشەیە بێت، پرسیارەکە هێشتا هەر بەردەوامە و کۆتایی نەهاتووە: ئایا ئیدی ئەم ناوچەیە بەبێ ڕووداو دەمێنێتەوە و وەک سەهۆڵبەندان دەیبەستێت؟ ئایا ئیدی ئەم ناوچەیە بەبێ ئاڵوگۆڕ دەمێنێتەوە؟

ئایا هیچ بومەلەرزەیەکی دیکە لەم ناوچەیە نادات کە کاردانەوەکانی بگاتە هەرێمی کوردستان؟ وەڵام بۆ لۆژیک و مێژوو بەجێدەهێڵم.



زوبێر ڕەسوڵ*

# عێراقی دوای گشتپرسی

یەکێک لە سەرەکیترین کێشە بونیادییەکانی دەوڵەتی عێراق هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە تا ڕووخانی لە 2003دا و پاش ڕووخانیشی، بریتی بووە لە کێشەی بونیاتنانی نەتەوەیەک (Nation building) کە خۆی بە عێراقی بزانێت، واتا دروستکردنی ناسنامە و دواتریش ئیندیماجکردنی (Integration) پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق لە قاڵبی دەوڵەتی تازەدا، ئینجا ئەمە چ کێشەی کورد بێت یان ململانێی نێوان ئاینزاکانی تر، بە تایبەتیش کێشەی مەزهەبی و سیاسی نێوان شیعە و سوننە. ئەم دۆخە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، نە نوخبە سیاسییەکانی عێراق توانیویانە بەرجەستەی بکەن، نە وڵاتە ئیقلیمی و زلهێزەکانیش. گەشەکردنی خێرای داعش و دابڕاندنی یەک لەسەر سێی خاکی عێراق لە 2014 و هەروەها ئەنجامدانی ریفراندۆمیش لەلایەن کوردەوە، هەر بەرهەمی ئەو نائومێدییە بوو کە هەریەکە لە سوننە و کورد بەرامبەر عێراقی دوای 2003 هەیانبوو. ڕووخانی ڕژێمی بەعس دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی نوخبەی سیاسیی عێراقی ئەو هەڵەیە ڕاستبکەنەوە و ناسنامەیەکی فراوانتر ببەخشن بە گەلانی عێراق بۆ ئەوەی ئینتیمای عێراقیبوون بگەڕێننەوە بۆ دەوڵەتی عێراق. بۆیە جۆرێک لە ساویلکەیی سیاسییە گەر پێمانوابێت هەموو ئەو کێشە سیاسیانەی دوای ریفراندۆم هاتنە ئاراوە هۆکارەکەی تەنیا ریفراندۆم بووە. دەسەڵاتدارانی عێراق لە چەندین بۆنەدا پێش ریفراندۆمیش ئەوەیان نەشاردووەتەوە کە بەهەر جۆرێک بێت دەبێت ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بۆ باوەشی بەغدا بگەڕێنەوە. ئەگەرچی بەپێی دەستوور دەبووایە لە ساڵی 2007 ئەو ناوچانە لە ڕێگای پرۆسەی ئاساییکردنەوە و دواتریش ڕاپرسی یەکلایی کرابانەوە، بەڵام دەسەڵاتدارانی عێراق بە مەبەست کە دووریش نییە بەهۆی گوشاری وڵاتانی ناوچەکەوە بووبێت، پرۆسەی چارەسەکردنی کێشەی ئەو ناوچانەیان دواخست. هەردوو هێزە سیاسییەکانی کوردیش (پارتی و یەکێتی) بەشێک لەو بەرپرسیارێتییەیان بەردەکەوێت، بەڵام ئەوە ناچێتە ئەقڵەوە کە کورد ڕێگر بووبێت لەبەردەم جێبەجێکردنی ماددەی 140. دواخستنی ڕزگارکردنی حەویجەش لەلایەن هێزە عێراقییەکانەوە بۆ ئەوەی گشت هێزەکانیان لە نزیک کەرکووک کۆبکەنەوە، بەشێکی تری ئەو پلانە بوو.

هەرچۆنێک بێت پرۆسەی ریفراندۆم ئەو دەرفەت و پاڵپشتییە هەرێمی و نێودەوڵەتیەی بۆ عێراق ڕەخساند کە ئەو ناوچانە بگەڕێنێتەوە ژێر دەستی خۆی، نەک هەر ئەمە، بەڵکو ئەو چانسەشی بە حەیدەر عەبادی بەخشی کە وەبەرهێنانی زۆری پێوە بکات و وەک پاڵەوانێکی نیشتمانی لای عەرەبە عێراقییەکان و عەرەبی دەرەوەی عێراقیش دەرکەوێت. شکستهێنانی پرۆسەی ریفراندۆم و دواتریش لاوازبوونی هەرێمی کوردستان لەڕووی ئابووری و سیاسی و سەربازی و دیبلۆماسیشەوە، جارێکی تر چانسێکی زێڕینی بە عێراق و لە سەرووی هەموشیانەوە بە کاراکتەری سیاسی عەبادی بەخشی کە بتوانێت کورد دووبارە بگەڕێنێتەوە ناو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق، بە تایبەتیش لە کاتێکدا کە بێمتمانەیی تاکی کورد بەسەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان گەیشتە نزیک سفر. تا ئاستێک دەتوانم بڵێم زۆرینەی کورد دڵنیا بوون لەوەی دوو هێزە سەرەکییەکە و ململانێکانی نێوانیان ڕێگرن لەبەردەم دەستەبەرکردنی ماف و بەرژەوەندییەکانی هەرێم. وەک خۆشم دەتوانم بڵێم کە 16ی ئۆکتۆبەر بەرئەنجامی فەشەلی مۆدێلی حوکمڕانی دوو حیزبی بوو لە هەرێمدا، ئیتر ئەستەمە هیوایەک لەسەر ئەو فۆرمە بنیات بنرێت لە داهاتوودا.

ئەم دۆخەی دوای ریفراندۆم کەشێکی سیاسی باشی سازاند بۆ دەسەڵاتدارانی بەغدا و حکومەتی زۆرینە شیعە بۆ ئەوەی کورد وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی و یاخی لە عێراقی یەکپارچەدا ئاشتبکاتەوە، حکومەتی بەغدا تەواوی ئەو میکانیزمە یاسایی و سیاسی و ئابوورییانەی لەبەردەست بوون تا ئێستاش بۆ ئەوەی ئەم ڕۆڵە بگێڕێت، وەک ناردنی مووچەی فەرمانبەران و شایستە داراییەکانی هەرێم، تەرخانکردنی بودجە بۆ هەرێم و گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ ئەو ناوچانەی کە کەوتنەوە دەست بەغدا و... تاد، بۆ ئەوەی باوەڕ بە تاکی کورد بهێنێت کە مانەوە لەناو عێراقدا ژیانێکی باشتر و سەقامگیرییەکی باشتری لەوەی کە لە هەرێم هەیەتی، دەتوانێت بۆ دابین بکات. بەڵام بە پێچەوانەوە بەغدا لەبری پیشاندانی ئەو نیازپاکییە بەرامبەر تاکی کورد و دواتریش قۆستنەوەی ئەو دەرفەتە، کەوتە دەرکردنی بەشێک لە کورد لە ناوچەکانی دوزخورماتوو، مەخموور و کەرکووک، بە تایبەت میلیشیاکانی حەشدی شەعبی ڕۆڵێکی خراپیان گێڕا لە ترساندنی خەڵکی کورد لەو ناوچانە، هەر لە تۆڵەکردنەوە و سووتاندنی ماڵە کوردەکانەوە بگرە تا دەگاتە ئیهانەکردن بە سیمبولە نەتەوەییەکانی کورد وەک ئاڵا و وێنەی شەهیدەکان و.. تاد، دواتریش بەغدا ئەو دۆخە لاوازەی هەرێمی کوردستانی قۆستەوە وەک ئەوەی کیانێکی بیانی لەشەڕدا دۆڕاوی کەوتبێتە دەست تا دەتوانێت هەرێم دەورە بدات لەڕووی ئابووری و سیاسی و دیبلۆماسیشەوە. تا کار گەیشتە دەرکردنی ڕێنمایی بە ناچارکردنی قونسوڵخانە بیانییەکان و کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکان بۆ ئەوەی هەولێر بەجێبهێڵن و بچنەوە بەغدا. نەک هەر ئەوە، بەڵکو بەیاسا خەریکی ئەوەبوو ئەو قەوارە دەستوورییەش نەهێڵێت کە لە دوای 2003 وە دەستووری عێراق وەک حکومەتی هەرێمی کوردستان ناساندوویەتی.

لەدوای 16ی ئۆکتۆبەر، هەرگیز بەغدام وا نەبینی وەک ئەوەی مامەڵە لەگەڵ بەشێک لە وڵات و هاووڵاتیانی خۆی بکات، تا ئەو ئاستەی کار گەیشتە دەرکردنی خەڵکی کورد لە بەشێک لە دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق کە لەسەر پشکی کورد بوون. دواتریش سزادانی خەڵک و ترساندنیان لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان. ئەگەرچی ئەمە تەنیا پلانێکی عێراقیی پوخت نەبوو بەڵکو کۆماری ئیسلامی ڕۆڵی هەرە باڵای تێدا هەبوو، بەڵام ئەوەی دوای پرۆسەی ریفراندۆم بۆ خەڵکی هەرێم روون بوو، ئەوەبوو کە بەغدا هەرگیز هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە عێراق و خەڵکەکەشی وەک هاووڵاتی نابینێت. لە دوای شکستهێنانی گشتپرسی، بەغدا هیچ نیازێکی پاکی نیشان نەدا بۆ ئەوەی تاکی کورد وەک ئەڵتەرناتیڤێکی باشتر لە پارتی و یەکێتی سەیریان بکات. گرتنی سنوورەکان و داخستنی فڕۆکەخانەکان و تەهجیرکردنی کورد و ترساندنیان، سەلماندی کە تا ئێستاش بەغدا نیازیکی پاکی نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراقدا، بەڵکو مەسەلەکە تەنیا دەرفەتە، هەر کاتێک بەغدا بۆی بڕەخسێ، حوکمی زاتیش بە ڕەوا نابینێت بۆ هەرێمی کوردستان.

خاڵێکی تری مەترسیدار کە لە دوای ریفراندۆمەوە دەسەڵاتدارانی بەغدا بەجدی کاریان لەسەر کرد، بریتی بوو لە گواستنەوەی کێشەی کورد لە کێشەیەکی سیاسیی نێوان هەولێر و بەغداوە بۆ کێشەیەک لەنێوان نەتەوەی کورد و عەرەب. بەداخەوە لە سەردەمی بەعسیشدا کە دڕندایەتی ڕژێم گەیشتە ئەوپەڕی، کێشەی کورد هەر لەسەر ئاستی سیاسی مایەوە و نەچووە قۆناغی کێشەی نێوان دوو نەتەوە، بەڵام دەسەڵاتدارانی نوێی بەغدا، بەتایبەتی بۆ دنەدانی هەستی نەتەوەیی تاکی عەرەب و لەپێناوی کۆکردنەوەی دەنگی خەڵکی سادە، سڵیان لە دەستبردن بۆ ئەو کارە مەترسیدارەش نەکردەوە. بۆیە ئەگەرچی ریفراندۆم ئەو دەرفەتەی بۆ بەغدا ڕەخساند کە تا کاتێکی نادیار هەرێمی کوردستان ڕابگرێت، بەڵام کەلێنی نێوان کورد و عەرەب و هەولێر و بەغدای قووڵتر کردەوە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# پارتی هاوپەیمانی خائینەکانە

1

پێداگریی پارتی لەسەر درێژەدان بە هاوپەیمانی لەگەڵ حیزبی بەناو یەکێتی نیشتمانی، بە مانای شەراکەتە لە هەموو ئەو کارەساتانەی کە لەدوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە بەسەر کوردستاندا هاتوون. خیانەتێک کراوە و هەموو کەسیش وا دەڵێ، کەچی پارتی لەبەرزترین ئاستدا، هەم پێشوازی لە خائینەکان دەکات و هەمیش پشتیان دەگرێت! تێگەیشتن لەوە زۆر زەحمەتە کە کاتێک حیزبێک بەسەر دوو بەرەی خیانەت و کوردپەروەریدا دابەش بووبێت، بەڵام پارتیی کوردپەروەر بەردەوام بێت لە پشتیوانیکردنی خیانەتکارەکان و تێر و قەڵەویان بکات بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هەمان شت دووبارە و سێبارە بکەنەوە!

ئەڵبەتە ئەوە گوناهی پارتی نییە کە پتر لە 10 ساڵە بەدوای شەریکی سیاسیدا دەگەڕێت، بەڵام پارتیش دەبووایە لە ئاستی دیاریکردنی هاوپەیمان و شەریکەکانی کەمێک وردتر بیری بکردبایەوە. پارتی شەریکەکانی خۆی لە سیاسەتدا تەنها لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی ئابووری، بازرگانی و حوکمڕانی هەڵبژاردووە، ئەوەش رێک پێچەوانەی ئەو ئامانجانەیە کە پارتی لە مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا دەستی بۆ بردووە. پارتی بە درێژایی تەمەنی خۆی (لەژێر ناوی تەساموح) بیری لەوە کردووەتەوە کە نەیارەکانی بەپارە بکڕێت، بەڵام لەوەش تێنەگەیشتووە کە کێ زۆرترین پارە بدات ئەو خاوەنە! بۆیە هیچ پێناچێت پارتی دەرسی لە رابردوو وەرگرتبێت، چونکە هەتا ئێستاش دۆست و نەیاری پێ دیاری ناکرێت. کێشە لەسەر ئەوە نییە کە پارتی بۆ هاوپەیمانی لە داهاتووی سیاسیی کوردستاندا (بە حوکمی ئەوەی پارتی حیزبی زۆرینەی کوردستانە) کێ یان چ هاوپەیمانییەک بۆ حوکمڕانی هەڵدەبژێرێت، بگرە دەبێ پارتی خوێندنەوەیەکی سیاسی، ئابووری و سۆسیۆلۆژی بۆ یەکگرتوویی خاکی کوردستان هەبێت و وا بکات کە وابەستەیی و ئینتیمای تاکەکان بۆ هەولێر بریتی نەبێت لە مووچە، چونکە ئەوکاتە کێ مووچە بدات، خەڵک سەر بە ئەوێ دەبن و، ئەوەش ئابڕووچوونێکی گەورەیە بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی و نیشتمانی. ئەڵبەتە ئەو قسەیە بۆ بەرامبەرەکانی پارتیش (کە ئەگەر بتوانن یەکبگرن) واریدە، چونکە دەشێ ئەو دۆخی پەرەتەوازەییەی سیاسەت لە سلێمانی کۆتایی بێت، بەڵام ئەوانیش ناتوانن بەهەمان لۆژیک مامەڵە لەگەڵ خەڵکی ژێر نفوزی پارتیدا بکەن.

## بارزانی لەکەمیندایە

2

ئەو بێدەنگییەی بارزانی لای زۆر کەس و لایەن بووەتە مایەی پرسیار، لەلایەکی دیکەشەوە وەک مەترسییەک سەیر دەکرێت. هەندێک رەنگبێ وا بیر بکەنەوە کە بارزانی هەڵەیەکی مێژوویی کردووە و باجەکەی دەداتەوە، بەڵام لەڕاستیدا، بارزانی رووداوێکی خولقاند کە لە سەت ساڵی رابردووی مێژووی خەباتی نەتەوەیی کورددا وێنەی نەبووە. پرسیاری هەرە ئاسان ئەوەیە کە مادام ئەنجامی گشتپرسیی کوردستان هێندە بێ بایەخ و بێکاریگەری بوو، بۆچی هەموو دنیا دژی وەستانەوە؟ مادام ئەنجامی گشتپرسیی کوردستان بە بڕیاری دادگای فیدراڵیی وڵاتی بەناو عێراق هەڵوەشاوەتەوە، ئەدی چ مەترسییەک و بیانوویەک ماوە کە بەغدا بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکات؟ بۆچی بەغدا سەرباری هەموو گوشارە نێودەوڵەتییەکان و ملکەچبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەی گفتوگۆ نییە؟

راستییەکەی ئەوەیە کە بارزانی هەموو تەڵە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی تەقاندووە. کورد لەسەردەمێکدا ناژیەت کە بەڵێنێکی وەکو (بلفۆر)ی پێ بدرێت، بگرە دەبێ بەڵگەیەکی وەکو ئۆکراینا، کەتەلۆنیا و کۆسۆڤۆی لەبەردەست بێت کە بتوانێ لە داهاتوودا سەربەخۆیی پێ رابگەیەنێت، جا با دە رۆژ نەبێ و دە ساڵی دیکە بێت. ئەوانەی دژی ئەنجامدانی گشتپرسی بوون، ئەگەر یەک بیانووی باوەڕپێکراویان هەبایە، 92 %ی خەڵک دەنگیان بە جیابوونەوە لە وڵاتی بەناو عێراق نەدەدا! دە ساڵە بەغدا ئیش لەسەر تێکدانی ناوماڵی کوردستان دەکات و لە رێگەی کۆمەڵێک خەڵکی عێراقچی کە بەرژەوەندییەکانیان لەوێوە دابین دەکرێ، حیزب و میدیای ئاراستەکراوی دژ بە خواستەکانی گەلی کوردستانیان بەرهەم هێناوە. بارزانی گۆڵێکی گەورەی لە داهاتووی عرووبە و تەشەیوعی حوکمڕانیی بەغدا کردووە، ئێستا نۆرەی گۆڵی دووەمە کە ناو ماڵی شیعە تێکبدات. رەنگبێ ئەوە بەدڵی ئەمریکا نەبێت و بەوە سەغڵەت بێت کە هێشتا یاسا و رێساکانی یارییەکانی گەیشتنە تەختی حوکمڕانی لە بەغدا، لە دەست هەولێر بێت! بەڵام بارزانی هێشتا سورپرایزی بۆ بەغدا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتی ئیقلیمی پێیە. راستە بێمنەتانە چووەتە ژێر باری باجی قورسی سەربەخۆیی، بەڵام دەبێ هەموو ئەو کەس و ناکەسانەی کە لە 25ی ئەیلول، پەنجەی مۆرکراویان وەکو (بەڵێ) بەرز دەکردەوە و خەونی راستەقینەیان (سەرخواردن)ی بارزانی بوو تا (سەربەخۆیی)، لەوە تێبگەن کە ئەو (بێدەنگییە) بێدەنگیی پێش تۆفانە.

## حەرامزادەی سیاسی

3

سیاسەت لە سلێمانی دەمێکە مردووە، وەک لاشەیەکی بۆگەن وایە کە کۆمەڵێک مردووخۆر لێی کۆبوونەتەوە و، هەر یەکەو بە نۆرە پارچەیەکی لێدەکەنەوە. لە قۆناغی وەک ئێستادا، فرەحیزبی پتر لەوەی نیشانەی دیموکراسی بێت، دەلالەتە لە نەبوونی روانگای هاوبەش لەسەر هەموو ئاستەکان و، هاوکات لاوازیی ئیرادەی سیاسی و کۆمەڵایەتیش دەردەخات. کێشەی سیاسەت لە سلێمانی ئەوەیە کە سەرباری ئەوەی نەیارە مێژووییەکەیان (پارتی) هیچ ئیدیعایەکی لە دەڤەرەکەدا نییە، بەڵام ئەوان لەسەر هەمان بنەما مێژووییەکە خەریکی دروستکردنی حیزب و جوڵانەوەی بێ (بەرهەم)ن. حیزب دابەش دەبێ، ناشەرعیانە یەکدەگرن و دوایی لایەکیان ئاوس دەبێ و دوای ماوەیەک حیزبێکی بەرهەمی زینا لەدایک دەبێ.



رێبوار کەریمی

# کوردەواری و خەباتی ناتوندوتیژانە

کولتوورێک بەناوی کولتووری خەباتی ناتوندوتیژانە لەناو ئێمەدا نەبووە و نییە. بەڵام لە مێژووی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کورددا زۆر چرکەی پرشنگداری خەباتی ناتوندوتیژانە بەدی دەکرێت. بۆ وێنە کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان لە ساڵی 1979 دا و بایکۆتی رێفراندۆمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەلایەن گەلی کوردەوە لە هەمان ساڵدا، مانگرتنی گشتی دژی لەسێدارەدانی چالاکانی سیاسی و کوشتنی کۆڵبەرانی بێتاوان و، تەنانەت هەرەوەزی پرمانای بەهاناوەچوونی لێقەوماوانی بومەلەرزە و ژێرپرسیارخستنی ئاوتۆریتەی دەسەڵاتدارێتی ئێران لەو پێوەندییەدا، نموونەی خەباتی ناتوندوتیژانە لە رۆژهەڵاتی کوردستانن. دیارە خەباتی ناتوندوتیژانە لە رۆژهەڵاتی کوردستان مێژینەیەکی زۆر لەمە پرشنگدارتری هەیە.

باکووری کوردستانیش گۆڕەپانی گەلێک نموونەی خەباتی ناتوندوتیژانەیە، لەوانە چالاکییەکانی دایکانی ئاشتی لە ساڵانی رابردوودا، لە تەک گەلێک دەسپێشخەریی سیاسی و فەرهەنگی لە شارە کوردنشینەکانی تورکیە و باکووری کوردستان. رەنگە هەژێنەرترین نموونەی خەباتی ناتوندوتیژانەی باکوور مانگرتنی سەراسەریی زیندانیانی سیاسیی نزیک لە دۆزی پەکەکە لە زیندانەکانی تورکیەدا بێت، کە چەند ساڵێک پێش ئێستا دەوڵەتی تووشی قەیرانێکی گەورەی ئاسایش کرد. ئەو خەباتە ناتوندوتیژانەیە دواجار ئامانجی خۆی لە چەندین ئاستدا پێکا و بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات.

نموونەی خەباتی ناتوندوتیژانە لە باشووری کوردستانیش کەم نین، یەکێک لە سەرەتاییترین نموونەکانی دوای راپەڕین کە رەنگە کەم کەس سەرنجی دابێت، رێپێوانی ساڵی 1994ی دەیان دایک و ژن بوو لە سلێمانییەوە بەرەو پەرلەمانی کوردستان لە هەولێر. ئەو خۆپێشاندانە لەپێناوی ئیدانەکردن و بەرگرتن لە شەڕی ناوخۆ بوو کە سەد مخابن نەیتوانی ئیرادەی ئەهریمەنیی شەڕخوازان بەچۆکدا بێنێت. لە یەکەم هەڵبژاردنی سەراسەریی دوای داڕووخانی رژێمی بەعس لە 2003، گرووپێک رۆشنبیر و کەسایەتیی نەتەوەیی "رێفراندۆمێکی سێبەر"یان بۆ روونکردنەوەی رای خەڵکی کوردستان سەبارەت بە سەربەخۆیی رێکخست. ئەو رێفراندۆمە سەمبولیکە نموونەی پرشنگداری خەباتێکی ناتوندوتیژانەی سەرکەوتوو بوو کە هەم کەتنی ئەو دەسەڵاتدارە خۆماڵیانەی بردە ژێرپرسیار کە لەدوای داڕووخانی دەوڵەتی عێراق لە 2003 دا کوردیان بردەوە بۆ بەغدا، هەم ئاکامە سەرکەوتووانەکەشی بوو بە کارتێکی سیاسی بەدەست سیاسەتوانانی کوردەوە بۆ چاوترسێنکردنی بەغدا لە ئەگەری پەراوێزخستنی کورد. تەنانەت رێفراندۆمی بیست و پێنجی سێبتەمبەری-2017 ی کوردستانیش — کە بە گوتەی رێکخەرەکانی تەنیا بۆ پرسینی رای خەڵک بوو — خۆی لە خۆیدا جۆرێک لە خەباتی ناتوندوتیژانە بوو دەرهەق بە بەغدا. لە هەناوی ئەو رێفراندۆمەدا شەپۆلی بایکۆتێکی فراوانی خەڵکانی نارازی لە هێندێک ناوچەی کوردستان بینرا. ئەو پرۆتستۆ و بایکۆتەی رەوتی رێفراندۆمیش بۆ خۆی جۆرێک خەباتی ناتوندوتیژانەی بەبرشت بوو، کە ترسی خستبووە دڵی بەشێک لە رێکخەرانی رێفراندۆمەوە. دەمەوێ بڵێم خەباتی ناتوندوتیژانە ئەوەندەش بێ مێژینە نییە لە کوردستان!

شاعیرێک بەناوی (کاتری ڤالا) کاتی خۆی جوانی پێکابوو، گوتبووی "دەسەڵاتداران لەو دەستانە تۆقیون کە چەکیان تێدا نییە"! ئاخر گەورەترین بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیش لەو بیرۆکانەوە دەستیان پێکردووە کە بەبێ هیچ توندوتیژییەک زەفەریان بە مێشک و دڵی مرۆڤەکان بردووە. "ژێ کاف" یان کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد کە لە ساڵەکانی بەرەبەری شەڕی جیهانیی دووەم خەریکی چالاکیی فەرهەنگی بوو، خۆی لە خۆیدا جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی ناتوندوتیژانە بوو. گەرای دامەزراندنی "کۆماری کوردستان" هەر لە هەناوی "ژێ کاف"دا گوورا. لەدوای کۆماری کوردستانەوە ئیتر کەس ناتوانێ بڵێ خەباتی ناتوندوتیژانە بەرهەمی نابێ!

خەباتی ناتوندوتیژانە هەڵبەت هەمیشە سەرکەوتوو نابێ. بزووتنەوەی بەهایییەکانی ئێران لەسەردەمی قاجارەکانەوە، جووڵانەوەی بوودایییەکانی تێبێت لە چوارچێوەی کۆماری چیندا، هەڵمەتی لاشەرانەی رەوتە پاسیفیستەکانی ئەورووپا لە پێش شەڕی یەکەمی جیهانی و زۆر نموونەی کۆنتر و نوێتر، هەموو بە ناتوندوتیژی هێنایان، بەڵام تێکشکێنران.

خەباتی ناتوندوتیژانە هەمیشە بە ناتوندوتیژیش نامێنێتەوە. زۆر لە رەوتە ئایینییەکان (بۆ وێنە ئیسلام)، بەشێکی زۆر لە جووڵانەوە نەتەوەیی و سەربەخۆییخوازەکان و بزووتنەوە کرێکارییەکانی هاوچەرخیش لەسەرەتادا بە هێمنی و ناتوندوتیژانە دەستیان پێکردووە، بەڵام لەژێر زەبری زۆرداری و سەرکوت و چەوساندنەوەی تاقەتپرووکێندا بەرەو گرژی و توندوتیژی کشاون.

هەڵبەت کەم نین ئەو نموونە مێژووییانەش کە سەرکەوتنی رەوتە ناتوندوتیژەکان بەرامبەر بە زەبەلاحترین دەسەڵاتەکانی سەردەمی خۆیان دەسەلمێنن: هەر لە بەرخۆدانی لاشەڕانەی فینلاندییەکان بەرامبەر بە رووسیای قەیسەرییەوە بگرە تا خەباتی سەربەخۆییخوازانەی هیندییەکان بەرامبەر ئیستیعماری بەریتانیا، هەر لە بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانی رەشپێستەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بگرە تا بەرخۆدانی چێکوسلۆڤاکیای سەردەمی داگیرکراوی و هەروەها بزووتنەوەی بەدەستهێنانەوەی سەربەخۆیی وڵاتانی باڵتیک. گەلێک هۆکار هەن بۆ پەسندانی خەباتی ناتوندوتیژانە، هۆی ئایدیۆلۆژیک و ئەخلاقی بەلایەک، هۆیەکی گرینگی تر برشت و کاریگەریی ئەو جۆرە خەباتەیە. هەر ئەوەندە بەسە بزانین کە توندوتیژی پشت بە رێژەیەکی دیاریکراوی وزە دەبەستێت. کاتێک ئەو وزەیە تەواو بوو، توندوتیژییەکەش دوایی دێت. ئەوە لە کاتێکدا ناتوندوتیژی بۆ خۆی کانگای وزەیە، واتە سروشتێکی بژێک یان خۆژێن و، سەرچاوەیەکی لەبڕاننەهاتووی هەیە، هەربۆیە شانسی بەردەوامبوونیشی زۆرتر و ئەگەری کاریگەریدانانی درێژخایەنیشی زیاترە. مخابن شەڕ وماڵوێرانکارییە یەک لە دوای یەکەکان ئەو باوەڕە چەوتەی لای مرۆڤەکان جێخستووە کە توندوتیژی بەبرشتترین شێوازی وەدیهێنانی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانە. ئەوە لە کاتێکدا خەباتی ناتوندوتیژانە دەتوانێ دەروو لە دەرفەت و ئیمکانی ئەوتۆ بکاتەوە کە پێشتر هەر بەبیریشدا نەهاتوون. پلانی ستراتیژیی ئامانجدار و خەباتێکی شێلگیرانە لەسەر بنەمای ئەو پلانە، دەتوانێ زۆر لە کردەوەی تیژو توند بەبرشتتر، ئامانج بپێکێت.

لە دەڤەرێکی دیکتاتۆرلێدراوی وەک رۆژهەڵاتی ناڤیندا، ئێمە بەردەوام لەگەڵ دوو دیاردەی کارەساتباری سیاسی بەرەورووین: لەلایەکەوە مەترسیی بەردەوامی لەگرێژنەبردنی ناڕەزایەتیبە سیاسی و مەدەنییەکان و سەرکوت یاخود ڕادیکاڵیزەبوونی خوێناوی و کاولکارانە (بڕوانە چۆن بەهاری عەرەبی بوو بە خەزانی مرۆڤایەتی)، لەلایەکی تریشەوە ئەوەی کە دێمۆکراتیکترین بزووتنەوەکانی ئەم دەڤەرەش بە ئاسانی ڕەهەندێکی سێکتاریستی و تاقمگەرایانە بەخۆیانەوە دەگرن و، لە پرۆسەی بڕیاری سیاسی و جێبەجێکاریدا، لە زۆرینەی جەماوەر نامۆ دەبن. لە بەرامبەر ئەو دوو مەترسییەدا، واتە ریسکی سەرکوت یان ڕادیکاڵیزەبوون و ئەگەری نامۆبوون لە بنەما دێمۆکراتیکەکان، ڕێکاری ناتوندوتیژانەی خەبات دەتوانێ ئەو ئەڵتەرناتیڤە بەبرشتە بێت کە بە کەمترین تێچوون و ئەگەری تیاچوونەوە، بەشداریدەرانەترین بوار بۆ جووڵەی جەماوەری و گۆڕانکاریی دێمۆکراتیک برەخسێنێ.

خەباتی ناتوندوتیژانە لە ڕوانگەی جێندەرییشەوە شیاوی تێڕامانە: ڕەنگە سروشتی توندوتیژانەی خەباتی سیاسی یەکێک لەو هۆکارە گرینگانە بێت کە وای کردووە زۆربەی جووڵانەوە سیاسییەکانی ئەم دەڤەرەی ئێمە، بیچمێکی پیاوانە و پیاوسەنتەرانەی دوور لە گیانی یەکسانیخوازییان هەبێت. سروشتی خەباتی ناتوندوتیژانە بەشێوەیەکە کە دەتوانێ بەربەستە جێندەرییەکانی بەرخۆدانی جەماوەری بشکێنێت و بواری یەکسان بۆ بەشداری و کاریگەریدانانی هەموو مرۆڤەکان، بێ گوێدانە زایەندیان، برەخسێنێ.

پەندێکی دێرین هەیە دەڵێ: "دوژمنەکەت بە چ چەکێک شەڕی لەگەڵ کردی تۆش بەو چەکە بەگژیدا بچۆرەوە". لەڕاستیدا فەلسەفەی خەباتی ناتوندوتیژانە هەڵگێڕانەوەیەکی پراگماتیستانەی ئەو پەندەشە: بەو چەکە بەگژ دوژمنەکەتدا مەچۆ کە ئەو بۆ خۆی هەیەتی! ئاخر، جین شارپ، بیریاری مەزنی بواری خەباتی ناتوندوتیژانە گوتەنی: "ئەگەر تۆ بە زەبری توندوتیژی بەگژ زاڵمێکی زۆرداردا بچیتەوە، تۆ بە چەکێک شەڕ لەگەڵ دەکەی کە ئەو بۆخۆی باشترینەکەیانی لەلایە. ئەمەی تۆ دەیکەی رەنگە ئازایەتی بێت، بەڵام دواجار دەبیتە قارەمانێکی مردوو".

قارەمانەکانی خەباتی ناتوندوتیژانە شانسێکی زۆرتریان بۆ مانەوە و نەمرییەکی خۆشناوانە هەیە، لەچاو قارەمانانی شەڕ و کوشتاردا. ڤیلیام پێن، لیۆ تۆلستۆی، ماهەتما گاندی و مارتین لوتێرکینگ، نەک هەر بوونەتە ئایدۆڵ و قارەمانی مێژوویی، بەڵکو کەم جەنگاوەر و ژێنێراڵی شەڕەکانی مێژوو دەگەن بە تۆزی پێی ئەوان. ناوی ئەو قارەمانانەی خەباتی ناتوندوتیژی، هێزێکی مۆراڵی مەزن بە نەوەکانی ئەمڕۆ و داهاتووی ئادەمیزاد دەبەخشن و هانیان دەدەن بۆ بەربەرەکانیی نەپساوە و خۆڕاگرانەی بێ توندوتیژی. قارەمانەکانی شەڕ لە باشترین حاڵەتدا بیرەوەرییەکن پێوەست بە رابردوو، ئەوە لە کاتێکدا قارەمانەکانی ناتوندوتیژی ئەو ئادرێسانەن کە بۆ نەخشەڕێژکردنی ئایندەیەکی تێکەڵ بە ئاشتی بۆ دنیا، دەبێ بەردەوام بگەڕێینەوە بۆ لایان.

لە هەرحاڵدا، کولتووری ناتوندوتیژی بەبێ مەعریفەی پێوەندیدار بە خەباتی ناتوندوتیژانە ناپشکوێ و بەرناگرێ. بەتێگەیشتنی من، ناتوندوتیژی لەگەڵ لاشەڕی (پاسیفیسم) دوو شتی لێکجیاوازن. ناتوندوتیژی نە دەستبەردانەوەیە، نە ملکەچی بۆ ئیرادەی بەهێزترەکان. ناتوندوتیژی، گاندی گوتەنی هێزی لەبڕاننەهاتووی ئاڵوگۆڕە دێمۆکراتیکەکانە. ناتوندوتیژی شێوازێکی بەبرشتیشە لە پێناوی هەڵگێڕانەوەی رق و قین و نەفرەتی پەنگخواردووی جەماوەری بۆ وزە و هێزێکی کاریگەری پۆزەتیڤ، لە پێناوی گۆڕانکاریی بنیاتنەر لە پانتایی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی سیاسیدا.



هۆگر ئیبراهیم حەکیم

# شیزۆفرینیای دیموکراسی

ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنە سیاسی و کولتووریانەی کۆمەڵگاکان پێیدا تێدەپەڕن لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا، بەشدار دەبن لە پێکهێنانی ناسنامەی کۆمەڵگا. هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی دەیانەوێت نوێ ببنەوە، بەتایبەت کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان، پێویستە ئەو نوێبوونەوەیە لەسەر شێوازی تایبەتی خۆیان بکەن، نەوەک لاسایی کۆمەڵگە رۆژئاواییەکان بکەنەوە، بەوپێیەی سروشتی ئەو کۆمەڵگایانە جیاوازە و ناسنامەی جیاوازیان هەیە.

هەموو ئەو سەرکردانەی دەیانەوێت دووبارە کۆمەڵگەکانی خۆیان لەسەر بەهای تازە دابڕێژنەوە و لە هەمان کاتدا دەستبەرداری بەها کۆنەکان نەبن، تووشی شکست دێن. ساموێل هانتگتن دەڵێ ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە ڤایرۆسی رۆژئاواییبوون دەچێتە لەشیان کە بە ئاسانی لە لەشیان دەرناچێت، ڤایرۆسەکە دەمێنێتەوە، بەڵام نایکوژێ، نەخۆشەکە لە ژیاندا دەمێنێتەوە، بەڵام هەمیشە بە نەخۆشی دەمێنێتەوە. ئەم جۆرە ڤایرۆسە دەوڵەتی لێکهەڵوەشاوە دروست دەکات لەبری ئەوەی کۆمەڵگەیەک لەسەر شێوازی رۆژئاوایی دروست بکات، بۆیە ئەو سەرکردانە وڵاتی خۆیان تووشی شیزۆفرینیای کولتووری دەکەن.

دیموکراسی بەرلەوەی هەر شتێک بێت، کولتوورە، بەو مانایەی هەڵگری ئەو بەهایانەیە کە دەسەڵاتدار لە هەر پێگە و هەر قۆناغێکدا بێت ناتوانێ لێی لابدات. دەتوانین بڵێین دیموکراسی لە ئاستێکی باڵادا پەیوەستە بە ناسنامەی دەوڵەت و کۆمەڵگەوە، ئەگەر لە رەگەز و پێکهێنەرە سەرەکییەکانی هەر کۆمەڵگەیەکدا دیموکراسی بەهایەکی باڵا نەبوو، ئەوا هیچ هێزێک و هیچ سەرکردەیەک ناتوانێ دیموکراسی لەو کۆمەڵگەیەدا بچەسپێنێ، لەبەرامبەردا کارێک دەکات کە خودی ناسنامەکە و دیموکراسیش بخاتە قەیرانەوە، بەشێوەیەک کە دەتوانین بڵێین خۆی و کۆمەڵگەکەی تووشی نەخۆشیی شیزۆفرینیای دیموکراسی دەکات. بۆیە رەگە سەرەکییەکانی ئەو نەخۆشیە لەپرسی ناسنامەوە سەرچاوە دەگرێت.

## عێراق.. وڵاتێکی بێ ناسنامەی دیموکراسی

قەیرانی ناسنامە ترسناکترین کێشەیە کە هەموو دەوڵەت و کۆمەڵگەکان هەوڵ دەدەن چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، ئەو قەیرانە رەهەندی مێژوویی و کولتووریی هەیە کە پێویستە لە رەگەوە چارە بکرێت. ئەگەر دەوڵەت تووشی ئەو قەیرانە بوو، ئەوا ناتوانێ ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات و شەرعیەتی خۆی لە کۆمەڵگەدا لەدەست دەدات. قەیرانی ناسنامە لە عێراقدا گەیشتووەتە ئاستێک کە نزیک بێتەوە لەوەی وەک وڵاتێکی بێ ناسنامە دەربکەوێت. ئەم قەیرانە بەشەو و رۆژێک دروست نەبووە، بەڵام دەرئەنجامی کەڵەکەبوونی هەموو ئەو کێشانەیە کە لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا روویانداوە و بوونەتە هۆی لەدەستدانی ناسنامە کولتووری و سیاسییەکەی. هەڵە ناکەین گەر بڵێین عێراق هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە تا 2003 دیموکراسی بەشێک نەبووە لە بەها سەرەکییەکانی ناسنامەکەی، هەمیشە شێوازی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە پێچەوانەی بەها دیموکراسییەکان بووە. ئەم پێشینە مێژووییە بووە هۆی ئەوەی لە ناسنامەی کولتووری و سیاسیی عێراقدا شتێک نەبێت ناوی دیموکراسی بێت، شۆڕش و راپەڕینەکانیش کاتێک هەڵگری ناوی دیموکراسی دەبن، باشترین بەڵگەن بۆ ئەو واقیعە مێژووییە. دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق، کاتێک ئەمریکییەکان ویستیان لەڕێگەی هێزی سەربازییەوە پرەنسیپە دیموکراسییەکان لەپایەکانی حوکمڕانیی عێراقدا بچەسپێنن، عێراقیان تووشی شۆکێکی کولتووری کرد. دواجار ئەمریکییەکان لەو هەڵەیە تێگەیشتن کە دیموکراسی گەر زادەی عەقڵیەتی خودی کۆمەڵگەکە نەبێت، لەبری ئەوەی کێشەکانی چارەسەر بکات، قەیرانەکانی قووڵتر دەکاتەوە.

دوای چواردە ساڵ لێکەوتەکانی ئەو شۆکە کولتوورییە بەروونی دەردەکەون، بەجۆرێک کە دەگوترێت عێراق ئارەزووی گەڕانەوەی بۆ حوکمی تاکڕەوی زیاترە لە حوکمی دیموکراسی. ئەو دیموکراسیەی ئێستا لە عێراق هەیە، لەسەر لاپەڕی کاغەز و بەیاننامە سیاسییەکاندا قەتیس ماوە، لەسەر ئەرزی واقیع تەواو پێچەوانەی دیموکراسی حاکمە. هۆکاری سەرەکی ئەو قەیرانەی دیموکراس تێیکەوتووە، بۆ ئەو شیزۆفرینیایە دەگەڕێتەوە کە کارەکتەرە سیاسییەکانی عێراق تووشی بوونە. هەموو ئەوانەی ئێستا بانگەشەی دیموکراسی دەکەن، خاوەنی عەقڵیەتێکن کە هەڵگری بەهای دیموکراسی نییە، بۆیە دەبینین ئەو بەیاننامانەی هەمیشە تەئکید لە پتەوکردنی دیموکراسی دەکەنەوە، یەک ئامانجیان هەیە، ئەویش ئەوەیە بڵێن: "ئێمەی دیموکراسی باشترین بۆ حوکمڕانی لە ئێوەی نادیموکراسی"، کەواتە پاڵنەری سەرەکی هەموو بەیاننامەکان ئەو رق و کینەیەیە کە لە کولتوورێکی نادیموکراسییەوە سەرچاوەی گرتووە.

بۆ نموونە یەکێک لە بەهانەکانی کۆنەبوونەوەی حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە سەرکردایەتی کورد شەرعیەتی دیموکراسی لەدەستداوە و لە گەندەڵیدا تێوەگلاون، لەکاتێکدا گەر بڕوانینە دۆخی دیموکراسی لەکۆی پارێزگاکانی تری عێراق، دەردەکەوێت کە هەڵسەنگاندنەکە پێچەوانەیە.

تەنانەت ئەو سەرکردانەی گلەیی لە نادیموکراسیبوونی هەرێم دەکەن، لەناو پارتەکانی خۆشیاندا دیموکراسی لەقەیرانێکی قووڵدایە. کەواتە بانگەشە ساختەکان بۆ دیموکراتیزەکردنی عێراق زادەی ئەو شیزۆفرینیا دیموکراسیەیە کە سەرکردە عێراقییەکان تووشی هاتوون، بەشێوەیەک کە لە عەقڵیەتی خۆیاندا دیموکراسی جێگەی نابێتەوە و لەهەمان کاتدا داوای بەدیموکراسیکردنی کۆمەڵگەی عێراقی دەکەن. گوتارە هەفتانەییەکانی عەبادی و بڕیارە سیاسییەکانی باشترین بەڵگەن بۆ ئەو نەخۆشیە.

## شیزۆفرینیای سیاسی هەرێمی کوردستان

سەرەڕای ئەوەی هەرێمی کوردستان مێژوویەکی درێژی نییە، لەهەمان کاتدا رەگەزە پێکهێنەرەکانی ناسنامەی سیاسی هێشتا یەکلایی نەبووەتەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوەی نییە کە نەتوانرێ دۆخی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان هەڵبسەنگێنرێ. رێکارە دیموکراسییەکان هەر لەسەرەتای دروستبوونی هەرێمەوە کاری پێکراوە بەتایبەتی لە چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەت، بەڵام ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی بڵێین دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان بووەتە بەشێک لە کولتووری سیاسی؟ ئەگەر سەرنج بدەینە شێوازی کارکردنی پارتە سیاسییەکان و پەیوەندیی نێوان ئۆرگانەکانی سیستەمی سیاسی، تێدەگەین کە هێشتا دیموکراسی نەبووەتە بەشێک لە ناسنامەی سیاسی و کولتووریی هەرێم. دوای دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن هیوایەک دروست بوو بەوەی بەها دیموکراسییەکان بێنە نێو کایەی کولتووری لەکۆمەڵگەی کوردستانیدا، بەڵام مامەڵەی نادیموکراسیانەی ئەو هێزانە لە رێکخستنە نێوخۆییەکانیان و دیدگایان بۆ هێزە نیشتمانییەکانی دیکە و دابەشکردنی کۆمەڵگە بۆ بەرەی خێر و شەڕ، پاشەکشەیەکی تەواوی بە پرسی دیموکراسی کرد لەسەر ئاستی بەکولتوورکردنی ئەو پرسە.

هەموو ئەو هێزانەی ئێستا بەدەنگی بەرز داوای دیموکراسی دەکەن لە هەرێمی کوردستان، بەجۆرێک لەجۆرەکان خۆیان هۆکارێک بوونە بۆ پاشەکشەی بەها دیموکراسییەکان لەکایەی حوکمڕانیدا. تەنانەت پرسیار و هەڵوەستەی جدیشیان لەسەر پرسی ئۆپۆزسیۆنبوون دروست کردووە، ململانێی نادیموکراسیانەی نێوان هێزە دژە دەسەڵاتەکان، بناغەیەکی باشی بۆ کاری ئۆپۆزیسیۆنی دروست نەکردووە. لەگەڵ هەموو ئەم کەموکورتیانەش، هێشتا بانگەشەکردن بۆ دیموکراسی خاڵی هاوبەشی هەموو هێزە کوردستانیەکانە، بۆیە لێرەدا پرسیار دەکرێ: باشە ئەگەر هەموویان داوای دیموکراسی بکەن، ئەی کێیە ئەوەی دیموکراسی پێشێل کردووە؟ هۆکاری ئەو ناڕوونیە لەدیموکراتیزەکردنی هەرێمی کوردستان بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی کولتوورێکی دیموکراسی، لەم دۆخەشدا هەر هێزێک بازاڕی خۆی لەسەر بانگەشەی دیموکراسی گەرم بکا، جگە لە تووشبوون بە شیزۆفرینیای دیموکراسی هیچ مانایەکی دیکە نادات. ئەو شیزۆفرینیا دیموکراسیەی هەرێم لەدوو ئاستدا بەدیدەکرێت:

1- لەسەر ئاستی هێزەکانی دەسەڵات، ئەو هێزانەی لەسەر ئاستی عێراق هەمیشە رۆڵی زوڵملێکراو دەگێڕن و داوا دەکەن دیموکراسی بکرێتە کولتوور بۆ ئەوەی کێشە و ململانێکانی نێوان هەرێم و ناوەند کۆتایی بێت. بەڵام ئەگەر نیوەی ئەو داواکاریانەی لەحکومەتی ناوەندی دەکەن، لەناوخۆی هەرێم جێبەجێی بکەن، بەشێکی زۆری قەیرانە سیاسیە نێوخۆییەکان چارەسەر دەکەن. بۆیە گۆڕانکاری لەئاستی بڕوابوون بەدیموکراسی بەپێی گۆڕانکاری لەپێگە و هێز، نیشانەیەکە بۆ شیزۆفرینیایدیموکراسی.

2- لەسەر ئاستی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان، ئەوانەی لە کوردستان بانگەشەی ئۆپۆزسیۆنبوون دەکەن، هەمیشە گلەیی لە نەبوونی دیموکراسی دەکەن لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام لەپاڵ ئەوەدا پەنا بۆ هێزێک دەبەن کە لە هەرێمی کوردستان نادیموکراسیترە، هەروەها لەسەر ئاستی نێوخۆیشیاندا دیموکراسی بەتەواوی غائیبە. کەواتە نیشانەکانی شیزۆفرینیای دیموکراسی لە ئۆپۆزسیۆنی کوردیدا روونتر دەردەکەوێت.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

# RÛDAW

Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## دالیدا خەلیل زۆر درۆزنە

« 10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
مەحموود یاسین کوردی mhamwd.yaseen@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات — نووسینگەی سلێ... ...رامبەر پارکی ئازادی 07501130997 — ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی — Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 — rudaw@rudaw.net




